# موجاهیدینی خەڵق لە عێراق

گرێکوێرەی سیاسەت

# موجاهیدینی خەڵق لە عێراق

## گرێکوێرەی سیاسەت

لە نووسینی:
جێرمیا گۆلکا، لیدیا هەنسڵ،
ئیلیزابێس وێڵک، جودیس لارسن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
لەیلا حەمید

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

موجاهیدینی خەڵق لە عێراق
نووسینی: "جێرمیا گۆلکا، لیدیا هەنسڵ،
ئیلیزابێس وێڵک، جودیس لارسن"
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٠٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٠٤ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

## بەشی یەکەم

# موجاهیدینی خەڵق: گرێکوێرەی سیاسەتی ئەمەریکا

لە ماوەی ئەو شەش ساڵەی هێزەکانی هاوپەیمان عێراقیان داگیر کردووە و بەتایبەتیش لەوەتەی ڕیسواییەکەی ئەبوغرێبەوە، کردەوەگەلی گرتن بوونەتە چەقە خاڵێکی بەردەوام بەرجەستە و ناکۆک لەناو چالاکیی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا. ژمارەی گرتییەکانی ژێردەستی ئەمەریکاییەکان لە پاییزی ٢٠٠٧ دەگەیشتە نزیکەی ٢٦٠٠٠ کەس کەچی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی ١٥٠٠٠ کەس دابەزی. بێجگە لەم گرتییانە، هێزەکانی هاوپەیمان نزیکەی ٣٥٠٠ ئەندامی موجاهیدینی خەڵقیان (مێک) لەسەر شێوازی نشینگەی دیاریکراو assigned residence[1] دەستبەسەر کردوون. مێک تاقمێکی پێکهاتوو لە بەرهەڵستکارانی ئێرانییە کە ماوەی پتر لە چوار دەیەیە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران تێ دەکۆشن و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ١٩٩٧ بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی[٢] وەسفی کردبوون. ئاخۆ چۆن سوپای ئەمەریکایی توانی خۆی تەناهی و پاراستنی ئەندامانی گرووپێک بگرێتە ئەستۆ کە حکوومەتەکەی خۆی بە تیرۆریست ناوی بردبوون؟ ئاخۆ ئەم بڕیارە چ ئاڵۆزیگەلێکی بەدواوە بووە؟ ئێستە کە پاش پەسندکردنی ڕێککەوتنی پێگەی هێزەکان لە نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکاندا[٣]، هێزەکانی هاوپەیمان پاراستنی مێکی سپاردووەتە حکوومەتی عێراق، ئاخۆ بارودۆخەکە بە چ شێوازێک چارەسەر دەکرێ؟ ئاخۆ چۆن پێشگری دەکرێ لە سەرهەڵدانی بارودۆخی هاوشێوە لە داهاتوودا؟ موجاهیدینی خەڵق کێن؟

مێک لە ١٩٦٥ لەلایەن کۆمەڵێک لە قوتابییانی زانکۆی تارانەوە هاتە

دامەزراندن کە بیرۆکە رادیکاڵییەکانیان لە شۆڕشی چەکداری لە دژی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی چڕ کردبووەوە و پێیان وابوو شا دەسکەلای ئەمەریکا و سەرچاوەی گەشەی کاریگەرییەکانی ڕۆئاواییە لە ناو ئێراندا(٤). باوەشکردنەوەیان هەم بۆ فەلسەفەی مارکسی و هەم بەهایەکانی ئیسلامی بووە کرۆکی بروایان بە خەباتی شۆڕشگێرانەی دەربڕاو لە کردەوەی توندوتیژ، باوەڕێک کە لەو ناوەی هەڵیان بژاردووە ڕەنگی داوەتەوە: موجاهیدینی خەڵق واتە "شەڕوانانی پیرۆزی خەڵک"(٥).

لە ١٩٧١ پۆلیسی نهێنیی شا کە دزەیان کردبووە ناو ڕێکخراوەکە، یەکەم هێرشی تیرۆریستیی نەخشە بۆ کێشراوەی مێکیان، کە تۆڕەکانی وزەی کارەبای لە تاران کردبووە ئامانج، پووچەڵ کردەوە. زۆر لە ئەندامانی مێک هاتنە کوشتن و سێ دامەزرێنەکەی لەدار دران. سەرەڕای ئەم هەوڵە دۆڕاوە و ئەو سەرکوتکارییە گشتییەی کە بە دوایدا هات، لە ماوەی ١٩٧٠کاندا مێک زنجیرە هێرشێکی کردە سەر حکوومەتی ئێران و کەسانی ڕۆئاوایی، لەوانەش تیرۆرکردنی سێ لە ئەفسەرانی سوپای ولاتە یەکگرتووەکان و سێ هاوولاتیی بەڵێندەری ئەم ولاتە لە تاران.

کۆمەڵەکە لە ١٩٧٩، لەلایەن مەسعوود ڕەجەوییەوە، سەرکردەی نوێی مێک، هاتە ڕیزی ئایەتوڵا ڕوحوڵا موسەوی خومەینییەوە. بەڵام پاش ڕووخانی شا خومەینی ئۆپۆزیسیۆنی سەرکوت کرد و ڕێگەی نەدا ڕەجەوی و زۆر لە ئەندامانی مێک لە حکوومەتی نوێی ئێراندا پۆست وەربگرن. ڕەجەویش پشتیوانیی خۆی لە دژی حزبی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خومەینییەوە، بۆ یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران، ئەبولحەسەن بەنی سەدر گۆڕی. پاش ئەوەی خومەینی لە ١٩٨١ بەنی سەدری لە دەسەلات لادا، مێک هێرشگەلی خوێناویی کردە سەر ئەندامانی حزبی کۆماری ئیسلامی، گەورەترینیان تەقاندنەوەی بارەگەی گشتیی حزبەکە بوو لە تاران کە پتر لە ٧٠ ئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکەی بەکوشت دا. لە سایەی چەوساندنەوەی بێ بەزەییانەی مێک لەلایەن حزبی کۆماری ئیسلامییەوە، ڕەجەوی و بەنی سەدر

ڕایان کردە فرەنسا و لەوێ ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانیان دامەزراند کە ڕێکخراوێکی پشتیوانیی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ئێران لە دژی خومەینی بوو. هەندێک لە ئەندامانی ئاساییی مێکیش یان بەرەو ئەورووپا بەشوێن سەرکردەکانیان کەوتن یانیش بۆ کوردستانی عێراق گواستیانەوە. ئەوانی تر ئاودیوی سنووری عێراق بوون و لەوێدا زنجیرە کۆمیۆنیان پێک هێنا. ئەوانەیش کە لە ئێران مانەوە تۆڕێکی نهێنییان دامەزراند کە بەردەوام بوو لە پلاندانان و هێرشبردن لە پێناو شێواندنی ڕێژیمی خومەینی.

پاش ئەوەی سەدام حوسێن لە ١٩٨٠دا هێرشی کردە سەر ئێران، دەستی کرد بە خەرجیدان بە مێک بۆ فرەوانکردنی مەودای هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەورووپا و هەروەها بۆ دەستکەوتنی هەر زانیارییەکی کۆکراوەی مێکیش لەبارەی ئێرانەوە. لە ١٩٨٦ سەرکردایەتیی مێک بانگهێشتنی سەدامیان بۆ گواستنەوە بۆ عێراق و هاتنە ڕیزی سوپای عێراق و شەڕکردن لە دژی ئێران قبووڵ کرد. سەدام پارێزگاری و تێچوون و چەک و ئۆتۆمۆبێل و تانک و ڕاهێنانی سەربازیی بۆ مێک دابین کرد و ڕێگەی پێ دان زەوی بەکار بێنن (نەک ببنە خاوەنی).

بەم سەرچاوانەوە مێک ژمارەیەک کەمپی لە عێراق بنیات نا و هانی ئەندامانی خۆی دا کە لە ئێران و شوێنی ترەوە بۆ ئەوێ بگوازنەوە. نێزیکەی ٧٠٠٠ ئەندام، واتە نێزیکەی ٨٠ لە سەتی جەماوەری تاراوگەی مێک چوونە ناو ئەم کەمپانەوە. ڕەجەویش ئەمانەی کردە سەربازی سوپا نوێیەکەی، سوپای ڕزگارکەری نەتەوەیی. لە بریی پشتیوانییەکەی، مێکیش زانیاریی لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و هەروەها خزمەتگوزارییەکانی لێپرسینەوە و وەرگێڕان و یارمەتیی سەربازیی ڕاستەوخۆی پێشکێش بە سەدام دەکرد. مێک هێرشێکی بێ ژماریان کردە سەر سنوورەکانی ئێران و هەندێک جار بە یارمەتیی سوپای عێراق ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای ئێران و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دەبوونەوە. پتر لە چارەکێکی

ئەندامانی مێک لە عێراق لەم هێرشە ناکامانەدا هاتنە کوشتن.

تا پاش شەڕی ئێران و عێراقیش لە ١٩٨٨ مێک بەردەوام لە خزمەت سەدامدا بوو. بە گشتی وا زانراوە کە مێک لە کپکردنەوەی ڕاپەڕینەکانی شیعە و کوردی عێراق لە پاش شەڕی کەنداوی ١٩٩١ یارمەتیی سەدامیان داوە. مێک هەروەها چەندان ساڵ کردەوەی تەناهییان لە هەرێمەکانی دەورووپشتی کەمپەکانی خۆیان ئەنجام داوە.

بەر لەوەی مێک دوور بخرێنەوە، جەماوەریترین کۆمەڵی بەرهەڵستکاری ئێران بوون. زۆربەی ئەم جەماوەرکێشییەی خۆیان بەهۆی ئامادەبوونیان بۆ شەڕکردن لە پاڵ سەدامی هەڵاسێنی شەڕی وێرانکەری ئێران و عێراق و هەروەها بە کوشتدانی سەربازانی بەزۆر نێردراوی ئێرانەوە لە دەست دا. هەروەها بەشێکی زۆری جەماوەریبوونی خۆیان بەو هۆیەوە لە دەست دا کە مەسعوود ڕەجەوی مێکی لە کۆمەڵێکی بەرهەڵستکاری چالاکەوە بۆ تاقمێکی ئاینییەوە وەرگێڕا. ڕەجەوی لە ١٩٨٥ شتێکی دامەزراند کە خۆی بە "شۆڕشی ئایدیۆلۆجی" ناوی دەبرد و بە تێپەڕینی کات زۆر لە ئاکارە نموونەییەکانی تاقمێک بەسەر مێکدا زاڵ بوون هەروەک دەسەڵاتی ڕەها، زەوتکردنی سەرمایە و کۆنترۆڵی سێکس (بە لەخۆگرتنی تەڵاقی زۆرەکی و ڕەبەنی)، دابڕانی هەستی، کاری زۆرەکی و بێبەشکردن لە خەو، ئازاردانی جەستەیی و هەلی کەم بۆ دەرچوون.

## مێک لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا

پلاندارێژانی شەڕی ئازادکردنی عێراق مێکیان وەک گرووپێکی سەربازیی دوژمن دەبینی بەڕادەیەکی زۆریش لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێکخراوەکەی بە لقێکی نارەسمیی سوپای سەدام دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا پلاندارێژان هیچ ڕێنوێنییەکیان نەدایە فەرماندەکانی مەیدانی شەڕ لەبارەی ئەوەی ئاخۆ پاش شەڕ لەگەڵ مێک چ ڕێوشوێنێک بگرنە بەر. پاش شەڕە کورتخایەنەکە (کە مێک نکووڵی دەکات هەر ڕوویشی دابێت) ئەفسەرانی

هێزەکانی تایبەت لە نیسانی ٢٠٠٣ لەگەڵ مێک ڕێککەوتنێکی ئاگربەستیان ئیمزا کرد. ئەم ئەفسەرانەش کە هیچ زانیارییەکیان لەبارەی کردەوەکانی تاقمی مێک و تاوانەکانی پێشووویانەوە نەبوو، بە گوتە درۆینەکانی سەرکردایەتیی مێک (کە بە زمانێکی پاراوی ئینگلیزییەوە دەربڕابوون) هاتبوونە باوەڕ کە مێک داوای کردبوو لە پێناو هاوپەیماناندا شەڕ بکەن و ئەفسەرانیش ڕێگەیان پێ دان چەکەکانیان هەڵبگرنەوە. ئاژانسەکانی واشنتۆن بڕیاریان دا بەچەککردن و خۆبەدەستەوەدانی مێک بەڵام هێزەکانی هاوپەیمان کە لە ئایاری ٢٠٠٣دا لەگەڵ گرووپەکە وتووێژیان کردبوو، دووبارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە سارد کرابوونەوە. ڕێککەوتنە نوێیەکە چەکی بە مێک دانا و ئەندامانی مێکی لە گەورەترین کەمپی گرووپەکە، کەمپی ئەشرەف، بە دووریی نێزیکەی ٤٠ میل لە باکوری بەغداوە، کۆ کردەوە(٦). لەگەڵ ئەوەشدا، هێزەکانی هاوپەیمان ئاگربەستیان قبووڵ کرد نەک خۆبەدەستەوەدانی مێک.

هێزەکانی هاوپەیمان لەو بینایانەی مێک بە دووریی ٥٠٠ یارد لە کەمپی ئەشرەفەوە دروستیان کردبوون، بنکەیەکی سەرەتاییان بۆ کردەوەی ڕاستەوخۆ دامەزراند بۆ نیشتەجێکردنی ستافی چاودێریی مێک و هەروەها ئەو سەربازانەی کە تەناهیی ناوچەکەیان دەپاراست(٧). زۆر لە ئەندامانی مێک بۆ بەجێهێشتنی گرووپەکە یارمەتییان لە هێزەکانی هاوپەیمان خواست و هێزەکانیش بینایەی گرتیگە و پارێزگەیەکی کاتەکییان لە تەنیشت بنکەکەی خۆیانەوە بۆ نیشتەجێکردنی ئەوان ئاوا کرد(٨).

لەبەرئەوەی یاسای مرۆوایەتیی نێودەوڵەتیی تایبەت بە گرتن دەگۆڕێت بەگوێرەی پۆلێنی یاسایی گرتییەکان – هەروەک شەڕکەر و سیڤیل (یان شەڕکەری نایاسایی یان ناشەرعی، ئەمەش بەپێی هەڵاودێردە دژیەکەکانی ئیدارەی جۆرج دەبلیوو بووش)، یەکەم ئەرکی هێزەکانی هاوپەیمان پۆلێنکردنی مێک بوو. بەگوێرەی مەرجەکانی سێیەم ڕێککەوتننامەی جنێڤ و یاسای سەربازیی ئەمریکایی، هێزەکانی هاوپەیمان بەشێوەیەکی کاتەکی

تاوەکــو پلەی هــەر ئەندامــێکی مــێک لە لایەن دادگــەیەکی بە تواناوە دیاری دەکرا، وەک گرتییــەکانی دوژمن لە شــەڕدا هــەژماریان دەکردن. کــەچی هیچ بڕیارێکی دادگەیی دەرنەچوو. لە جیــاتی ئەمــە لە تەمــووزی ٢٠٠٤دا، دۆناڵد رامــســفــێــڵــدی وەزیری بەرگــریی وڵاتە یەکگرتــووەکــان مــێکی بە پێی ڕێککەوتننامــەی چوارەمی جنێڤ بەخــەڵکانی پارێزراو (بۆ نموونە ســڤــیل) ناوبرد. پاش ئەم ناونانە ناکۆکە، هێزەکانی هاوپەیمان پارێزگارییان لە کەمپی ئەشــرەف کــرد تا ئەو کــاتەی حکوومــەتی عــێــراق، بەپێی ڕێککەوتنی باری هێزەکان کە لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩وە کاری پێ کرا، دەســەڵاتی پێ درا.

## باری ئاڵۆزیی کەمپی ئەشرەف

ئەم بڕیارە ناکــۆکییــەکی بەرچاوی لێ کەوتەوە و زۆر لە چاودێران گــومــانیــان لەوە هــەبووە بۆچی ئەندامــانی گــرووپێکی تیــرۆریســتی کــە ســوپای وڵاتە یەکگرتووەکــان ســەرەتا بە گــرووپێکی دوژمن پێناســەی کــردبوون، دواتر بەکەسانێکی پارێزراو ناو دەبا کە پاراستنیان ئەرکی هێزەکانی هاوپەیمانە. بۆ چارەســەری ئەم بارە ئاڵۆز و بە ڕواڵەت دژیەکــە لە ٢٠٠٧دا مــەیجــەر جەنەراڵ دۆگلاس ئێم ستۆن، لە سوپای زەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان کە ئەو کات فەرماندەی هێزی جێبەجێکاری ١٣٤ (ی تایبەت بە پرۆسەکانی گرتن و ناسراو بە TF-134) و جێگری فەرماندەی هێزە فرە نەتەوەکان لە عێراق (MNF-I) بوو، داوای کرد لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێ لەو بارودۆخەی بووەتە هۆی ئەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەف لە ژێر چاودێریی MNF-Iدا بمێنێتەوە. پێشنیازیشی کرد لێکۆڵینەوەکە گرینگی بەم بابەتانەی خوارەوە بدات:

ئەرکی ڕاســپێردراو بە TF-134 بۆ گــرتن و پاراســتنی مــێک، ســەرچاوە دەگمەنە ئابووری و مرۆییەکانی بەردەستی ئەوی بۆ پاڵپشتی لە کردەوەگەلی گــرتن لە عــێــراق داهێــزراندبوو و زیانی گــیــانیی بە هێــزەکــانی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیاندبوو. ئاخۆ دەکرا گرتنی ئەم گرووپە بە شێوەیەک ئەنجام

بدرایە کـە بەم نرخــە تـەواو نەبووایـە و لە ڕوانگەی وڵاتە یەکگرتـووەکـانەوە بەرەنجامی زۆر پەسندتری هەبووایە؟

حکوومـەتی عێراق دەیەوێ لە داهاتوویێکی نێزیک مێک لە عێراقدا نەمێنن. بەرچاوکـردنی ئاسـتـەنگەکـانی گواسـتنەوەی ئەو تاکـانە کـە ڕەنگە لە وڵاتی خۆیاندا لەدادگە بدرێن، ئاخۆ ئەمە چۆن بەباشترین شێوە دێتە دی؟

هەرچەندە کـێشـەی مێک بێ وێنە دەنوێنێ، بەڵام ئاخـۆ دەکرێ حاڵەتێکی لێکچوو لە کردەوەگەلی دژەسـەرکێشی سـەر هـەڵبدات؟ ئەگەر وا بێت، ئاخۆ چۆن پێشگری لەو ئاڵۆزییانە دەکرێ کە لە حاڵەتی مێک ڕوویان داوە؟

## بەشی دووەم

# مێک لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا

دابڕێژانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کە لە بوونی مێک لە عێراقدا ئاگەدار بوون، دەبوو بشزانن ئاخۆ گرووپەکە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمان هەبوو یان نا. پاش مشتومڕی نێوان کاربەدەستانی سەربازی و مەدەنی لەسەر پێگەکەی، مێک بەدوژمن لە قەڵەم درا. ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕابردووی مێک بۆ کارکردن لەگەڵ سوپای عێراق سەرچاوەی دەگرت بە ڕەچاوکردنی بەشداریی ڕێ تێچووی لە سەرکوتکردنی ڕاپەرینەکانی ساڵی ١٩٩١ی کورد و شیعە و هەروەتر زۆر هێرشی توندوتیژی ئەم ساڵانەی دوایی لە دژی ئێرانییەکان.

جگە لەوەش مێک بەبۆنەی پێوەندیی لەگەڵ سەدام جبەخانەیەکی گەورەی هەبوو. لە نێزیک کەمپەکانی مێک دەیان کۆگەی مێک و سوپای عێراقی هەن. ئەم کۆگەیانە تەژی چەکی وەک تۆپخانە و تانک و باڵەفڕ و مووشەکهاوێژ و چەکی سەربازیی پیادە و تۆپ و ڕۆکێت و مین و گوللە بوون. بێ ڕەچاوکردنی ئامانجگەلی سەربازیی مێک لە دژی هێزەکانی هاوپەیمان، دەبوو ئەم هێزانە ئەم چەک و تەقەمەنییانە بپارێزن. هەروەتر تاقمی مێک گرووپێکی ناجێگیر بوو و دەکرا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵگە شیعە و کوردەکانیش نیگەرانیی ئەمنی بخوڵقێنێ.

لە کۆتاییدا لە کاتی دانوستاندنەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣دا، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕازی بوو بە بۆردمانکردنی بنکەکانی مێک لە بەرامبەر پشتیوانیی ئێران لە هەوڵەکانی

بنیـــاتنانـەوە و هـاوکـــاریکردنی بۆ ڕزگـــارکـــردنی ئـەو بـاڵەفـــڕوانانـەی بەردرابوونەوە.

## ئاگربەستی مێک نەک خۆبەدەستەوەدانی

مـێک یەک بەبـاری خـۆی سـوور بـوو لەوەی لە شـوباتـی ٢٠٠٣دا نـامـەیـەکی بۆ وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریکا ناردووە و تێیدا ڕای گەیاندووە بە نیازە لە ماوەی هێرشـی چاوەڕوانکراو بۆ سـەر عێراق پارتێکی بێلایەن بێت و نووسـیویەتی تەقـە لە هێـزەکـانی هـاوپـەیمان نـاکـا تەنـانـەت بۆ بەرگـریکردن لـە خـۆیشی. هەروەهـا مـێک بـانگەشـــەی ئەوەی دەکـــرد، پێـــشنیـــازی کـــردووە لـە بەرەی هێـزەکـانی هـاوپـەیمـاندا شـەڕ بکا. هـیچ کـام لە دیمانەکـاران لەم نـامـەیە یان پێـشنیـازە ئاگـەدار نەبوون. هەریەک لەم قـسـانە چەندیش ڕاسـت بووبن، ئەم نامـــەیە لە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمـــەریکادا باسـی لێ نەکـــراوە یان بە لایـەنی کەمەوە هاندەر نەبووە.

سـەرەڕای نکووڵیکردنی مێک، مێژووی فەرمـیی هێزەکانـی تایبەتی سـوپای وڵاتە یـەکگرتووەکـــان و مـێـــژووی وەزارەتـی دەرەوەی ئـەم وڵاتە هـەردووکـیـــان ئاماژە بەوە دەدەن مێک لەگەڵ هاوپەیمانان ڕووبەڕوو بوونەوە و "هەڕەشـەیەکی بەهێـز" بوونە و "توانسـتی شـەڕوانیی نـایاب"یان نواندووە. لەگـەڵ ئەمـەش لە ١٣ی نیسـانی ٢٠٠٣دا پاش ڕووخانی هێزەکانـی عێراقی مێک داوای ئاشـتیی کـرد. یەکـەی کـردەوەگـەلی تـایبـەت کـە داواکـەیان ئاراسـتـە کـرابـوو لەلایەن فـەرمـاندەیـی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە فـەرمـانـی پـێ درا داوا لە مـێک بکات خۆی بەدەستەوە بدات و چەک دابنێت.

بەڵام ئەو چاوپێکەوتنەی دواتر لە نێوان تـیمی دانوسـتاندنکاری یەکەکە و مێکدا کرا ئاراسـتـەیەکی تری وەرگرت. مـێک ئەو سـەرکردانەی نارد کـە لە ئینگلیـزی پـاراو بوون و بۆ گـرێدانی پێـوەندی لەگـەڵ وڵاتـە یەکگرتووەکـاندا یەکـجـار وریا بوون و وەک ئاشکرا بوو، بە درۆ گـوتبـوویان بەشـێکی زۆری گـرووپەکـەیان بڕوانامـــەی بەرزیان لە زانکۆکـانی ئەمـــەریکادا وەرگـرتووە و

ئەندامانی خێزانیان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەژین. مێک دووبارە سوور بوو لەسەر ئەوەی تەقەی لە هێزەکانی هاوپەیمان نەکردووە (سەرەڕای هەبوونی بەلایەنی کەمەوە زیانێکی تۆمارکراوی هێزەکانی هاوپەیمان لە ئەنجامی تەقەی مێکەوە) و پێشنیازی کردووە لە بەرەی هێزەکانی هاوپەیمانەوە شەڕ بکات. مێک هەروەها ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو بۆ دابینکردنی زانیاریی هەواڵگری لەبارەی ئێران و هاریکاریکردن بۆ پاراستنی سنوورەکانی دەستی ئێران. کارمەندانی کردەوەگەلی تایبەت کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی وەسفی مێک بۆ گرووپەکە و ئامادەیی ڕواڵەتییانەی بۆ خزمەتکردن بە هاوپەیمانان لە جیاتیی ئەو خۆبەدەستەوەدانەی کە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە فەرمانی پێ درابوو، لە ١٥ی نیسانی ٢٠٠٣دا بە ئاگربەست ڕازی بوون.

ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی ناوەخۆیی و لێک تێگەیشتنی دوو لایەنە و هاوئاهەنگیی ١٥ی نیسان، تەنیا ئاگربەستێکی کاتەکی بوو. هەروەک هەر ئاگربەستێکی کاتەکیی تر داوای "ڕاگرتنی کردەوەگەلی سەربازیی دەکرد تا ئەو ماوەیەی لایەنەکان لەسەری پێک هاتوون". لەم بارەشدا، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکە هەریەک لە لایەنەکان بۆی هەیە پاش ٤٨ سەعات ئاگەدارکردنەوە کردەوەگەلی دژبەرانە نوێ بکاتەوە. هەروەها ڕێگەش بە مێک درا چەکەکانی بپارێزێ و ئەندامانی گرووپەکەشی لە پێنج لە کەمپەکانی خۆیدا سنووردار کردەوە.

لەبەرئەوەی هاوپەیمانان هێزی سەربازییان کەم بوو و هێزەکانی تایبەتیش دەبوو بسووڕێنەوە، ڕێککەوتننامەی ئاگربەست جێگرەوەیەکی پڕکێشتر بوو بۆ خۆبەدەستەوەدانێک کە هێزەکانی دیلگری پابەندی ئەرکگەلێکی یاسایی و لۆجیستیکی دەکرد لە پێناو پاراستن و ڕەنگە تێرکردن و نیشتەجێکردنی گرتییان کە پلەی دیلی شەڕیان هەبوو، ئەمەش بەگوێرەی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ کە پێوەندیی بەمامەڵەکردن لەگەڵ دیلی شەڕدا هەیە. بەهەرحاڵ تێبینی کراوە فەرماندەی هێزەکانی تایبەت هیچ دەسەڵاتی پێ

نەدراوە ئەم جۆرە ڕێککەوتنە بکات- ڕێککەوتنێک کە ڕێگە بەڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانیی پێناسەکراو بدات چەکەکانی ڕابگرێت- و ئەم بڕیارە دواتر کێشەیەکی مەیدانی و سیاسیی بەرچاوی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خوڵقاند.

## چڕکردنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا

ئاژانسەکانی واشنتۆن لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە پێویستە مێک چەک دابنێت و ناچار بکرێت خۆی بەدەستەوە بدات هەرچەندە فەرمانیان بەهەڵوەشاندنەوەی نەدا. بەگوێرەی ڕاپۆرتگەلی چاپەمەنییەوە فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان فەرمانی دا "هێزەکانی مێک یان تێک بشکێنرێن یانیش ناچار بکرێن خۆبەدەستەوە بدەن و لە ئەنجامدا چەک دابنێن و بگیرێن".

لە هەوڵی جێبەجێکردنی فەرمانەکە، کاربەدەستانی هاوپەیمانان لە سەرەتای ئایاردا دوو ڕۆژیان بە دانوستاندن لەگەڵ مێکدا بردە سەر. دووبارە مێک خۆی دڵسۆز نواند و شێلگیرانە دانوستاندنی کرد و توانی هاوپەیمانان لە ناچارکردنی گرووپەکە بۆ خۆبەدەستەوەدان سست بکاتەوە. لە جیاتیی ئەمە، ڕێککەوتنی نوێی ١٠ی ئایار کە جێی ڕێککەوتنی ١٥ی نیسانی گرتەوە، مافی ئەوەی دا بە مێک کە هەر بەبێلایەنی بمێنێتەوە و ئاگربەستێکی درێژخایەن پەسند بکات. جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە و ئەوەی ئاگربەستی ١٥ی نیسان لە چەکدانانی مێک و چڕکردنەوەی هەموو کارمەندانی گرووپەکە لە عێراق و لە تاکە نشینگەیەک واتە کەمپی ئەشرەف لە پارێزگای دیالەدا بوو[٣]. هەروەتر بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەبوو هەر ئەندامێکی مێک نووسراوێکی سەرکۆنەکردنی تیرۆریزم و بەکارهێنانی زەبروزەنگ ئیمزا بکات. لە کاتی ڕاگەیاندنی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەدا مەیجەر جەنەراڵ ڕایموند ئۆدێرنۆ پەسنی هاریکاریی مێکی دا و داوای کرد چاو بە ناونیشانی گرووپەکە واتە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانیدا بخشێنرێتەوە.

## یەکەمین ئەرکەکانی ناو کەمپی ئەشرەف

مێک کە ژمارەی ئەندامەکانی پتر لە ٣٨٠٠ کەس بوو، ئەو کاتە گەورەترین کۆمەڵە دیلی ژێر چاودێریی هاوپەیمانان بوو. بەتالیۆنی (٥٣٠)یەمی پۆلیسی سەربازی ڕاسپێردرابوو بەچاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئایار کە جگە لە چەکدانان و چڕکردنەوەی مێک، فەرمانی بەپاراستنی مێک دەدا دژی توندوتیژیی ڕێ تێچوو لەلایەن عێراقییەکانەوە. بەتالیۆنەکەش لەو بینایانەی مێک کە نێزیکەی ٥٠٠ یارد لە کەمپی ئەشرەفەوە دوور بوون، بنکەیەکی کردەوەی ڕاستەوخۆی دامەزراند بەشی یەکەگەلی زیاتری هاوپەیمانانیشی دەکرد کە سەقامگیریی ناوچەکەیان دەپاراست[٤]. بەبۆنەی ئەبوغرێبەوە جێی داخ بوو کە یەکێک لەو ژمارە کەمانەی یەکەکانی پۆلیسی سەربازی کە شارەزایی لە زیندانیکردنی دیلی شەڕ و هاوولاتییاندا هەبوو، لە بری بەڕێوەبردنی زیندانێک لە مەیدانی شەڕدا بە کۆنترۆڵکردنی نشینگەی دیاریکراوی مێک ڕاسپێردرابوو. بەتالیۆنی (٣٠)یەم بۆ ساڵێک لەوێ دەمایەوە.

## دیاریکردنی پێگەی یاسایی مێک

لە ماوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدا پرسیارگەلێکی گرینگ سەریان هەڵدا. یەکەم، ئاخۆ پێگەی مێک بەگوێرەی یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی بەو شێوەیەی کە لە شەڕ لە دژی تیرۆردا باس کراوە، چییە؟ ئەم پێگەیە گرینگ بوو چونکە بەرپرسیاریەتیگەلی تایبەتی هێزەکانی هاوپەیمانی بەرامبەر بە گرتییانی مێک دیاری دەکرد[٥]. لەبەرئەوەی مێک هێزێکی شەڕوان بوو کە لەگەڵ هێزەکانی عێراقیدا کاری کردبوو و لە هەمان کاتدا ئەکتەرێکی ناودەوڵەتی و وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانی پێناسەکراو بوو، کارمەندانی یاسازانی هێزی جێبەجێکاری هاوبەشی تێکەڵ ژمارە ٧[٦] لەوە دڵنیا نەبوون ئاخۆ پەیماننامەکانی جنێف ئەندامانی مێکیان دەگرتەوە یانیش دەبوو ئەندامانی بە شەڕوانی "نایاسایی" و "ڕێگە پێ نەدراو" هەژمار بکرێن.

بەپێی پەیماننامەی سێیەمی جنێف لە ماوەی شەڕی نێوان دەوڵەتاندا ئەندامانی هێزگەلی هەڕەمەکی کە لە بەرەی هێزی دوژمنەوە شەڕ دەکەن و لە مەیدانی شەڕدا بە دیل دەگیرێن بەزۆری بە شەڕوان دادەنرێن. وەلێ ئەگەر گومان لە گونجانی ئەم جۆرە پۆلێنەدا هەبوو، "ئەو جۆرە کەسانەی مافدارن بەم ڕێککەوتنەوە بپارێزرێن تا کاتێک پێگەیان لەلایەن دادگەیەکی باڵادەستەوە دیاری دەکرێت". بۆ داڕێژەرانی پەیماننامەکە پێگەی دیاریکراو لەلایەن دادگەیەکی باڵادەستەوە زۆر گرینگ بوو، چونکە شەڕوانان لە دادگەییکردن بۆ کردەوەگەلێکی تایبەت بە شەڕ دەپارێزێت کە ئەگەر هاووڵاتییان ئەنجامی بدەن بەتاوان هەژمار دەکرێن، هەرچەندە بۆ تاوانەکانی شەڕ هیچ پارێزگارییەکیان لێ ناکات. لە باسی شەڕ لە دژی تیرۆردا ئەم جۆرە مادە دادوەرییانەی وەک "مادەی ٥" پێویست بوون، چونکە شەڕوانانی "ڕێگە پێ نەدراو" و "نایاسایی" سەرجەم ئەو پارێزگارییانەی پەیماننامەی جنێڤیان پێ نەدراوە کە بۆ شەڕوانان و هاووڵاتییانی بە دیلگیراو داوا کراون.

ئەو دەمەی پرسی پێگەی یاسایی مێک لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوو، هێزەکانی هاوپەیمان پێگەی کاتەکیی "گرتییانی تر"یان لە مێک نا، ئەوانەی بەپێی پەیماننامەی سێیەمی جنێف دەبێت هەمان مامەڵەی "دیلی دوژمن لە شەڕ"یان لەگەڵ بکرێت لەو ماوەیەدا کە بە پێگەکەیاندا دەچنەوە[٧]. دەستەی پێداچوونەوەی مێک پێک هات و پێ دەچوو بەدواداچوون بۆ ڕێوشوێنەکانی سوپای ئەمەریکا لە جێبەجێکردنی مەرجی مادەی ٥ی تایبەت بە "دادگەی باڵادەست"دا بکات تا ئەو ئاستەی ڕێگە دراوە بە دەستەیەکی پێداچوونەوەی سەربازی. ئەم دەستەیەش "پێک هاتووە لە سێ ئەفسەری ڕاسپێردراو کە پێویستە یەکێکیان پلەیەکی مەیدانیی هەبێت"[٨]. بەڵام وا دیارە دەستەکە بەوە ڕانەسپێردرابوو کە پلەی یاسایی هەریەکە لە ئەندامانی مێک دیاری بکات بگرە ئەرکی پۆلێنکردنی ئەندامانی مێک بوو لە یەکێک لەم چوار جۆرانەی خوارەوەدا:

گرتی: شیمانەی دادگەییکردن

گرتی: مەترسی/هەڕەشەی ئەمنی

گرتی: سەرچاوەی هەواڵگریی ڕێ تێچوو

شیاوی ئازادکردن(٩)

بڕیاردان لەسەر پێگەی یاسایی بۆ وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا مایەوە. بە گوتەی ئەفسەرێک کە لە پرۆسەکەدا بەشدار بووە، ئامانج لەم پۆلێنە سڕینەوەی ڕێکخراوی مێک بوو لە عێراق(١٠). دیار نییە چۆن پۆلێنکردنی ئەندامانی مێک لە یەکێک لەم جۆرانەدا دەبوو ئەم ئامانجە بپێکێت بەتایبەتیش لەبەرئەوەی هیچ هەنگاوێک بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەکە نەهاوێژرابوو.

بۆ زانینی ئەوەی هەریەک لە ئەندامانی مێک پێویستە بگیرێن یاخۆ شیاوی ئازادکردنن هێزەکانی هاوپەیمان دەبوو وەڵامی چەند پرسیارێک بدەنەوە:

ئاخۆ ئەندامەکان لە ڕووی توندوتیژی و شێواندنەوە مەترسییەکی ڕژد و بەردەوام بوون؟

ئاخۆ لە دژی هێزەکانی هاوپەیمان کردەوەی شەڕوانییان ئەنجام داوە؟

ئاخۆ لە ڕابردوودا کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام داوە؟ ئاخۆ هێشتاش بەردەوامن لەسەری؟

ئاخۆ دەکرێت هیچ کامیان لەدادگە بدرێن یانیش بەپێی یاسای وڵاتە یەکگرتووەکان لە دادگەی بەتایبەتیش بە تاوانی کوشتنی ئەمەریکاییەکان لە تاران سوودیان لێ وەربگیرێت؟

ئاخۆ دەنگۆی ئەوەی مێک چەکی کۆمەڵکوژی عێراقی گەڵاڵە کردووە، ڕاست بووە؟

ئاخۆ چ جۆرە زانیارییەکی هەواڵگرییان لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران یان عێراقەوە لەلایە؟

ناوی ئەندامـانی جیاوازی مێک چین؟ هـاووڵاتیی کوێن؟ ئاخـۆ لە کوێ مـافی نشینگەیان پێ دراوە؟

بۆ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیـارانە هێـزی ٧، هێـزی جێبەجێکاری هاوبەش-ئەشـرەف JointTask Force-Ashrafی پێک هێنا. ئەم هێـزە نوێنەرانـی سـوپای ئەمـەریکا و کـۆمـەڵێک بەشـی مـەدەنیی لەخـۆ دەگـرت و ڕاسـتـەخـۆ ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە لە کەمپی ئەشرەفی بۆ هێزی ٧ دەنارد[١١]. پرسیارگەلی تایبەت بە سـوپا و هـەواڵگریـی بیـانی لەلایەن کـارمـەندانی وەزارەتی بەرگری و ئاژانسـی نـاوەنـدیـی زانیــــاری (سـی ئـای ئێـی)یـەوە وەڵام دەدرانـەوە. ئێـف بـی ئـای و وەزارەتی داد بەرپرس بوون لە پیـادەکـردنی یاسـا و هـەواڵگریی ناوەخـۆیی، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەسانی مەبەسـتدا دەکرد و ئامارێکیان لەسـەر هـەریەک لە ئەندامـانی مـێک لە کـەمپی ئەشـرەف ئامـادە کـرد. ئـاژانسـەکـانی وەزارەتی ئاسـایشی نیـشـتـمـانیی وڵاتە یـەککگرتووەکـان پرسـگەلی هـاووڵاتیـبـوون و کـۆچکردنیـان بۆ ئەو ئەندامـانەی لەگـەڵ وڵاتە یەککگرتووەکـاندا پێـوەندییـان هـەبوو، ئاراسـتـە کـرد. وەزارەتی دەرەوەش بۆ وردەکارییەکان دیمانەی لەگەڵ هـەریەک لە ئەندامـانی مێک لە کەمپی ئەشرفدا ساز دا و ئاسانکاریی کرد بۆ پێوەندیکردن بە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتانەی سێیەم کە ئەندامانی پێشووی مێک بە گوتەی خۆیان هـاووڵاتیبوون و مافگەلی نیشتەجێبوون یان خزم و کـەسیان لێ هـەبوون، ئـاسـانکاریی بۆ کـردن. جگە لە وەزارەتی ئاسـایشی نیشـتـمـانی داوا لە گــشـت ئەم ئاژانســانە کــرا ڕاوێژکــاری بێــلایەن بۆ دەســتــەی پێـداچوونەوەی مــێک دابین بکەن. بە گـشـتی نێـزیکەی ٧٠ کـارمـەندی ئەم ئاژانسانە لەم چالاکییانەدا بەشدار بوون[١٢].

دەستەی پێداچوونەوەی مێک بڕیاری لەسـەر پلەی یاسایی ئەندامانی مێک نەدا بەڵام لە ڕاسـتیدا دابەشی کردن بەسـەر ئەو چوار پۆلێنەی پێـشـتر ڕیز کـرابوون. دەسـتـەکـە گـەیشـتـە ئەوەی ژمـارەیەکی کـەمـیـان دەبوو بخـرێنە گـرتیگەوە. بۆ نموونە ژمـارەیەکی کـەمـیـان بۆ دادگـەییـیـەکی ڕێ تێـچـوو گیـران[١٣]. هەرچەنـدە هـەندێک لە کـاربەدەسـتـان پێیـان وابووە ڕەنگە مـێک

لەبارەی ئێرانەوە زانیاریی هەواڵگریی بەسوود دابین بکا، بەڵام هیچ کام لە ئەندامانی مێک لەسەر بنەمای گرینگیی هەواڵگرییەوە نەگیرابوون[١٤]. بە نێزیکەیی هەر هەموویان بە "شیاوی ئازادکردن" پۆلێن کرابوون. بە واتایەکی تر، دەستەکە وای دانابوو پلەی یاسایی ئەندامانی مێک هەر شتێک بووبێت، بە نێزیکەیی هیچ کامیان هەڕەشەیەکی ئەوتۆی نەبووە کە شایەنی گرتن بێت[١٥]. بە واتای مەجازی، تا ئەو کاتەی ڕێککەوتننامەی ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ی تایبەت بە کۆکردنەوەی مێک کاری پێ دەکرا، گرووپەکە دەیتوانی لە کەمپی ئەشرەفدا بمێنێتەوە، بەو مانایەی "ئازادکردن" هەر هەمان بەرەنجامی ڕاستەقینەی نشینگەی دیاریکراوی دەبێت، کە جۆرێکە لە گرتیگە.

سەبارەت بە بارودۆخی مێک لە پاش شەڕ یان کشانەوەی خێرای هێزەکانی هاوپەیمان کە ئەو کات مەزندە کرابوو، هیچ بڕیارێک نەدرابوو جگە لەوەی کە ئەندامانی گرووپەکە نەدەنێردرانەوە بۆ ئێران نەبادا لەوێ ئازار بدرێن و نەوەک ناردنەوەیان ببێتە "دیاری"یەک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەو ڕۆژە سەرەتاییانەدا تاکە ڕێنوێنییەک کە کارمەندانی هێزی ئەشرەف پێی ڕاسپێردرابوون، کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەبارەی هەریەک لە ئەندامانی مێکەوە. هیچ جۆرە پلانێکی ستراتیجی لە ڕووی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی گرووپەکەوە پاش تەواوبوونی شەڕ لە ئارادا نەبوو. ستافی فەرماندەیی مەیدانی کە لە ڕووی کارمەندەوە کێماسیی هەبوو و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، وێکڕا لە کێشەکەیان کۆڵییەوە. کاتێک نەگەیشتنە هیچ چارەسەرێک (و نەیانویست بیر لە ناردنەوەیان بۆ ئێران بکەنەوە) بڕیاریان دا بارودۆخەکە وەک خۆی واز لێ بێنن، ئەمەش بەهێشتنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا و دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی ئارامی و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێک لە پێناو نەترازانی گرووپەکە.

## بڕیاری ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراقی بۆ دەرکردنی مێک لە عێراق

لە ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراقی بە تێپەڕاندنی بڕیارێکی تەوافوقی بۆ دەرکردنی مێک لە عێراق لە ماوەی شەش مانگدا پرسی گرووپەکەی ئاڵۆز کرد(١٦). بڕیارەکە شوێنی گیرسانەوەی دیاری نەکردبوو. لە ڕاستیدا ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتبووی "بۆمان گرینگ نییە ئەوان بۆ کوێ دەچن". بەڵام پێوەندیی لە گەشەدابووەی نێوان پارتە شیعەکانی عێراقی و کۆماری ئیسلامیی ئێران گومانی ئەوەی دروست کرد کە مێک لەلایەن حکوومەتی کاتەکیی عێراقەوە کە لە کۆتاییی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا دەسەڵاتی دەگرتە دەست، ڕەوانەی ئێران بکرێتەوە. بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتەکیی هاوپەیمانان، باڵوێز لیوتێنەنت پۆل بریمەر پێشنیازی کرد ئەندامانی مێک لە وڵاتێکی سێیەمدا بگیرسێنەوە، بەڵام وەک دواتر خۆی و کاربەدەستانی هێزی ئەشرەف زانییانەوە هیچ وڵاتێک هیچ ئەندامێکی گرووپەکەی قبووڵ نەدەکرد ئەگەر لە بنەڕەتدا خۆی مافی یاساییی نیشتەجێبوونی لەو وڵاتە نەبووایە(١٧). پێشنیاز کرا وەک پەنابەر وەربگیرێن، کەچی فەرمانگەی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان داواکاریی ئەندامانی ئەو کات یان پێشووی مێکی ڕەچاو نەدەکرد، چونکە پێگەی یاساییان هێشتاش یەکلایی نەکرابووە.

## مێک وەک کەسانی پارێزراو

وەک لە مێژووی فەرمیی هێزەکانی تایبەت لە ماوەی شەڕی ئازادکردنی عێراقدا هاتووە، کاتێک "بابەتگەلی یاسایی پێوەست بە پێگەی دوژمنانی بە دیلگیراو لە شەڕ و جێبەجێبوونی یاساکانی تایبەت بە شەڕی چەکداری لەسەر تیرۆریستانی نادەوڵەتی، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە بووایە.... ئەم پرسیارانە (زۆربەی جار) بۆ وەڵامدانەوە دەگەیشتنەوە وەزارەتی بەرگری".

پرسی مێک یەکێک لەم نموونانە بوو. بەڵام لەگەڵ نێزیکبوونەوەی دانەوەی حوکم لە دەسەڵاتی کاتەکیی هاوپەیمانانەوە بۆ حکوومەتی کاتەکیی عێراق لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا هیچ بڕیارێک لەبارەی پێگەی مێک نەدرابوو. بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان لەوە دەترسان حکوومەتی کاتەکیی عێراق بەخورتی مێک بنێرێتەوە بۆ ئێران و ئەم هەوڵە زەبروزەنگی لە کەمپی ئەشرەفدا لێ بکەوێتەوە.

کۆمیساریای باڵای پەنابەران و کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور ئامادە بوون لە گواستنەوەی ئەندامانی مێک بۆ دەرەوەی عێراق هاریکار بن، بەڵام نەیاندەویست تا ئەو کاتەی پێگەی مێک یەکلایی نەکراوەتەوە، دەست بەکار بن. جگە لەوەش ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند بە گوێرەی یاسا لەگەڵ دانەوەی دەسەڵات لە کۆتاییی حوزەیراندا کۆتایی بە داگیرکردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە دێت و لە ئاکامدا زۆربەی مادەکانی پەیماننامەی جنێڤ ناهێنە کارپێکردن. بەهۆی ئەم پاڵپەستۆیەی کاتەوە لە ٢٥ی حوزەیراندا دۆناڵد ڕامسفێلدی وەزیری بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان مێکی بە هاووڵاتییانی پارێزراو[١٨] ناو نا، ئەمەش بەگوێرەی پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ کە تایبەتە بە پاراستنی هاووڵاتییان لە کاتی شەڕدا. لە یاداشتەکەیدا هاتبوو بڕیارەکە بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمیساریای باڵای پەنابەران و خاچی سوورە.

لە سەرەتاوە ناونانەکە هەم لە ڕوانگەی یاسایی و هەم لە ڕوانگەی سیاسییەوە ئاڵۆز بوو. یاساییيانە ئەگەر لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی مێک لەگەڵ هاوپەیمانان لە شەڕدا ڕاست بووبێت، ئەندامانی مێک ڕەنگە وەک ئەندامانی میلیشیا یان سوپای خۆبەختکەر کە بەشێکی هێزەکانی چەکداری عێراقی بوون شیاوی پێگەی شەڕوانان و لەبەرئەوەش کاتێک بە دیل گیران شیاوی پێگەی دوژمنانی بە دیلگیراو لە شەڕدا بوونایە. پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ بە پێویستی دەزانێت "ئەگەر گومانێک هەبوو" لەبارەی شیاوبوونی ئەندامانی مێک بۆ وەرگرتنی پێگەی شەڕوان، پێگەی هەر تاکێک لەلایەن

دادگـەیەکی باڵادەسـتـەوە دیاری بکرێ. هەرچەندە هیچ لەدادگەدانێکیـان بۆ بەڕێوە نـەچوو، بڕیارەکـە بەبێ پێـداچوونـەوەی دادگە مـێکـی بێ بەش کـرد لە پارێزراوبوونی (حەسانە) لە دادگەییکردن لەسەر کردەوەگەلی یاسایی شەڕ.

بەڵام لە سیاسەتی حکوومەتی بووشدا تیرۆریستانی بیانی کە بە نایاسایی لە عێراقدا بوون پەیماننامەکانی جنێڤ نەیدەگرتنەوە. لە جیاتیی ئەوە دەبوو بەگـوێرەی سـیـاسـەتی شـەڕوانـانی "نایاسـایی" و "ڕێگە پێ نـەدراو"ی جێ ناکۆکی حکوومـەت بخـرێنە گـرتیگەوە. لەباری مـێکدا ئەمـە هەڵبـژاردنێکی ناوێزە بوو، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان گرووپەکەی بە لقێکی سوپای سـەدام حوسـێن لە ماوەی شەڕی ئازادکردنی عێراقدا ڕاگەیاندبوو و پەیماننامـەکانی لەسـەر بنـەمـایەکی کاتەکیـیانە بەسـەر ئەندامـانی مێکدا جێبـەجێ کردبوو. سـەرەڕای ئەوەش تا ئەو دەمـەی هێـزەکـانی هاوپەیمان بڕیاریان بدایە ئەندامانی مێک وەک شەڕوانانی "نایاسایی" و "ڕێگە پێنەدراو" بگرن، فەرمانی سەربازیی سەرۆک بوش لە ١٣ی تشـرینی دووەمی ٢٠٠١ بڕیارەکـەی ئەوانی سنووردار دەکـرد، چونکە فـەرمـانەکـە ڕێگەی بە گـرتنی تـەنیـا ئەو تاکـە دیاریکراوانە دەدا کە "بەشدار، یارمەتیدەر یان هاندەر، یانیش ڕێکخەر" بوونە لە ئەنجـامـدانی کـردەوەگـەلێکی تیـرۆریسـتی کـە " زیان یان کـاریگەریی زیانبەخشیان هەبووە بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان و هاووڵاتیانی و ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی یان ئابوورییەکەی یان بەو ئامانجەوە ئەنجام دراون، یاخۆ مەترسیی ئەمەیان لێ کراوە".

خـاچی سـوور و کـۆمـیسـاریای باڵای پەنـابەران و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان هـەر هەمـوویان داوایان لە وەزارەتی بـەرگـریی وڵاتـە یەکگرتووەکان کرد بەبێ پێداچوونەوەی دادگە بڕیار لەسـەر پێگەی یاسـایی نەدات. تێبینیی ئەوەیان دابوو کە هەر ئەندامێکی مێک بە گوێرەی مادەی ٥ دەبووایە پێـداچوونەوەی دادگـەیی بۆ بکرێت. هەروەها ڕایان گـەیاندبوو ناوونیـشانی هاووڵاتی لە ڕووی یاسـاییـیەوە تەنیا بۆ ئەو ئەندامانەی مـێک دروسـتـە کـە دادگە بڕیاری لەسـەر بێـلایەنبـوونیـان دابێت و هیچ جـۆرە

کردەوەیەکی شەڕوانییان ئەنجام نەدابێت و بە ئاشکرا لە دژی هاوپەیمانان‌دا چەکیان هەڵنەگرتبێت[١٩]. هەرچەندە دەقی یاداشتەکەی ڕامسفڵدی وەزیر کە بە ئاشکرا پێگەی کەسانی پارێزراوی بۆ ئەندامانی مێک دیاری کردبوو کە مادەی ٤ی پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ دەیگرتنەوە، بەڵام یاداشتەکە فەرمانی بەدەستەی پێداچوونەوەی مێک نەدەدا بە جیا بۆ هەر تاکێک ئەم بڕیارە دەربکات و لە ئەنجامدا هیچ هەنگاوێک بۆ دیاریکردنی پێگەی هیچ کام لە تاکەکانی مێک نەدرا.

جیا لەوەش خاچی سوور تێبینیی دابوو بە گوێرەی بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان شەڕی عێراق ئیتر شەڕی نێوان دەوڵەتان نەبوو، لەبەر ئەوەش پەیماننامەکانی جنێڤ ئیدی شیاوی کارپێکردن نەبوون (جگە لە مادەی ٣ نەبێت کە لە هەر چوار پەیماننامەکەدا هاتبوو)[٢٠]. خاچی سوور ڕوونی کردبووەوە مادەی ٣ی هاوبەش و یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی نەریتی لەسەر شەڕی نانێودەوڵەتیی جێبەجێ دەبن، بەم هۆیەشەوە بەردەوامبوون لە پیادەکردنی پەیماننامەکانی جنێڤ بەسەر مێکدا یاساییانە هەڵەیە. بەڵام لەبەرئەوەی حکوومەتی بووش وریای یاسای نەریتی بوو چونکە ئەم یاسایە بە ڕێککەوتن نەکراوە، ئەو دەسەڵاتەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گرتنی تاکەکان (ئەگەر پێویستیش بووایە لە پێناو هۆگەلی ئەمنیی ناچارەکییەوە) بە هێزەکانی فرەنەتەوەی ناو عێراقی دابوو، لەسەر بنەمای یاساکانی پەیماننامەی چوارەمی تایبەت بەگرتنی هاووڵاتییان لە ماوەی داگیرکاریدا ڕێک خرابوو[٢١].

لەو وتوویژانەی لەگەڵ پارێزەرانی کارمەند لە هێزی ئەرکی ١٣٤ و وەزارەتی دەرەوەدا کردەمان، دەرکەوت لە پێناو پاراستنی مێک لە دژی ناردنەوەیان بۆ ئێران و سووککردنی ئەو ئەرکانەی هێزەکانی هاوپەیمان کە لەگەڵ گرتنی دوژمنانی بە دیلگیراو لە شەڕدا دەکەوتە سەر شانیان، بڕیار لەسەر پێگەی هاووڵاتیبوون درا. لەوەی پێوەندیی بەناردنەوەی مێکەوە هەبێت، دیاریکردنی پێگەکە گرینگیی نەبوو. هەرچەندە پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ

داوا دەكـات دیلـەكـانی شـەڕ "ئازاد بكرێن و پاش نەمـانی كـردەوەگـەلی دژبەرانەی بەردەوام ڕاسـتـەوخـۆ بنێردرێنەوە وڵاتی خـۆیان (مـادەی ١١٨)"، لە شرۆڤە فەرمییەكەیدا تێبینی دراوە كە بە دیلگیراوانی شەڕ پارێزراون لە دژی گواسـتنـەوەی زۆرەكی بۆ وڵاتێك كە تێیـدا "مـەترسـییـەكانی بۆ سـەر كـەسی پێـوەنـدیدار بە ئاشـكرا ناڕەوا و دژوار دیارن (بە هـەمـان شـێـوە كـە لە دەقی ڕەسـەندا نووسراوە)". پەیماننامـەی چوارەم مافی هاوشێوە مسـۆگەر دەكات و گواسـتنەوەی زۆرەكیی هـەر تاكێك "ی بۆ وڵاتێك كە تێیـدا ڕەنگە كەسـەكە پاسـاوی هـەبێت بۆ ترسـانی لـە دادگەییكردنی بە بۆنەی بیروباوەڕی سـیاسـی یان ئاینیـیـەوە" قـەدەغـە كـردووە و هـەر تاكـێكیش تا ئەو دەمـەی بارودۆخی جێگیر دەكرێت، بە پەیماننامەكە پارێزراوە (مادەی ٦ و ٤٥).

لەوەی پێـوەندیی بەگرتنەوە هـەبێت، كاریگەریی دەسـتنیشـانكردنی پێگەی یاسـایی لەسـەر هەلومـەرجی تایبـەتی مـێك لێڵ بوو، چونكە پاش ئەوەی دەسـتـەی پێداچوونەوەی مێك بە نێزیكەییی سـەرجـەم دانیشـتوانی كـەمپی ئەشـرەفی بەشـیـاوی ئازادكردن پۆلێن كردبوو، دیار نەبوو ئاخـۆ هێزەكـانی فرەنەتەوەی ناو عێراق هێشتاش ئەندامـانی مێكیان دەخستـە گرتیگەوە یان نا. وەك لە بەشـی چوارەمدا باس كـراوە، هێزەكـانی فرەنەتەوەی ناو عـێراق دەسـەڵاتی كـەمپی ئەشـرەفی وەرنەگرتووە. ڕێككەوتننـامەی ئاگربەسـتی ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ ئـەندامـانی مێكی لە كـەمـپی ئەشـرەف كـۆكردەوە كـە ئەمـەش جـۆرێك نشـینگەی دیاریكراو بوو، هـەرچەندە نشـینگەیەك كە سـەركردەكانی گرووپەكە ڕەزامەندییـان لەسەر دابوو. پەیماننامەی سـێیەم ڕێگە بە گرتن یان جـۆرە سـووكـترەكـانی دەسـتبـەسـەركردنی دیلـی شـەڕ دەدات. لەلایەكی ترەوە پەیماننامـەی چوارەم ڕێگە بە نشـینگەی دیاریكراو یان گـرتـنی هـاووڵاتیـان دەدات لە ناوچەگـەلی داگیركراودا ئەمـەش تەنیا وەك پێوەرێكی ڕیزپەڕە كە لەسـەر بنـەمـای تاك بە تاك جـێبـەجـێ دەكرێت كـاتێك تاكێك هـەڕەشـەیەكی ئەمنیی هـەسـتیاری ئەوتۆ بنوێنێت كە تەنیـا بە دانانی كەسـەكە لە گرتیگە یان نشینگەی تایبەت، كەمتر ببێتەوە. بڕیاردانیش بۆ گرتنی كـەسـەكە "بە گوێرەی

ڕێوشـوێنێکی دیاریکراو" ئەنجام دەدرێت و دەبێت داوای چاوپێدا گێڕانەوەی بۆ بکرێت و هـەروەتر بە بەردەوامـی "ئەگـەر بلوێت هەر شـەش مـانگ جـارێک" پێـداچوونەوەی بۆ هـەبێت[٢٢]. یاسـایەکـانی تایبـەت بە گـرتن پاش دانەوەی دەســـەڵات لە یاســـاکـانـی پەیمـاننـامـــەی چوارەم دەچوون. ســەرەڕای ئەم یاسـایـانەش پاش ئەوەی دەسـتـەی پێـداچوونەوەی مـێک زۆربەی هەرە زۆری ئەندامـانی مێکی بە شیاوی ئازادکردن نەک هەڕەشـەی ئەمنی لەقەڵەم دابوو، مێک لە شتێکدا کە لە بنەڕەتدا نشینگەیەکی دیاریکراو بوو، دەستبەسەر بوو. هیچ لایەنێکی هاوپەیمانان هەرگـیز دووبارە ئەو پرسـیـارەی ئاراسـتـە نەکرد ئاخـۆ درێژبوونـەوەی مـاوەی گـرتنی ئەندامـانی مـێک لە هـۆکـەلی ئەمنیـیـەوە سەرچاوەی دەگرت یان نا[٢٣].

بڕیاری ڕامـسفڵـدی وەزیر کۆمـەڵە گرینگیـیەکی سـیاسـیی درێژمـەودای هەبوو. یەکەم شت، بڕیارەکە بەرپرسـیـاریەتیی مێکی ڕاسـتـەوخـۆ ئاراسـتـەی وەزارەتی بـەرگــری کــرد لـە بری ئـەوەی وەک ئەرکــێکی هـاوبەشـی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە و خـاچی سـوور و کۆمـیـسـاریای باڵا بمـێنێتـەوە. دووەم، لەبەرئـەوەی وەزیری بەرگـریی وڵاتە یەککگرتووەکـان بڕیارەکـەی دابوو نەک دەســـتـــەی پێـداچوونـەوەی مـێک، بـەگـشـتی بـڕیارەکـە وەک دەربڕینی پشـتیـوانی بۆ مێک دەزانرا، بەتایبـەتیش لەبەرئەوەی دەسـتـەواژەی کـەسـانی پارێزراو بە شـێوەیەکی گـشتی بە هـەڵە بەمـانای پێگەیەکی ڕیزپەڕ و تایبـەت لێک دراوەتەوە. مێک بە هەڵە وای بڵاو کردەوە یانیش بەهەڵە وای بۆ چوو، ئەم بڕیارە دووپاتکردنەوەی ئەو گوتەیەی گرووپەکەیە کە مێک بێ تاوانە یان دوورە لە هەمـوو تۆمـەتەکـانی تیـرۆریزم یان زەبروزەنگ[٢٤]. هێـزەکـانی هـاوپەیمان هـەرگیز هێزی پێوەندیی جەمـاوەرییـان بۆ زاڵبوون بەسـەر ئەم بۆچوونە بەکار نەهێنا[٢٥]. ئەم کردەوەیە لەگەڵ شکانی هێزەکانی هاوپەیمان لە مامـەڵەکردن لەگەڵ مێک وەک ڕێکخـراوێکی تیـرۆریسـتی لە کـەمـپی ئەشـرەفدا، بووە هۆی ئەوەی وڵاتە یەککگرتووەکان بـە دووڕوویی لە شــەڕی دژ بە تیـرۆریدا تۆمـەتبـار بکرێت.

## بەشی سێیەم

# ڕێگەچارەکانی نیشتەجێکردنەوەی مێک

هەم عێراق و هەم وڵاتە یەکگرتووەکان بەئاشکرا ڕایان گەیاندووە ئامانجیان گواستنەوەی مێکە لە عێراق. بەگوێرەی پەیماننامەکانی جنێڤ ئەو کاتەی گیراوان ئازاد دەکرێن، ڕەنگە؛

* لەو وڵاتەی پێش گیرانیان لێی نیشتەجێ بوون، دابمەزرێنەوە.
* لە وڵاتێکی سێیەم یان بێلایەندا نیشتەجێ بکرێن یان "شوێنیان بۆ دابین بکرێ"
* بنێردرێنەوە بۆ وڵاتی نەتەوەیی خۆیان.

باوترین ڕێگەچارە دامەزراندنەوە یان ناردنەوەیە. بەڵام لە هەندێک باردا هیچ کام لەم هەڵبژاردنانە ناهێنە کردن، چونکە گرتییەکە ترسێکی بەجێی هەیە یان بەبۆنەی ڕەگەز یان نەتەوایەتی یان بیر و بۆچوونی سیاسی یان ئەندامیەتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر ژیانی هەیە، مەترسیی چەوساندنەوە و هەڕەشەکردن بە دارکاری و کوشتنی.

لە یاسای نێودەوڵەتیی مروڤایەتی و یاسای مافەکانی مرۆڤ و یاسای پەنابەراندا ناردنەوەی زۆرەکیی ئەو تاکانەی ڕەنگە ئازار بدرێن بە پێی بنەمایەک قەدەغە کراوە کە بە نەزڤراندن Nonrefoulement ناسراوە (لە وشەی فرەنسایی Refouler وەرگیراوە کە بەمانای ناردنەوەیە).(١) هەرچەندە پەیماننامەکانی جنێڤ داوا دەکەن گرتییەکان پاش بە کۆتاهاتنی داگیرکاری دەستبەجێ ئازاد بکرێن، بەڵام بۆ ئەو گیراوانەی بەبۆنەی بیر و بۆچوونی

سیاسی و ئاینییانەوە باردۆخیان داوای پارێزگارییەکانی بنەمای نەزڤراندن دەکات، پەیماننامەکان ڕێگەیان داوە بە درێژکردنەوەی ماوەی گرتن و پارێزگارییەکانی پەیماننامەکە (لەوانەش چاوپێدا گێڕاندنەوەی بەردەوام بەپێویستیی درێژکردنەوەی ماوەکە) تا ئەو کاتەی ڕێگەچارەیەکی کۆک دەستەبەر دەکرێ. بەڵام لە باری مێکدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بنەڕەتییەی ئاخۆ مێک کوێیان هەیە ڕووی لێ بکەن، هیچ کارێک نەکرا.

## یەکەم ڕێگەچارە: دامەزراندنەوەی مێک لە عێراقدا

لەبەرئەوەی ئەو ئەندامانەی مێک کە ئێستا لە کەمپی ئەشرەفدان، کاتی هێرشی هێزەکانی هاوپەیمان لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق دەژیان، یەکەم هەڵبژاردن- گیرساندنەوەیان لە وڵاتی نیشتەجێبوونیان- بەمانای هێشتنەوەیان بوو لە عێراق. بەڵام ئەمە لەبەر کۆمەڵە هۆیەکە بە شتێکی نەکردەنی دادەنرا. یەکەم هۆ، ئەو دەمەی سەدام مێکی بانگهێشتتی عێراق کرد، نە سەدام مافی نیشتەجێبوونی یاسایی بە ئەندامانی مێک دا و نە ئەوانیش داوای نیشتەجێبوون یان هاووڵاتیبوونیی یاساییان کرد، هەرچەندە ئێستا مێک بانگەشەی ئەوە دەکات بە یاسایی لە عێراقدا بوونی هەیە. حکومەتی عێراقی گوتوویەتی بەنیازی ئەوە نییە پێگەی یاسایی بەو ئەندامانە بدا.

دووەم هۆ، کاربەدەستانی ئەمەریکایی لەوە دەترسن مێک لەلایەن عێراقییەکانەوە ئازار بدرێن یان لەلایەن هەڵسوڕاوانی ئێرانەوە مەترسیی جەستەییان لەسەر بێ. لە سۆنگەی ئەو بۆچوونە گشتییەوە کە مێک وەک "سوپای تایبەت"ی سەدام و بەنوێنەرایەتی ئەو لە سەرکوتینەوەی ڕاپەڕینەکانی کورد و شیعە لە پاش شەڕی کەنداو و لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکانی دەوراندەوری کەمپەکانی مێک، کاری کردووە، بەشێکی زۆری پێکهاتەی عێراق بەکینەوە لە گرووپەکە دەڕوانن.[٢] لە ڕاستیدا ئامانجێکی سەرەکی لە جێگیرکردنی هێزەکانی هاوپەیمان لە کەمپی ئەشرەف بۆ

پاراستنی مێک بوو لە دژی شیمانەی تۆڵەسندنەوەی هێزەکانی عێراقی و هەڵسووڕاوانی ئێرانی.

سێیەم هۆ، بەگوێرەی بڕیارێکی ساڵی ۲۰۰۳، ئەنجوومەنی حوکمی عێراقی بەئاشکرا داوای دەرکردنی مێکی کرد و تا دەهات کاربەدەستانی عێراقیش ئەم هەڵوێستەیان وەردەگرت. بەڵام سەرەڕای ئەو بەڵێنە بەردەوامانە بۆ ناردنەوەی مێک و داخستنی کەمپەکە لە کاتی گۆڕانی دەسەڵات لە ساڵی ۲۰۰۹دا، لە کانوونی یەکەمی ۲۰۰۸دا حکوومەتی عێراقی بەنووسین گەرەنتیی دا بە واشنتۆن کاتێک هێزەکانی ئاسایشی عێراقی ئەرکی کەمپی ئەشرەفیان پێ بسپێردرێ، مێک جوامێرانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و ئەندامانی مێکیش بەخورتی نانێردرێنەوە وڵاتێک کە ڕەنگە تێیدا ئازار بدرێن. بەڵێنەکە ڕێگەی بە واشنتۆن دەدا لەگەڵ بەغدا و ڕێکخراوی، وەک لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور کار بکا "بۆ ئەوەی چارەسەرێکی مرۆیانە بۆ دانیشتوانی کەمپەکە بدۆزێتەوە". هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانە، هێزی جێبەجێکاری هاوبەش-ئەشرەف چاودێریی گواستنەوەکەی دەکرد و ڕێنوێنیی بۆ هێزەکانی ئاسایش دابین دەکرد.(۳)

## دووەم ڕێگەچارە: نیشتەجێکردنەوەی مێک لە وڵاتێکی سێیەمدا

بە ڕەچاوکردنی مێژووی چەوساندنەوەی ئەندامانی مێک لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان پێی وابوو بنەمای نەزڤراندن ڕێگرە بۆ ناردنەوەی مێک بۆ ئێران. لەبەرئەوە گیرساندنەوە لە وڵاتێکی سێیەم پێ دەچوو تاکە چارەی گونجاو بێ تا داهاتوویێکی درێژخایەن. بەڵام ئێستەشی لەگەڵدا بێ هەوڵەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجە سەریان نەگرتووە.

### دامەزراندنەوەی ئەندامانی ئێستای مێک

یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم گیرساندنەوەی مێک ئەوەیە سەرکردایەتییەکەی بەئاشکرا داوای کردووە نێزیکەی ۳۵۰۰ ئەندامی مێک، یان بۆ یەک وڵات بگوازرێنەوە یانیش ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان (کە باشتریشە سیستەمی

ئاسایشی کۆمەلایەتییان بەهێز بێ) بۆ ئەوەی گرووپەکە بەزیندوویی بمێنێتەوە. بۆ ڕێخۆشکردن بۆ ئەم ئامانجە، لە ماوەی یەکەم ساڵی کۆکردنەوەیان لە کەمپی ئەشرەفدا، سەرکردایەتیی مێک داوای لە کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد پێگەی پەنابەری بە ئەندامانی بدا.[٤] بەڵام پرسیارەکە ئەوە بوو ئاخۆ هەموو ئەندامانی مێک دەتوانن بیسەلمێنن ترسێکی راستەقینەی چەوساندنەوەیان لەسەرە و پەیماننانەی پەنابەریەتیی ساڵی ١٩٥١ی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێزپەڕی وای هەیە ڕێگە بە دانی پێگەی پەنابەری نادات بەو کەسانە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی تاوانیان کردبێ یان تووشی تاوانێکی سەختی ناسیاسی یان کردەوەگەلێکی دژ بە ئامانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بووبن.

ئەوانەی دەبنە پەنابەر پێویستە تاوانیان نەکردبێ و چاوپۆشییان لە توندوتیژیی نەکردبێ و پێگەی پەنابەریەتی هیچ پارێزگارییەک دابین ناکات لە دژی دادگەیی بەهۆی ئەنجامدانی کردەوەگەلی تاوانی یان تیرۆریستی جا لە هەر کاتێکدا کرابێ. هەرچەندە مێک بەئاشکرا لە ساڵی ٢٠٠١ سەرکۆنەی توندوتیژیی کردبوو، مێژووی پێشتری لە زەبروەشاندن و داواکاریی سەرکردایەتیی مێک بۆ گەڕاندنەوەی چەکەکانیان لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، ئەگەری دای پێگەی پەنابەریەتیی لەلایەن کۆمیساریای باڵای پەنابەرانەوە بۆ تەواوی گرووپەکە یەکجار کەم کردەوە.

لەوەش زیاتر، تەنانەت ئەگەر پێگەی پەنابەریەتی بەدرایە، دەوڵەتانی سەربەخۆ ناچار نەبوون مافی پەنابەریەتی بدەن. لە جیاتی ئەوە، بەهەمان شێوەی داواکاریی تاکەکانی تر ڕەچاوی ئەم داوایەیان دەکرد. کۆمیساریای باڵای پەنابەران پێشبینیی کردبوو ژمارەی ئەو پەنابەرە تۆمارکراوانەی داوای نیشتەجێبوون دەکەن لە ٢٠٠٩ بگاتە ٥٦٥٠٠٠ کەس لە کاتێکدا لە ٢٠٠٨دا تەنیا ٧٠٠٠٠ شوێن بۆ نیشتەجێکردنەوە هەبوو.[٥] بە ڕەچاوکردنی ئەوەی شەڕی عێراق پتر لە چوار ملیۆن خەڵکی ئاوارە کردووە و تەنیا لە ماوەی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧دا ٣١٨٣ عێراقی وەک پەنابەر وەرگیراون تا دەهات شیمانەی

وەرگرتنی ئەندامانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی لەلایەن هەر وڵاتێکەوە بەبەراورد لەگەڵ پەنابەرانی تری عێراقی کزتر دەبوو. لە دواییدا، مێک دەستبەرداری هەوڵدان بۆ وەرگرتنی پێگەی پەنابەریەتی بوو، بەڵام هێشتاش داوای نیشتەجێکردنەوە دەکات هەرچەندە داواکە بێ سوود بووە.

## نیشتەجێکردنەوەی ئەندامانی پێشووی مێک

لەو ئەندامانەی مێک کە سەرکۆنەی گرووپەکەیان کردووە و لە بینایەی گرتیگەی کاتەکیی هاوپەیماناندا نیشتەجێ بوون، نێزیکەی ٢٠٠ کەسیان ئاواتەخوازن لە ئەوروپا بگیرسێنەوە نەک بنێردرێنەوە بۆ ئێران. هێزی جێبەجێکاری هاوبەش–ئەشرەف پێی وابوو ئەم ئەندامانە بەبەراورد لەگەڵ ئەندامانی ئێستای مێک بۆ نیشتەجێبوونەوەیان هەلێکی زۆرتریان هەیە. لە ٢٠٠٤دا هێزەکە بەنوێنەرایەتیی ئەو تاکانە ئاسانکاریی کرد بۆ پێشکێشکردنی داواکاری بۆ کۆمیساریای باڵای پەنابەران. هەر هەموو ئەو ئەندامانەی پێشووی مێک جگە لە ١١ کەسیان پێگەی پەنابەریەتییان وەرگرت لە پرۆسەیەکی یەکجار خێرادا کە چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی تێدا بەکار هاتبوو. بەڵام هیچ وڵاتێک هیچ کام لە ئەندامانی پێشوو و ئەندامانی ئێستای مێک قبووڵ ناکات ئەگەر پێشتر مافی نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتە نەبووبێ. کۆمیساریای باڵای پەنابەران ئاماژەی داوە بەوەی ژمارەیەکی کەم وڵات ڕەنگە ڕەچاوی نیشتەجێکردنیان بکەن، بەڵام تەنیا ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارەیەکی هێمایی رازی بێ.

یەک بەباری خۆی، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەی پێ نادرێ مافی نیشتەجێبوون بۆ هیچ کام لە ئەندامانی ئێستە و پێشووی مێک بدات لەبەرئەوەی یاسای کۆچ و نەتەوایەتی ڕێگرە لە وەرگرتنی چینگەلێکی بیانییەکان– واتە ئەو تاکانەی ئێستا ئەندامی گرووپێکی تیرۆریستیی بیانین، ئەوانەی کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام داوە یان هەڵگیرساندووە، یان ئەوانەی ڕاهێنانی "سەربازییان لەلایەن یان بەنوێنەرایەتی"ی هەر

ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی وەرگرتبێ کە لە کاتی وەرگرتنی ڕاهێنانەکە بەو شێوەیە پۆلێن کراوە. بەگوێرەی پروپاگەندەی خوتی مێکەوە نێزیکەی هەموو خەڵکانی ناو کەمپەکانی ئەندامێکی سوپای ئازادیی نیشتمانی بووە و جۆرە ڕاهێنانێکی بەکارهێنانی چەکیان وەرگرتووە. جگە لەوەش ئەندامانی مێک بە شیمانەی زۆرەوە لە نێوان ١٩٩٧ تا ٢٠٠١ واتە ئەو ساڵەی گرووپەکە وازی لە ئەرکی هێرشبردنە سەر ئامانجە ئێرانییەکان هێنا، ڕاهێنانی سەربازییان وەرگرتووە. بەپێچەوانەی هەندێک بڕگەی تری یاساکە، ناکرێ ڕیزپەڕی قەدەخەکردنی ڕاهێنانی سەربازی چاوپۆشیی لێ بکرێ تەنانەت ئەگەر وەزیری دەرەوەش بیویستایە مێک لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی بیانی دەربێنێ. لەبەرئەوەش ئەگەر نیشتەجێکردنی ئەندامانی ئێستا یان پێشووی مێک لە وڵاتێکی سێیەمەوە گرێدراوی داواکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان بووبا، ئەم چارەسەرە بوونی نەبوو.

چارەسەرێکی کورت تا ناوەندیخایەن هاتەدارشتن ئەو کاتەی هێزی جێبەجێکار-١٣٤ سەرکەوتووانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دانووستاندنی کرد تاوەکو ئەرکی پەنابەرانی ناو سنووری خۆی بگرێتە ئەستۆ. لە دەرەنگانی ٢٠٠٨دا پاشماوەی ئەندامانی پێشووی مێک کە لە کەمپی ئەشرەفدا نیشتەجێ بوون و (ژمارەیان کەمتر لە ٢٠٠ کەس دەبوو و زۆربەیان پێگەی پەنابەرییان هەبوو) گواسترانەوە بۆ کوردستان و لەوێ بە سەربەستی دەجووڵانەوە.(٦) گوایە زۆربەیان سەربەستیی هاتوچۆکردنیان بۆ دەرچوون لە عێراق بەکار هێناوە و کەمپی ئەشرەفیش لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨دا داخرا.

### ڕێگەچارەی سێیەم: ناردنەوەی مێک بۆ ئێران

لەبەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی مێک بە نەتەوە ئێرانین (هەرچەندە هەندێکیان لە ڕاستیدا بێ دەوڵەتن، چونکە ئیتر بەڵگەنامە یان پاسپۆرتی یاسایی ئێرانییان نییە)، باسی ناردنەوەیان لەگەڵ ئێران دەست پێ دەکات و

کۆتاییشی پێ دێت.[٧] جگە لە مەیلی گشتی بۆ ناردنەوەی تاکەکان بۆ زێدی شیاوی خۆیان، هۆی سەرەکی و ناچارترین هۆ بۆ پەنابردنە بەر ناردنەوە بۆ ئێران ئەوەیە بۆ ماوەی پتر لە پێنج ساڵە ئێران پێشنیازی لێبووردنی بۆ ئەندامانی ئاسایی مێک کردووە و ڕێژی لە پێشنیازەکە گرتووە.

لێبووردنەکە سەرەتا لە ئایاری ٢٠٠٣ پێشنیاز کرا کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاڵ بابەتی تردا پێشنیازی کرد ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدە کە لە ئێران دەستبەسەرن لەوانەش سەیف ئەلعادل و کوڕێکی ئوسامە بن لادن بە ئەندامانی مێک لە عێراق بگۆڕدرێنەوە. وەک وەڵامێک بۆ نیگەرانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم ڕێککەوتنە (لەوەی مافە مرۆڤایەتییەکانی ئەندامانی پێشووی مێک پێشێل بکرێن)[٨] ئێران لێبووردنی بۆ هەموو ئەندامانی گرووپەکە دەرکرد جگە لە ٥٠ سەرکردەی ناوبراو.[٩] جیا لەوەش، کۆماری ئیسلامیی ئێران گوتبووی داوای ئاسانکاری لەلایەن کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور دەکات بۆ گەڕاندنەوەی مێک و هەروەتر سەرپەرشتیکردنی دادگەییەکانی سەرکردایەتیی مێک لەلایەن کۆمیتەکەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان سەرەتا پێشنیازەکەی ئێرانی ڕەت کردەوە، ئەمەش نەک تەنیا بەهۆی بێ متمانەیی بە مەرامەکانی ئێران و پێویستیی ڕێگری لە هاندانی ئێران بۆ بارمەتەگری، بگرە لەپێناو ویستێکیش بوو بۆ هێشتنەوەی ڕێکخراوی مێک نەوەک لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان خۆیەوە لە داهاتوودا- بۆ دابینکردنی هەواڵگری لەبارەی ئێرانەوە بۆ هێزەکانی هاوپەیمان بەکار بێ و هەروەها نەبادا "دیاری"یەک پێشکێش بە ئێران بکا (بەتایبەتیش ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران مێژووی مافەکانی مرۆڤی بە مامەڵەکردنی جوامێرانەی مێک باشتر کرد). وڵاتە یەکگرتوەکان هەروەها داواکارییەکی پاشینەی بۆ گۆڕینەوەی ناوی ئەندامانی گرتییانی مێک لە عێراق و گیراوانی ئەلقاعیدە لە ئێراندا پشتگوێ خست. دانووستاندنەکانی جەنەراڵ ئۆدێرنۆ لەگەڵ مێک بۆ ئاگربەستی ١٠ی ئایار پاش ماوەیەکی کەم لەم گفتوگۆیانەدا ئەنجام دران.

لە ٢٠٠٤دا شێوازی وڵاتە یەکگرتووەکان تا ڕادەیەک گۆڕا. بە هاوکاریی

سـەدامـەوە، مـێک ژمـارەی ئەندامـانی خـۆی زیاد کـردبوو ئەمـەش بە بەڵێنی ناردنەوە بۆ پەلکێشکردنی گـرتیانی شـەڕی ئێران و عێـراق لە کـەمـپـەکانی گرتیگەی عێراقییەوە بۆ کەمپەکانی مێک. زۆر لە یەکەم ئەو تاکانەی داوایان لە هێـزی جێبـەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف کـرد یارمـەتییـان بدەن تاوەکو بتـوانن مـێک بەجێ بهـێـڵن، ئەم گـرتییـانـەی پێشـووی شـەڕ بوون کـە چەند سـەتێکیـان بۆ گـرتیگە و پارێزگـەی کاتـەکی گواسـترانەوە. بە گـوتەی ئەوان کۆمـیـسـاریای باڵای پەنـابەران بەر لە شـەڕی ئازادکردنی عـێراق سـەردانی کەمپەکانی مێکی کردبوو، بەڵام سەرکردایەتیی مێک هەوڵەکانی کۆمیسارپای بۆ ئاسانکاریکردن لەپێناو ناردنەوەی گرتییەکان و یەکگرتنەوەیان لەگەڵ خزم و کەس پەک خستبوو.

لە سەرەتای ٢٠٠٤دا هێزی جێبەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف پێوەندیی بە کۆمـیـسـاریای باڵای پەنابەران کـرد بۆ بەدواداچوون بە پێشنیـازی ناردنەوە. بەڵام کـۆمـیـسـاریا نـەیدەتوانی ئاسـانکاری بۆ پرۆسـەکـە بکا تـا ئەو کـاتەی هێزەکانی هاوپەیمان پێگەی یاسـاییی مێکیان یەکلا نەدەکردەوە. پاش ئەوەی ئەندامـانی گرووپەکە بە کەسانی پارێزراو هـاتنە ژماردن، کۆمیسـاریا بەجیـا چاوپێکەوتنـی لەگـەڵدا کـردن و یارمـەتیی دان بۆ گـەڕانەوەیان بۆ ئێـران لە کـۆتاییی ٢٠٠٤ و دووبارە لە سـەرەتای ٢٠٠٥دا. بەم هـۆیەوە، نێـزیکەی ٢٥٠ ئەندامی پێشـووی مـێک ئارەزوومـەندانە بۆ ئێـران نێـردرانەوە و گـوایە لەوێ کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران بە باشی مامـەڵەی لەگەڵدا کردوون. لە ڕاستیدا، لەپێناو پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکاندا، ئێران بۆنەگەلێکی بۆ بەخێرهێنانەوەی ئەندامـانـی پێشـووی مـێک بۆ نیـشـتـمـان ڕێک خـست و پـاشـان کـۆمـەڵێک لێکۆڵینەوەی دوو حـەوتوویی جیـا جیـای ئەنجام دا. تا ئەمڕۆ کۆمـیـسـاریای باڵای پەنـابەران بەهیچ جـۆرە خـراپ مـامـەڵەکـردنێک لەگـەڵ ئەم گـەڕاوانەی نەزانیـوەتەوە تـەنانەت لە ماوەی لێکۆڵینەوە دوو حـەوتوویییـەکـاندا. لە ئایاری ٢٠٠٤دا ئەو تیـمـەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە چاوپێکەوتنی لە کـەمپی ئەشـرەفدا کـردبوو پێشنیـازی ناردنـەوەی هـەمـوو ئەندامـانی مـێکی کرد، بەڵام هیچ هـەنگاوێک نەهاوێژرا.

ناردنەوە بۆ ئێران تاکە ڕێگەچارەی سەرکەوتووی سروشتی بوو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، سەرەڕای ئەوەی بەگشتی وا چاوەڕوان دەکرا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ئەندامانی پێشووی مێک بچەوسێنێتەوە، کە دەرکەوت بارەکە بەم شێوەیە نییە. ئەوی ڕاستی بێ، لە بەرژەوەندیی ئێراندا بوو پابەندی لێبووردنەکە بێ بۆ ئەوەی پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی بەهێز بکا لە هەمان کاتدا بۆ ئامانجی سەرەکی خۆی واتە هەڵوەشاندنەوەی مێک هەوڵ بدا. حکوومەتی عێراقیش دەتوانێت ئامانجی خۆی بۆ دەرکردنی کۆمەڵە جەماوەری مێک لە عێراق بپێکێ و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی لێکچوو پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی بە پشتیوانیکردن لە پرۆسەکە لە ڕێگەی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانەوە بەهێزتر بکات. کۆمەڵێک کاربەدەستی پلە یەکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام جەختیان کردووەتەوە ناردنەوە، تەنیا ڕێگەچارەی ڕێ تێچووە.

پێویستە کۆمیسارییای باڵای پەنابەران لە هەر هەوڵێکی ناردنەوەدا بەشدار بێت چونکە بنەمای نەزڤراندن دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت. بۆ ئەمەش پێویستە بەجیا لە باری هەر ئەندامێک بکۆڵرێتەوە. کۆمیسارییای باڵا چاوپێکەوتن لەگەڵ تاکەیلی ناوزەدکراو بۆ ناردنەوە دەکات بۆ ئەوەی سروشتی ترسیان لە چەوساندنەوە هەڵبسەنگێنێ. ئەگەر نیگەرانییەکانی هەر تاکێک بەشێوەیەکی بابەتییانە و تاکانە ڕاست و دروست نەبن، ئەو کەسە بەخورتی دەنێردرێتەوە. بۆ ئەو ئەندامانەی مێکیش کە نیگەرانییەکانیان بەڕاستی ڕێگرە لە ناردنەوەیان، کە ڕەنگە سەرکردەکانی ناوبراوی مێک بگرێتەوە کە لێبووردنەکەی ئێران نایانگرێتەوە، بنەمای نەزڤراندن ناردنەوەیان قەدەخە دەکات. ئەم تاکانە نەپارێزراون لە دژی دادگەیی بەهۆی سنووربەزاندن یان تاوانی تر لەناو عێراق (یان لەناو ئێرانیش، ئەگەر عێراق لەدادگەیان بدا)، بەڵام حکوومەتی عێراق پێویستە پاوەندی گەرەنتیی دیپلۆماسیی نووسراوی خۆی بێ بۆ ئەوەی جوامێرانە و بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئەم تاکانەدا رەفتار بکا.

## بەشی چوارەم

# ململانێی چاوەڕوان نەکراو و بەرەنجامی نەویستراو و پەندە وەرگیراوەکان

لە پلانی گەورەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا مێک ڕۆڵێکی بچووکی هەبوو. بەڵام لەوەی پێوەندیی بەپرۆسەگەلی گرتنەوە هەیە زۆر گەورەتر دەهاتە بەرچاو، نەک تەنیاش لە سەرەتای پێکدادانەکان واتە ئەو کاتەی ئەندامانی ڕاگیراوی مێک لەناو کەمپی ئەشرەف ڕێژەیەکی بەرچاوی جەماوەری گرتووانی پێک دەهێنا، بگرە ئەو کاتەش کە گرووپەکە پێگەی کەسانی پارێزراوی پێ درا و بەم شێوەیە ئەرکی کەوتە ئەستۆی وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان.

ئاشکرایە مێک مێژوویکی نائاساییی هەیە، بەڵام بێ هاوتاییە ڕواڵەتییانەکەی بەو مانایە نییە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان ئیتر تووشی هاوشێوەکانی مێک نابێتەوە. لە پرۆسەگەلی شەڕوانیی داهاتوودا بەتایبەتیش لە کردەوەگەلی دژەیاخیگەریدا بێ شک جەماوەری تایبەتیی تر سەر هەڵدەدەن. لەم جۆرە باروذۆخەدا ئەو هەنگاوە چەوتەی لە ئەزموونی مێک و ئەو پەندانەی لە مێک وەرگیراون، دەشێت یاریدەر بن بۆ پەرەدان بەو ڕێگەیەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەڕوانێتە پرۆسەگەلی گرتن و لە داهاتوودا جێبەجێیان دەکات. ئەم دوو ڕەهەندە هەردووکیان لەم بەشەدا باس کراون.

## پلان دانەرانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق پێناسەیەکی وردیان بۆ ئەرکی سەربازی بەرامبەر بە مێک نەکرد

بەهۆی پێگەکەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی و مێژووی خزمەتکردنی بە سەدام، مێک بەر لە هێرشی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بەدوژمن هەژمار دەکرا. بەڵام پاش شەڕیش هێزەکانی فرەنەتەوە هیچ ئامانجێکی سەربازیی تریان لەبارەی بە مێکەوە بۆ دیار نەکرابوو، جگە لە مسۆگەرکردنی خۆبەدەستەوەدانی مێک کە ئەم ئامانجەش هەرگیز نەهاتە دی. دەبووایە پێشتر گەلێک پرسیاری ستراتیجی بخرایانە بەرباس: ئاخۆ ئەفسەرانی مەیدانی شەڕ دەبووایە چ زانیارییەکان لەبارەی مێژووی مێکەوە هەبێ؟ پاش خۆبەدەستەوەدانی مێک دەبووایە چ هەنگاوێک بگیرێتە بەر؟ دەبووایە ئەندامانی مێک بەپێی چ یاسایەکەوە و لە کوێ و چەند بگیرێن؟ مەرجەکانی ئازادکردنیان چین؟ چارەنووسیان چییە[1]؟ ئەمانە بابەتی چاوەڕوانکراو و ڕاستەقینە بوون، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی بە هەند وەرگیرابن و نە سەرکردەکانی شەڕوان و نە ئەوانی کردەوەگەلی گرتن هیچ ڕێنوێنییەکیان لەبارەی ئەم بابەتانەوە وەرنەگرتبوو. ئەمانە ڕەنگە هەڵەی گەورەتریان لە پلانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لێ بکەوێتەوە. لەبەر ئەوەش چالاکییەکانی هێزەکانی فرەنەتەوە لە کەمپی ئەشرەفدا بەبێ ئامانجێکی ڕوون دەستی پێ کرد و بەگشتی بەو شێوە تایبەتەوە ماوە[2].

ئەو تاکە فەرمانانەی بە هێزی ئەشرەف درابوو پێوەندیی بە بابەتی تاکتیکییەوە هەبوو. هەرچەندە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند مەبەستی ئەمەریکا " سڕینەوەی ئامانجی مێکە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی تیرۆریستی و پێشگریکردنە لە ڕێکخستنەوەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" ئەفسەرانی هێزی ئەشرەف سەرەتا ئەرکی رواڵەتیی وەک چەک داماڵین و کۆکردنەوەی مێکیان پێ سپێردرا، کە ڕیخۆشکەر بوو بۆ ئێف بی ئای سەرژمێریی جەماوەری مێک بکات و لێکۆڵینەوەی هەواڵگری ئەنجام بدات

و پاڵپـشـتـی لـه هـەوڵەکـانـی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان بـکات بۆ کـۆکـردنـەوەی زانیـاری لەبارەی ژیانی جـەمـاوەرەکـە و ئەنجـامـدانی پرۆسـەی چاوپێـداگێـڕانەوەی گـشـتی بە گـرووپەکـەدا. پاشـان داوا لـە سـەرانی هێـزی ئەشرەف کرا تەنیا بارودۆخەکە و ئارامی بپارێزن.

## هێزەکانی هاوپەیمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوورێکی نامۆ یان ئاکارە نائاساییەکانی مێک ئامادەییان نەبوو

بەپێی هـەمـوو بەڵگەکان، کاربەدەسـتـانی هێـزەکـانی فرەنەتەوەی سـەر خـاکی عێراق ئەوانەشـیان کە بەرپرسی کاروباری گیراوان بوون، پێش ئەوەی جێگر بکرێن یان سـەروکـاریان لەگـەڵ مـێک بکەوێت، هیچ کـامـیـان فـەرمـانێکی گرینگیـان پێ نەدرابوو. یەکەمین ئەفسـەرەکـانی لە هێزی ئەشرەفدا خزمەتیان کـرد مـاوەیەکی کـەم یـان هیـچ کـاتیـان بـۆ ڕێنوێنی وەرگـرتن لـەبارەی بەئەرکەکانیانەوە لە کەمپی ئەشـرەف وەرنەگرتبـوو. نە ئەفسـەرەکـان و نە ئەو سـەربازانەش کە پشـتیـوانییـان لێ دەکردن زانیـاری یان ڕاهێنانیـان لەبارەی کـولتـووری ئێرانـی (فـارسـی) و کـولتـووری عـێـراقی (عـەرەبی)یەوە نـەبوو. لە یەکەم سـاڵی داگیرکاریدا، تەنانەت هەندێکیان هێشتا لـەوە تێ نەگەیشـتبوون دوو نەتەوەکـە بە دوو زمـانی جیـاواز دەدوێن[٣]. لە بارودۆخـێکدا کـە هێـزی داگیرکار و بەهـەمان شـێوەش گیـراوان بەزمانی جیاواز دەدوێن، ئەمەش جگە لە شێـوەزارە جیاوازەکانی سـەر بەهـەمان زمان، وەرگێڕەکان دەتوانن ڕۆڵێکی سـەرەکی ببیـنن لە دانوسـتـاندن و بەرزکردنەوەی وشـیـاریی کولتووری و (لەم بارەدا) باشـتر تێکەڵبوون بـە مێک و تێ گـەیشـتن لێی. بەڵام لە سـەرەتایەکـانی پرۆسـەی ئازادکردنی عێراقدا هیچ وەرگێڕێک بەتایبـەتی بۆ هێزی ناو کـەمپی ئەشرەف دانەمەزرا.

تەنانەت ئەو کاتەش کە زانیـاریی کولتووری و بەکەڵک لە ڕێگەی ئەزمـوونی سـەخـتی ڕۆژانـە لە کەمـپـەکـەدا دەهاتە دەست، هـەلێکی کـەم بۆ بەشـینەوەی زانیارییەکە هـەبـوو. هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراق داوای فەرمـاندەگـەلی هێزی

ئەشرەفیان بۆ ڕاهێنانێکی چەند ڕۆژەی فەرماندە جێگرەوەکان لەسەر ڕۆڵە نوێیە ئاڵۆز و بێزارکەرەکەیان ڕەت دەکردەوە. هەندێک لە ئەفسەران کورتەیەکی سەرپێییان لەبارەی مێکەوە پێ درا و ئەوانی تر هیچیان وەرنەگرت. لەبەر ئەوە سەرئێشە ئاساییەکانی پێوەست بەگەیاندنی زانیاریی ڕێکخستن لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە لە بنەڕەتدا هیچ تێکەڵبوونێک لە نێوان سەرکردە باڵاکان لە ماوەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا ڕووی نەدەدا، گەورەتر دەبوون. لە ئەنجامدا فەرماندەگەلی هێزی ئەشرەف هیچ هەل یان هەلێکی کەمیان بۆ باسکردنی گیروگرفتە سەرەکییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مێکدا و بۆ بەشینەوەی زانیاری و بەراوردکردنی ستراتیجییەکان هەبوو. ئەم کێماسییە کاریگەریی قووڵی لێ کەوتەوە ئەو دەمەی کاربەدەستانی هێزی ئەشرەف لە کاتی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی ئەندامانی مێک بۆیان دەرکەوت ڕێکخراوەکە نەک هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانییە، بگرە تاقمێکیشە[٤].

## مێک وەک تاقم

سەرەتا مێک پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەبوو، بەڵام وردە وردە لە ناوەڕاستی ١٩٨٠ەوە پاش ئەوەی سەرکردەکانی گرووپەکە و زۆر لە ئەندامانی بۆ پاریسیان گواستەوە، ئەمانە بۆ شتێکی چەوت گۆڕا. لەوێ مەسعوود ڕەجەوی دەستی بەئەنجامدانی ئەو شتە کرد کە بە "شۆڕشی ئایدیۆلۆجی" ناوی برد، ئەمەش خوازیاری کۆمەڵە چالاکییەکی نوێ بوو کە بە سووربوون لەسەر خوێندنەوەیەکی رووەو زیادبوون و خۆبەختکردن بۆ پرسەکە دەستی پێ کرد. بەڵام خێرا گۆڕا بۆ خۆبەختکردنێکی نیمچە ئاینی بە ڕەجەوی (خۆی و مێرەمی خێزانی)، دانیشتنی گشتی بۆ سەرکۆنەی خۆ، تەڵاقدانی بەخورتی، ڕەبەنی، دەستبەرداربوونی زۆرەکی لە خێزان و هاوڕێیان و جیاکاریی ڕەگەزی.

پێش ئەوەی مێک لەگەڵ سەدامدا هاوپەیمانیەتی ببەستێت، ڕێکخراوێکی جەماوەرڕاکێش بوو. بەڵام کاتێک لە عێراق نیشتەجێ بوو و لە دژی هێزەکانی

ئێرانی لە پاڵ سەدام شەڕی کرد، گرووپەکە کینەی خەڵکی ئێرانی هەستاند و لە ئەنجامدا ژمارەی خۆبەختکەرانی لە کورتی دا. بەم شێوەیە هەڵمەتێکی سەرلێشێوێنانەی ڕەشبگیری دەستی پێ کرد. مێک بەشێوەیەکی ئاسایی بەدوای ئێرانییانی دژبەری حکوومەتەوە بوون، بەڵام بە بەڵێنی درۆین بۆ دامەزراندن و زەوی و یارمەتیدانیان لە وەرگرتنی پەنابەریەتی و تەنانەت هاوسەرکاری لە وڵاتانی ڕۆئاوایی لەو کۆچبەرانەش کە بەهۆکاری ئابوورییەوە لە وڵاتانی وەک تورکیا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بوون، دەچوونە پێش بۆ ئەوەی پەلکێشی عێراقییان بکەن. خزم و کەسی ئەندامان گەشتی بەخۆڕاییان بۆ سەردانی کەمپەکانی ئەشرەف بۆ ڕێک دەخرا. زۆربەی ئەم "هێزە نوێیە" بەشێوەیەکی نایاساییەوە هێنرابوویە ناو عێراق و دواتر داوایان لێ کرابوو پێناسەکانیان بدەنە دەست بۆ ئەوەی "بپارێزرێن". بەم شێوەیە لە ڕاستیدا ئەوان بەتەڵەوە بووبوون.

تاکتیکێکی تری ڕەشبگیری بە هاوکاریی حکوومەتی سەدامەوە ڕێک خرا. گیراوانی شەڕی ئێران-عێراق پێشنیازیان پێ دەدرا بچنە ریز کەمپەکانی مێکەوە تا لەوێوە بنێردرێنەوە وڵاتی خۆیان یانیش لە کەمپی گرتیگەکانی عێراقدا بمێننەوە. سەتان گیراو چوونە ناو کەمپەکانی مێکەوە و لەوێدا ژاکان. هیچ هەوڵێک بۆ ناردنەوەیان نەدرا.

بۆ هێزەکانی هاوپەیمان هەڵسوکەوتی تاقمییانە و نەریتە گوماناوییەکانی مێک لە ڕەشبگیریدا تەنیا ئەگەر کاریگەرییان لەسەر کردەوەگەلی ناو کەمپەکە و هەڵبژاردنە ستراتیجییەکانی بەردەم گرووپەکە هەبوایە، گرینگ بوو. سەرکردایەتیی مێک ڕەنگە هاوکار نەبوایە بۆ ئەو سیاسەتانەی دەسەڵاتی مێکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆی ئەندامانی لەناو دەبرد. لە ڕاستیدا، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤەوە مێک دەمێکی درێژ بوو دەستی دابووە پرۆسەیەکی ئاڵۆز کە "دادگەییکردن" و بە زۆرەکییانە دانان بەناپاکی و تەنانەت دارکاریشی تێدا بوو، ئەمەش لە پێناو هێشتنەوەی ئەو ئەندامانەی ڕایان گەیاندبوو حەزیان لە جیابوونەوەیە.

هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لەگەڵ چڕکردنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا هەموار کرایەوە، ئەوانەی ئارەزووی جیابوونەوە دەکەن، هێشتاش چەند رۆژێک یان تەنانەت چەند هەفتەیەک لە جۆرە گرتیگەی تاکانەدا بەدەستبەسەری "لێپرسینەوەیان" لەگەڵدا دەکرێت و لەو ماوەیەدا هان دەدرێن ڕایان بگۆڕن. بەپێچەوانەوە، ئەو لە مێشک چەقاندن و دابڕانەی ئەندامانی مێک پێیدا تێ دەپەڕن رەنگە وردە وردە هەستێکی زێدەڕۆیانەی وەفاداری بچەسپێنێ و ببێتە هۆی ئەوەی پێشنیازی جیابوونەوەیان لە سەرکردەکانیان ڕەت بکەنەوە. ئەمەش بەتایبەتی بۆ ناردنەوە ئێران ڕاستە، چونکە شیمانەی ئازاردرانیان لە ئێران بە زەقی لە مێشک چەقێنراوە(٥).

## مێک وێنەی باڵادەستێک لە بەکارهێنانی رای گشتیدا

لە ماوەی پتر لە چوار دەیەی دامەزراندنیەوە، مێک لە شێوەدان و پەرەدان بە ناوبانگی خۆی وەک رێکخراوێکی دیموکراسی کە ئامانجی ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکانی ئێرانییە، بەعیلمانی و بەئاینییەکانیانەوە، یەکجار باڵادەست بووە و دەشبێت. ئەم ناوبانگە بەتایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپادا کاریگەر بوو، ئەو شوێنانەی تا ئەم دواییەش چالاکیگەلی هەرەوەزیی مایەکیی بۆ مێک تێیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون. بەڵام هەوڵە بەردەوامەکانی مێک بۆ وەرگرتنی پاڵپشتیی سیاسیی ڕۆئاوا لە ڕێگەی هەڵمەتێکی فرەڕەهەند لە پێوەندییە گشتییەکاندا بەس نەبوو بۆ ڕێگرتن لە ناساندنی گرووپەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها شانشینی یەکگرتوو و کەنەدا و ئوسترالیا و یەکەتیی ئەوروپادا. بەپێی یاسای وڵاتە یەکگرتووەکان هەر جۆرە پاڵپشتییەکی سیاسی، ئابووری یان هەر شێوەیەکی تر لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی لەناو حکوومەتی فیدراڵدا تاوانێکە. هەروەتر دەرکەوت زۆربەی چالاکییە هەرەوەزییە مایەکییەکانی مێک درۆین بوونە (بۆ نموونە گوتبوویان پارەکە بۆ پەنابەرانی ئێرانی و خۆشبەختیی منداڵان یان خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ منداڵان کۆ

دەکەنەوە). مێک هەروەها دەستی هەبووە لە کۆمەڵێک پارەلووشدانەوە.

ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمان و بەتایبەتیش ئەوانەی بە هەر جۆرێک دانووستاندنیان لەگەڵ مێکدا کردبوو لە ڕابردووی درێژی مێک لە هەڵخەڵەتاندن ئاگەدار بوونایە، بە شیمانەی کەمترەوە ئەو جۆرە کۆڵدانانەیان دەکرد کە پاشان زۆر گیروگرفتیان لێ کەوتەوە. بەڵام ئەوان نوێنەرانی مێکیان بە دۆستانە و سەرنجڕاکێش و ئاگەدار لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەهاتە بەرچاو. بەم شێوەیەش زەوینەیان هەبوو بۆ باوەڕهێنان بە گوتەکانی بێلایەنبوونی مێک و ئامادەیی ڕواڵەتیانەی گرووپەکە بۆ یارمەتیدانی زیاتر لە پێناو ئامانجەکانی هێزەکانی هاوپەیمان و گوتەکانی مێک سەبارەت بەپاڵشتیکردن لە ئایدیالە دیموکراسییەکان هەم لە ناوەخۆ و هەم لە دەرەوەی گرووپەکەدا و جەختکردنەوەی لەوەی لە ڕووی سیاسییەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پاڵپشتییەکی بەرفەرەوانی لێ دەکرێت. ئەگەر بەتایبەتی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان پتر وریا بووایە، ڕەنگە مێک بۆی نەچوایەتە سەر تاوەکو داواکاریی فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ خۆبەدەستەوەدانی ڕێکخراوەکە ڕەت بداتەوە و کەمتریش ڕێی تێ دەچێت بیتوانیایە لەلایەن جەنەراڵ ئۆدێرنۆوە داوای چاوپێداگێڕانەوە بە ناونیشانەکەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریسیی بیانی بکرێت.

## مێک وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە

لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا تا ئەمڕۆش مێک لەناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا ماوەتەوە. بەڵام کۆمەڵێک سەرکردەی سوپایی و شارستانی ئاخاوتنی دژیەکیان سەبارەت بە پاڵپشتی لە مێک داوە و وەک دواتر لەم بەشەدا باس کراوە هێزەکانی هاوپەیمان بەردەوام بۆ کۆنترۆڵکردن یان هەڵوەشاندنەوەی گرووپەکە شکانیان هێناوە. بەم ئاخاوتنانە هاوپەیمانان و بەتایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ڕەخنەی ئەوەیان لێ گیرا کە مامەڵەیان لەگەڵ گرووپەکەدا

وەک هاوپەیمانێکی ڕێتێچوو و سەرچاوەیەکی هەواڵگری بووە نەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی. پێوەندیگەلی ولآتە یەکگرتووەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەهۆی گوماناویبوونی سروشتی پێوەندییەکە ئاڵۆزتر بووە. ئەمە بەتایبەتی لەبارەی ئێرانەوە ڕاستە کە گومانی لەوە هەیە ولآتە یەکگرتووەکان بەنیازە مێک وەک هاوپەیمانێک لە کردەوەیەکی ڕژێم گۆڕین لە دژی ئێراندا بەکار بێنێت. لە سۆنگەی ئەم گومانەوە ولآتە یەکگرتووەکان خۆی تووشی تۆمەتی ڕواڵەتپارێزی لە شەڕی دژ بەتیرۆردا کردووەتەوە.

تا ڕادەیەک ئەم بارودۆخە بەرەنجامی سیاسەتی حکومەتی بووشە سەبارەت بەیاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی چەکداری). پەیماننامەکانی جنێف هەموو خەڵک دەگرنەوە، تیرۆریستانیش. یاساکانی تایبەت بەگرتنی پەیماننامەکان هەم ڕێگە بە گرتنی ئەو تاکانە دەدات کە مەترسییەکی بەرچاوی تیرۆریستییان هەیە و هەمیش دادگەییکردنی تاوانی تیرۆریستان. بەداهێنانی ڕیزپەڕێکی ناپێویست بۆ پەیماننامەکانی جنێف سەبارەت بە ئەلقاعیدە و تاڵیبان و پاشان دانانی یاخییانی بیانی و تیرۆریستانی ناو عێراق لەو پۆلێنەدا، وەزارەتی بەرگریی ولآتە یەکگرتووەکان بەناچاری تووشی بڕیاردان لەبارەی پێگەی یاساییی مێکەوە بووە کە جەماوەریش ئەمانە بەهەڵە بە دژیەکی لێک دەداتەوە. تیرۆریستان شەڕوانانی"نایاسایی" یان "ڕێگە پێ نەدراو" ی نەپارێزراو بە پەیماننامەکانی جنێف بوون و هەر بۆیەش هەر کەسێکی پارێزراو بە پەیماننامەکانەوە نەدەبووایە تیرۆریست بێت. جگە لەوەش ئەو کاتەی ڕامسفیلدی وەزیر مەرجەکانی پەیماننامەی جنێفی بەپێدانی پێگەی کەم ناسراو و لە هەمان کاتدا ورووژێنەری کەسانی پارێزراو لەسەر مێک پیادە کرد، بڕیارەکەی وەک نکوولیکردنی ئارەزوومەندانە لە پێگەی تیرۆریستیی گرووپەکە دەبینرا.

نە ولآتە یەکگرتووەکان و نە هێزەکانی هاوپەیمان هیچ هەوڵێکی جیدییان

نەدا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی پێوەندییە بنکە فرەوانەکەی نێوان بڕیاردەران و جەماوەر ڕووبەڕووی هەڵویستەگەلی هەڵە لەبارەی پێوەندیی خۆیانەوە لەگەڵ مێکدا ببنەوە. بە ڕەچاوکردنی ئەو دروشمە زۆرانەی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ برەودان بە پەیامە دژەتیرۆرییەکەی تەرخانی کردوون، بیرۆکەیەکی باش دەبوو ئەگەر برێک لەو وزەیە ئاراستەی هێورکردنەوەی ئەم چەوتە بۆچوونە ڕووخێنەرە لەبارەی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مێکەوە بکرایە.

## هێزەکانی هاوپەیمان ڕۆڵێکی زاڵیان لەناو کەمپی ئەشرەفدا نەگێڕا

لەبەر نەبوونی ئەرکێکی ڕوون و سەرەڕای گێژەنی ڕێ تێچووی چواردەوری کردەوەیەکی سەربازیی سەرەکی، شتێکی یەکجار سەرسڕمێن نییە کە هێزەکانی هاوپەیمان لە مامەڵە سەرەتاییەکانیان لەگەڵ مێکدا دوودڵ هاتبنە بەرچاو. بەڵام کاتێک سەرکەوتنێکی خێرا و پاشەکشە لە عێراق نووچی خوارد و ڕوون بووەوە بوونی هاوپەیمانان لە وڵاتدا تا ماوەیەکی نادیار خوازراوە، پێویستیی سیاسەتێکی تۆکمە لەبارەی مێکەوە دەبێت ڕوون و ئاشکرا بووبێت. بەداخەوە، کردەوەگەلی هاوپەیمانان بەردەوام نامسۆگەر بوون و هەندێک جار دیار نەبوو ئاخۆ هێزەکانی هاوپەیمان مێکیان گرتووە یاخۆ کام لایەن لە ڕاستیدا دەسەڵاتی کەمپی ئەشرەفی بەدەستەوەیە.

## مێک ئازادییەکی بەرچاوی بۆ هاتوچۆکردن پێ درابوو

هێزەکانی هاوپەیمان چەکیان بە مێک دانا، بەڵام کارێکی کەمیان کرد بۆ سنووردارکردنی هاتوچۆی گرووپەکە پاش ئەوەی لە کەمپی ئەشرەفدا چڕ کرانەوە. هێزەکانی هاوپەیمان زۆربەی جاریش لە ڕێگەی گەشتی ڕواڵەتیی پاسەوانییەوە تەناهییان لە دەرەوەی دەروازەکانی کەمپەکەدا دابین دەکرد، بەڵام لە ناوەخۆی کەمپەکەدا لەوەتەی ٢٠٠٣وە هیچ گەشتێک نەبووە. هەرچەندە یەکەکانی جودای نیشتەجێبوون پەرژینیان لە دەورە[٦]، بەڵام هیچ

پەرچێکی دەرەکی بەدەوری کەمپی ١٥ مایلی چوارگۆشەدا نەکێشراوە. ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی ناوچەیی ڕۆژانە دێن و دەچن بێ ئەوەی پاسەوانانی هاوپەیمان لە دەرەوەی دەروازەی سەرەکیی کەمپەکەدا ڕایان بگرن. لە ئەنجامدا مێک بێ خۆ تێ هەڵقورتاندنی هاوپەیمانان ئازادییەکی زۆری بۆ هاتوچۆکردن هەبووە. هەروەتر مێک بە هێزی ئەشرەفی گوتبوو بەلایەنی کەمەوە ٢٠٠ کەس لەوەتەی پێدانی پێگەی کەسانی پارێزراو لە ٢٠٠٤ەوە هاتبوونەتە ناو کەمپەکەوە، هێزی ئەشرەف هیچ شتێک لەبارەی ئەوانەوە نازانێت.

## کەمیی هێزی مرۆیی کێشەیەکی بەردەوامی هاوپەیمانان بوو

نەبوونی هێزی مرۆیی هەروەها بەمانای ئەوە بووە هێزەکانی هاوپەیمانان هیچ کاتێک پشکنینێکی بەرفرەوانی کەمپی ئەشرەفیان نەکردووە. مێک ڕێگەی بەم کارە نەدەدا و هێزەکانی هاوپەیمانیش ئامادە نەبوون هێزی مرۆیی ناو بنکەی گریزلی بۆ کردەوەگەلی ڕاستەوخۆ لە ئەرکەکانی ئاسایی پاراستنی تەناهیی ناوچەکەوە بەپشکنینی گرووپەکەوە سەرقاڵ بکەن. لە ئەنجامدا، باڵەخانەی وا لە کەمپی ئەشرەفدا هەن کە هیچ ئەمەریکاییەک هەرگیز نەیپشکنیون. ستافی پێشووی هێزی ئەشرەف لەو باوەڕەدایە چەک و فایلی کەسێنی و تەنانەت ڕەنگە ئەندامانی مێکی دەسبەسەرکراو بە شیمانەی زۆرەوە لە هەندێک لەم باڵەخانانەدا بدۆزرێنەوە. هیچ نەبێت بەپێی ئەو دەنگۆیانەی کە مێک چەکی کۆمەڵکوژی بۆ سەدام کۆ دەکردەوە، گرووپی چاودێریی عێراق، کە تیمێکی نێودەوڵەتیی ڕێکخراوە لەلایەن پێنتاگۆن و سی ئای ئەی بۆ دۆزینەوەی کۆگەکانی ڕێتێچووی چەکی کۆمەڵکوژ(٧)، دەبووایە مافی چوونە ناو هەر باڵەخانەیەکی پێ بدرایە.

## مێک ڕێگەی پێ درا فەرمانگەی پێوەندییەکانی دابمەزرێنێ و لە بنکەیەکی هاوپەیمانانەوە پەرە بە پرسی خۆی بدات

ئەو دەمەی هێزەکانی هاوپەیمان بنکەی کردەوەگەلی ڕاستەوخۆیان لە نێزیک کەمپی ئەشرەفدا دامەزراند، سوودیان لە باڵەخانە کۆن و وێرانەکانی مێک وەرگرت و بۆ مێک جوانترین باڵەخانەیان بۆ فەرمانگەی پێوەندییەکانی هێشتەوە. هەرچەندە پەیماننامەی سێیەمی جنێف داوا لە هێزی گرتیگر دەکات هاوکاریی گیراوانی شەڕ بدات، بەڵام بۆ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نەریتێکی پێوەری نەبووە کە بۆ گیراون- زۆر کەمتریش بۆ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانیی پێناسە کراوەوە- شوێنی نووسینگەیەک لەناو بنکەکانی خۆیدا بکاتەوە. هێزی ئەشرەف بەتێکڕا حەوتووانە لە سێ کۆبوونەوەی پێوەندییەکان بەشدار دەبوو و تا ماوەیەک فەرماندەی هێزی جێبەجێکاری ١٣٤ دەچووە بنکەی گریزلی بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی ئاسایی جگە لە خوێندنەوەی گوتارەهەواڵی نوێ لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەن سەرانی مێکەوە چیی تری لەخۆ نەدەگرت(٨).

بۆ فەرماندەگەلی بنکەکە، ڕێگەدان بە گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ پرۆپاگەندەکردن و هەوڵدان بۆ وەرگەڕاندنی سەربازانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناو بنکەیەکی ئەمەریکاییدا نەریتێکی پێوەری نەبوو. ئەمە نەک تەنیا قەدەخە نەبوو، بگرە لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی داگیرکاریدا فەرماندەیەکی بنکەی گریزلی داواکاریی هێزی ئەشرەفی بۆ ناچارکردنی مێک بۆ وەستاندنی ئەم چالاکییەی ڕەت کردەوە(٩).

جگە لەوەش بەدڵنیاییەوە پێرەوێکی نەریتی نەبووە بۆ ئەو ئەفسەرانەی ڕاپۆرت دەدەنە فەرماندەیی کردەوەگەلی گرتن کە ڕێگە بە گرووپە تیرۆریستیەکانی ژێر چاودێرییان بدەن کۆنفرانسی گشتی بۆ پاڵپشتی لە پرسەکانی خۆیان ببەستن. بەڵام مێک ڕێگەی پێ درابوو ئەمە دەقاودەق لە

کەمپی ئەشرەفدا ئەنجام بدات. هەروەتر بۆ ماوەی چەندان ساڵ مێک سەرەڕای نارەزایی حکومەتی عێراق و فەرمانەکانی هاوپەیمانانەوە بەردەوام بووە لە وەشاندن لە وێستگەی رادیۆیی خۆیدا.

## هاوپەیمانان بەشێوەیەکی کاریگەر ئەندامانی مێکیان بۆ جیابوونەوە لە گرووپەکە هان نەدا

یەکێک لە ئامانجەکانی کۆکردنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا نەک لە کەمپێکی گرتیگەی یان تەنانەت چەندان کەمپەکانی مێکدا کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی پێویست بۆ پاراستن و کۆنترۆڵکردنی جەماوەری گیراو بوو. کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو گیراوانەش کە پێویستییان بەم خزمەتگوزارییانەیە، بۆ پێکانی ئەو ئامانجە یاریدەر بوو. پەیماننامەکانی جنێف لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئۆپۆزسیۆن و کەمکردنەوەی هێزەکەی دەرگەیان بۆ زۆر تاکتیک والا کردووە. بۆ نموونە هێزەکانی هاوپەیمان دەیانتوانی سەرکردەکان لە کادیرانی ئاسایی جیا بکەنەوە و بەم شێوەیە پێگەی تاقمەکە سست بکەن. بەگوێرەی پەیماننامەی سێیەمی جنێفەوە پێویستە ئەفسەران لە ستافی فەرمییەوە جیا بکرێنەوە.

لەلایەکی ترەوە، بە ڕەچاوکردنی مێژووی هەڵسوکەوتی تاقمییانەی مێک، هەوڵەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕەنگە ئەستەم و دڵشکێن بووبان و مەترسیی توندوتیژی بەتایبەتیش توندوتیژی بەرامبەر بەخوتدی لەگەڵدا بووایە. یەکێک لە ئاکارە تاقمییەکانی مێک جەخت لەسەر خۆکوژییە. هەرچەندە مێک لەوەتەی ١٩٨١ەوە خۆکوژیی وەک تاکتیکێکی هێرشبەری بەکار نەهێناوە، بەڵام بەردەوام هەڕەشەکردن بەخۆکوژی وەک تاکتیکێک لە دانوستاندنەکان یان بۆ شکاندنی لێکۆڵینەوەکان بەکار هێناوە. ئەمەش دەرچووە یەکجار کاریگەر بێت، پاش ئەوەی ١٠ ئەندامی مێک لە پاریس وەک نارەزایی بەرامبەر بە دەسگیرکردنی مێرەم رەجەویی سەرۆکی مێک لە ٢٠٠٣ خۆیان سووتاند. هێزی ئەشرەف کە ترسی لەوە بوو ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمان

هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی مێک بدات، قوربانیدانەکانی پاریس بە بەرفرەوانتری لە کەمپی ئەشرەفدا دووبارە ببێتەوە، پێشنیازەکانی بۆ بەزۆری هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکە رەت کردەوە.

## لە کۆتاییدا تاکە سیاسەتی هاوپەیمانان بەرامبەر بە مێک پێوەرێکی نابەدڵ بوو بەناوی "بچووککردنەوەی ئابڕوومەندانە"

لە ٢٠٠٤دا کاتێک هاتە زانین بەهۆی کیشەگەلی نەزڤراندنەوە هاوپەیمانان بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرپرسیاریەتیی مێکیان لە ئەستۆدایە، هێزەکانی فرەنەتەوە و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکیان داڕشت بۆ رێنوێنیکردنی هاوپەیمانان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێکدا تا ئەو دەمەی ئەندامانی گرووپەکە ئازاد دەکرێن یانیش دەدرێنەوە حکوومەتی عێراقی. ئەم سیاسەتە کاتەکییە کە کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە "بچووککردنەوەی ئابڕوومەندانە" ناوی بردبوو، لە سێ بەش پێک هاتبوو:

پاراستنی تەناهی و ئارامی لە کەمپی ئەشرەفدا،

هێواش هێواش کەمکردنەوەی پاڵپشتیی هاوپەیمانان لە مێک،

هاندانی ئەندامانی مێک بۆ بەجێهێشتنی کەمپەکە و چوونە ناو بینایەی گرتیگە و پارێزگە کاتییەکە.

ئامانجێکی سەرەکی لەم سیاسەتەدا وەدیهێنانی مەرجەکانی سەپێنراو لە پەیماننامەی چوارەمی جنێف بوون لە پێناو پاڵپشتیکردن و پاراستنی کەسانی پارێزراو کە دەستبەسەر نەکرابن. ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی برێتیی بوو لە پاراستن لە توندوتیژی و هەڵسوکەوتی سووکایەتی پێکەر و دڵنیابوون لەوەی مێک خۆراک و چاودێریی پزیشکیی پێ دەگات. لە پێناو دڵنیاکردنی تەناهیی هێزەکانی فرەنەتەوە بەتالیۆنێکی پۆلیسی نێودەوڵەتیی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان و هێزێکی دەریایی چەکداریی لە بنکەی گریزلی جێگیر کرد تاوەکو پاسەوانیی ناوچەکە بکات.

پێبـڕێوی سـووتەمــەنی و زۆربەی پێـداویسـتـیـیـەکـانی ژیان دەبـووایە بۆ کەمپەکە بگوازرێنەوە[١٠]. هێزەکـانی هـاوپەیمـان سـەرەتا بۆ مێک کـاروبـاری کـڕینی کـەلوپەلی پێـویسـتـیـان لە پارێزگەی دیالـە کە کـەمـپی ئەشـرەفی لێ هەڵکەوتووە، رێک خست. بەڵام بـەهۆی دوژمنایەتیی عێراقییەکانەوە بەرامبەر بە مێک، پارێزگار هـەر زوو رەتی کـردەوە پێداویسـتییـەکانی گرووپەکە دابین بکات.

بەهۆی ئامێری تەقـەمەنیی دەستکرد (IED)ەوە هـاتوچۆکردن بەسـەر زۆر لە شـەقـامـەکـان مـەترسـیـدار بووە و ئەوەش کە گـرووپەکە پێناسـەی عێـراقـیی باوەڕپێکراوی نییـە، ئەندامـانی گـرووپەکەی لە خـاڵەکانی پشکنینی تەناهـیـدا بەگرتن دەدا. هـەر بۆیەش لە تشرینی یەکـەمی ٢٠٠٤ەوە هێزەکانی هـاوپەیمان بڕیاریان دا بۆ ئەوەی چوونە بەغدا و شارە بەندەرییەکانی عێراقی پاسەوانی لە مـێک بکەن تا کـەلوپەلی پێوسـتـیـان دەست دەکـەوێت. بەڵام ئەم ئەرکـانەی پاسـوانی ١٤ سـربازی ولاتـە یەکگـرتووەکـانی بە کـوشت دا و بـووە هۆی بریندار بوونی لایەنی کەم ٦٠ سەربازی تر بەئامـێری تەقەمـەنیی دەسکرد[١١]. تاوەکـو ناوەڕاسـتی ٢٠٠٦ واتە پاش ئـەوەی مـەیجـەر جـەنەراڵ جـۆن گـاردنەر فـەرمـاندەیی پرۆسـەگـەلی گـرتنی گرتە دەست ژمـارەی دەسـتـەکانی پاسـەوانی یەکــجــار سنووردار نەکــران. جــەنەراڵ گـــاردنەر هـــەروەهـا بارگـــرانایی بەڵگەهێنانەوە بۆ مێک بۆ روونکردنەوەی پێویستبوونی دەسـتەیەکی پاسەوانی نەهێشتـەوە و ژمارەی ئەو ئەندامـانی مێکی کە دەیانتـوانی لەگەڵ دەسـتـەکەدا بن کـەم کـردەوە و گـەشـتی بە هـەلیکۆپتـەری رێک خـست بۆ دوورکـەوتنەوە لە شەقامە مینرێژکراوەکان[١٢]. مەیجەر جەنەراڵ دۆگلاس جـۆنی جێنشینیشی، گەشتە پاسەوانییەکانی هێشتاش کەمتر کردەوە.

لە کـاتێکدا دوو توخمی یەکـەمی سیاسـەتی بچووککردنەوەی ئابروومـەندانە بەسـەرکـەوتنێکی کـەمـەوە جـێبـەجـێ کـران، هـەوڵێکی زۆر کـەم بـۆ سـێـیـەمین هـاندان بۆ بەجـێـهـێـشـتنی کـەمـپـەکـە دراوە. لە مـاوەی یەکـەم سـاڵی چڕکردنەوەکەدا هێزی ئەشرەف دانوستاندنی لەگەڵ مێکدا کرد بۆ داهێنانی

پرۆسـەیەک کـە بتـوانرێ بەهۆیەوە ئـەو ئەندامـانەی داوای جـیابوونـەوەیان لە گـرووپەکـە کـردبوو، بگوازرێنەوە بـۆ بینایەی گـرتیگە و پـارێزگـەی کـاتەکی. پـرۆســـەی ئـەم "جــیـــابوونـەوە بەرنـامـــەرێژکـــراوانە" رێگەی دا بـە مـــێک "لێـپـێـچـینـەوەیەک"ی چەند رۆژی بکـات کـە تیـێـدا "هەڵگەڕاوەکـانـی داهاتوو (هـەروەک لەلایەن هـێزی ئەشـرەفـەوە ناو دەبردران) زانیـاریی "هەسـتـیـار"یان لەبارەی مـێکەوە لـێ بشـۆرێتـەوە. هەرچەندە لێـپـێـچـینەوەکـە بەئاشـکرا بۆ چاوترســـاندنی ئەندامـــانی مـــێک بـوو بەوەی لە تۆڵەی داواکـــاریان بـۆ بەجێهێشـتنی گرووپەکە بخرێنە گرتیگەوە، بەڵام هێزی ئەشرەف رێگەی بەم کردەوەیە دابوو. سـەرەڕای ئەم ئاسـتەنگە لە ماوەی یەکەم ساڵی کۆکردنەوەی مێکدا، گرووپەکە چەند سەت ئەندامی خۆی نارده بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی کە ئەمانەش بەزۆری گیراوانی شـەڕی ئێران و عێراق و ئەو ئێرانییانە بوون کە پەلکێشی کەمپەکانی ناو عێراق کرابوون(١٣).

پاش ئەم بەخورِ تێرژانە سەرەتاییە، جیابوونەوەکە بە قـەدەر دڵۆپەکردن لە کەمپی دا، بەڵام هێزی ئەشرەف هیچ کارێکی تری بۆ هاندانی جیابوونەوە لە مێک نەکرد. هێـزی ئەشرەف دەیزانی سـەرکردایەتیی مێک زانیاریی هەڵەی لەبارەی هەلومـەرجی نالەباری گوزەرانی بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی بڵاو کردووەتـەوە، کەچی هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕەتدانەوەی ئەم زانیارییە نـەگرتە بەر، تـەنانەت پاش ئـەوەش کـە هەلومــەرجـەکـە دوای دامــەزراندنی بینـایەی گـرتیگە و پارێزگـە نـوێ لە ٢٠٠٦دا بە شـێـوەیەکی بەرچاو گـۆڕا(١٤). بێـجگە لەوەش هێزەکە هیچ یارمەتییەکی ئەو ئەندامانەی مێکی نەدا کە دەیانویست بەبـێ تێــپــەڕین بە لێــپــێــچــینـەوە لە مـــاوەی پرۆســـەی جــیـــابوونەوە بەرنـامـەرێژکـراوەکـاندا لە کـەمـپی ئـەشـرەف قـوتـاریان بێت. هێـزەکـانی فـرەنەتەوەی ناو عـێراق هەرگـیز بەنـاو کـەمـپی ئەشـرەفدا نەدەسـووڕانەوە و بۆیەش ئەو ئەنـدامـانی مێک کە دەیانویست جیـا ببنـەوە، هەلی سـەرکـەوتن لە ئۆتۆمۆبێلێکی هێزەکان یان تەنـانەت باسکردنی ئەم حەزەیان بۆ نەدەڕەخسا. تاکـە رێگەی تر بۆ جـیـابـوونەوە پەنابردنـە بەر بینـایەی گـرتیگە و پـارێزگـەی

کاتەکی بوو. هێزی ئەشرەف دەیزانی مێک بەربەستی جەستەیی دروست دەکات بۆ دژوارکردنی کۆچکردن بە پێ. بۆ نموونە مێک بینایەی هێزێکی دیدەوانیی لە نێوان دەروازەوە بۆ بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی دامەزراندبوو. هەرچەندە بەرواڵەت کاری هێزەکە ئاسانکاریکردن بۆ جیابوونەوەی بەرنامەرێژکراوەکان بوو، بەڵام بەئاشکرا بۆ یەک مەبەست دامەزرابوو: جێگیرکردنی پاسەوانانی مێک لە یەک شوێن بۆ چاودێریکردنی کەسانی جیابووەوە. جیابووەوەکان (یان لەم حاڵەتەدا هەڵاتووەکان) دەبووایە لە ڕاستیدا مەودایەکی بەراستی بەرینی زەوییان بپێوایە، لە چنگ پاسەوانانی مێک ڕایان بکردایە و بەسەر کۆمەڵێک کۆسپی جەستەیی لەوانەش پەرژین و باریکەڕێ و وایەری کۆنسێرتینا بازیان بدایە بەر لەوەی لە کۆتاییدا بیانتوانیایە لەگەڵ پاسەوانانی هێزەکەدا ڕووبەڕوو ببنەوە یان بەشێوەیەک لێیان ڕەت بن. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە ئەندامانی مێک هەوڵیان دا ڕابکەن و ژمارەیەکی کەمیان توانییان سەرکەوتووانە بگەنە بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی(١٥). هەرچەندە هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراقدا دەیانزانی مێک ئەم کۆسپە بەرچاوانەی دروست کردووە، هیچ کارێکیان نەکرد بۆ ڕێگەگرتن لە قووتکردنەوەیان یان ناچارکردنی مێک بە تێکشکاندیان یان لەناوبردنیان بەدەستی خۆیان. تاکە بەرپەرچدانەوەیان ئەوە بوو لە ٢٠٠٧دا داواکاریی مێکیان بۆ وایەری زۆرتری کۆنسێرتینا ڕەت کردەوە(١٦).

## پەندەیلی وەرگیراو لە ئەزموونی مێک چین؟

مێک تەنیا بابەتێکی چیرۆکی گرتنکارییەکانی ناو پرۆسەی ئازادکردنی عێراقە. بەڵام بابەتێکی گرینگە و لە زۆر ڕووەوە وێنەیەکی بچووکی کێشەگەلی گەورەتری هاورێی ئەم جۆرە کردەوانە و بەتایبەتیش کردەوەگەلی دژەیاخیگەرییە. لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەو دەرسانەی لە مێکەوە وەردەگیرێن، پێوەندییان نەک تەنیا بە گرووپێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا

هەبێت، بگرە بە گشت کردەوەکانی گرتنیش کە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگە لە داهاتوودا ناچار بێت دەستیان بۆ ببات. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەهەڵسەنگاندنی ئەو دەرسانە و ئەو هەنگاوانەی دەگیرێنە بەر بۆ ئاراستەکردنی ئەو کێشانەی دەرسەکان دەریان دەخەن، بەکۆتا دێت.

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان

بۆ کورت مەودا

هەر ئەندامێکی مێک کە لەلایەن ئێرانەوە لێبووردنی بۆ دەرچووبێت، پێویستە بنێردرێتەوە بۆ ئێران، مەگەر مەترسییەکی پێسەلمێنی هەبێت کە لەوێ ئازار دەدرێ. بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئێران لە دانی لێبووردنەکە بۆ ئەندامانی پێشووی مێک کە تا ئێستا گەڕابنەوە وڵات، پاشگەز بووبێتەوە.

لەوەتەی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ەوە کاربەدەستانی باڵای حکوومەتی عێراقی ئاماژەیان بەوە داوە بەنیازن مێک بنێرنەوە و بەپێی هەموو بەڵگەکانیش هیچ وڵاتێک جگە لە ئێران گرووپەکە وەرناگرێت. بەگوێرەی مەرجەکانی دانەوەی بەرپرسیارێتیی مێک پاش ڕێککەوتننامەی باری هێزەکان کە لە یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا کەوتە واری جێبەجێبوونەوە، ئێستا حکوومەتی عێراق بەرپرسە لە مێک. حکوومەتی عێراق بەنووسین گەرەنتیی داوەتە وڵاتە یەکگرتووەکان کە مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ گروپەکەدا بکات و نەیانداتە وڵاتێک کە ڕەنگە تێیدا بچەوسێنرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی عێراق هێشتاش بەنیازە مێک لە عێراق نەمێنێ.

لە کاتێکدا ئومێدێک بۆ کارتێکرد سەر سیاسەتی عێراقی هەیە، پێویستە هێزەکانی فرەنەتەوە (بەتایبەتیش فەرماندەیی کردەوەگەلی گرتن و هێزی ئەشرەف) و کاربەدەستانی تری وڵاتە یەکگرتووەکان هانی حکوومەتی عێراق بدەن بۆ ئەوەی جێگیرکردنەوەی جوگرافییانەی مێک بەشێوەیەک بێتە ئەنجامدان کە بەگوێرەی پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ بێت.

پێویسته سەرنجێکی تایبەت بدرێته نزیکەی ٧٠٪ی جەماوەری مێک کە پاش ئەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەف جێگیر بووە، هاتوونەتە ریز گرووپەکە. ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی مێک بە بیانووی درۆیینەوە بۆ ناو عێراق هەڵخەڵەتێنرابوون یانیش تێگەیشتنێکی روونیان لەبارەی بە ئامانج و رێبازی کارکردنی گرووپەکە و بەتایبەتیش لەبارەی هەڵسوکەوتی تاقییانەیەوە نەبوو زۆریان ناچار کرابوون بەبێ ویستی خۆیان بمێننەوە. ناردنەوە، هەلێک بۆ ژیانێکی سەرلەنوێ و دوور لە دەسەڵاتی تاقم ئاسایانەی مێک دەرەخسێنێت. جێگرەوەکەی رەنگە تا سەر ژیان وەک تاکێکی بێ دەوڵەت بێت.

فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کردەوەگەلی گرتن پێویستە لەگەڵ کۆمیسارای باڵای پەنابەران و حکوومەتی عێراقدا کار بکات بۆ داڕشتنی پرۆسەیەک بۆ ئەوەی بە مسۆگەری حاڵەتی هەر ئەندامێکی مێک بە جیا لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و چاوپێداگێرانەوەیەکی تەواوی بۆ نەزڤراندن بۆ بکرێت. جیاکردنەوەی سەرکردەکان لە کادیرەکان رەنگە بۆ گەیشتن بەم ئاکامە یاریدەر بوویێت (هەرچەندە لە مەترسیی ناردنەوە رەنگە خۆیان ون بکەن وەک ئەوەی مەسعوود رەجەوی و زۆری تریان زوو پێش سەرهەڵدانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق وایان کرد). ناردنەوە رەنگە ویستەکییانە یان زۆرەکییانە بێت، بەڵام تەنیا ئەو ئەندامانەی هەرەشەیەکی راستەقینەی چەوساندنەوەیان لەسەر نەبێت رەنگە بنێرردرێنەوە ئێران. بۆ ئەوانی تر فەرماندەیی کردەوەگەلی گرتن پێویستە لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا کار بکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی هەرکەسە و یان مافگەلی یاسایی نیشتەجێبوون لە عێراق وەربگرێت یانیش لە وڵاتێکی سێیەمدا بگیرسێتەوە یان بە تۆمەتی تاوانباری دادگەیی بکرێت. لەو حاڵەتانەدا کە حکوومەتی عێراقی بڕیار بدات ئەندامێکی مێک دادگەیی بکات، بۆ دڵنیابوون لە مسۆگەرکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پرۆسەی چاوەڕوانکراو، پێویستە هەنگاو بنرێن.

بۆ درێژمەودا

پێویستە پلاندانەرانی بەرگری بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆشکی سپی کار بکەن بۆ داڕشتنی ئامانجگەلی تایبەت و دەربڕینێکی روون و ئاشکرای ئەرکەکەی فەرماندەکانی مەیدان لەوەی پێوەندیی بەمامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە شەڕوانەکانەوە هەیە بەتایبەتیش لەو بارودۆخانەی لە رووی سیاسییەوە هەستیارن. جگە لە رێنوێنی بۆ شکاندنی هێزەکانی دژبەر، هەروەها پێویستە رێنوێنی هەبێت لەبارەی ئەوەی ئاخۆ چۆن پاش ئەوەی ئەرکەکە سەرکەوتووانە بە کۆتا دێت، بەشیاوی دەستبەسەر بکرێن(١٧).

پێش دەستپێکی کردەوەی سەربازیی فەرماندەکانی مەیدان و ئەفسەرانی نوێنەریان و ستافی ناونووسراو پێویستە زانیارییان لەبارەی مێژوو و ئامانجەکان و جیاوازییە کولتورییە پێوەندیدارەکانی هێزی دوژمن بۆ دابین بکرێت. پێویستە سەرنجێکی ورد بدرێتە جەماوەری تایبەتی وەک مێک کە تێیدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گرووپەکە و توانای سەرکردەکانی بۆ زیان گەیاندنی جەستەیی و رۆحیی بەشوێنکەوتووانیان کێشەی تایبەتی ناوەتەوە. ئەم زانیارییە هەردەم بەهۆی ئەزموونی مەیدانییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و پێویستە نۆرە-کاری بەرنامەرێژکراو کاتێکی تەواو بداتە فەرماندە ماوە بەسەرچووەکان تاوەکو بەتەواوەتی رێنوێنی بدەنە جێگرەوەکانیان بۆ ئەوەی چەماوەی فێربوون کورتتر بکەنەوە و بیرەوەریی رێکخراو بپارێزن.

لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا هێزەکانی هاوپەیمان تەنانەت زانیاریی بنەڕەتییان سەربارەت بە جیاوازییەکانی نێوان کولتووری عێراقی و ئێرانی پێ نەدرابوو و لەبەرئەوەش ئامادەییان بۆ پەنجە خستنە سەر ئەو دوژمنایەتیی بەردەوامە ژێربەژێرە نەبوو کە دزەی کردبووە نێو پێوەندییەکانیان(١٨). لەوەش گرینگتر هێزەکانی هاوپەیمان لە سەروکاریان لەگەڵ مێکدا بارودۆخێکی نالەباری جیاواز لە سەرەتایان تووش بووبوو لەبەرئەوەی هیچ رێنوێنییەکیان نەبوو لەبارەی ئاکارە تاقمییەکانی گرووپەکە و

چالاکییەکانی لە ڕابردوودا و ئاخۆ چۆن ئەمانە کێشەی تایبەت بە گرتن دەنێنەوە. ئەگەر ئەم زانیارییە دەستەبەر بووایە، ئەفسەرانی سوپای ولاتە یەکگرتووەکان رەنگە فریوی هەڵویستی بەڕواڵەت یاریدەدرانەی مێکیان نەخواردایە. ئەمە نەک تەنیا ڕێگر دەبوو لەوەی بە ئاشکرا ئەو لێدوانانەی پاڵپشتی رابگەیەنن کە لە دواییدا ولاتە یەکگرتووەکانی تووشی شەرمەزاری کرد و ناوبانگی لە شەڕی دژ بە تیرۆردا شێواند، بگرە پەرەی بەو پرۆسەیەش دەدا کە بۆ چاوپێکەوتن و پۆلێنکردنی گیراوەکان گیرابووە بەر و لەگەڵ یاساکانی پەیماننامەکانی جنێفی دەگونجاند.

بەتێپەڕینی کات ستافی هێزەکانی هاوپەیمان هەوڵیان دا بۆ تێگەیشتن لەم بابەتانە و بەتایبەتیش بۆ مێک ئینتەرنێت بەکار بێنن. بەلام ناتەواوبوونی ڕاپۆرتە هەواڵەکان و تەنانەت کۆمەڵێک بەرهەمی لێکۆڵینەوەیش لەگەڵ پروپاگەندەی مێک و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دزەی کردبووە ناو ئینتەرنێتەوە، جیاکردنەوەی ڕاستی لە درۆی یەکجار سەخت کردبوو.

فەرماندەگەلی بەرپرس لە کردەوەگەلی گرتن پێویستە چاودێرییەکی وردتر و کۆنترۆڵێکی توندوتۆڵتر و مرۆڤانەتریان بەسەر هەموو بنکەکانی گرتیگەوە هەبێت جگە لەو ڕێوشوێنانەی چالاکییەکانی ڕۆژانەی ناو هەموویان کۆنترۆڵ دەکات.

هەرچەندە نشینگەی بۆ دیاریکراو پێویستی بەستافێکی کەمتر هەیە لەوەی لە گرتیگەیەکدا پێویستە، دەبێت تەرازووی هێز بەلای گرتیگەدارەکانەوە بێت نەک گیرتووان، خاڵێک کە وا دیارە لە کەمپی ئەشرەفدا ڕەچاو نەکراوە.

پێویستە دەسبەجێ بیر لە جیاکردنەوەی سەرکردەکانی گیراوان و شوێنکەوتووانیان بکرێتەوە. پەیماننامەی سێیەمی جنێف داوا دەکات ئەفسەران و ستافی ناونووسراو نشینگەی جیایان هەبێت. ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو هێزی سەرکردەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی گرووپە گەورەترەکە و بەتایبەتیش لە گرووپێکی تاقمی کەم دەکاتەوە.

ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ژێر دەستی ولاتە یەکگرتووەکان پێویستە

هەڵبوەشێنرێنەوە. ڕێکخراوە تیرۆریستە بیانی و گرووپە تاقمییەکان پێویستە پەرتەوازە بکرێن نەک ڕێگەیان پێ بدرێت لە شوێنێکدا ئەندامانیان چڕ بکەنەوە و دەست بەسەر ماڵەکانیاندا بگرن. ڕوون و ئاشکرایە هەڵوەشاندنەوەی مێک بەرەنجامی خوازراوەی لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لێ دەکەوتەوە، لەوانەش ڕەنگە ژمارەی قوربانییانی ولاتە یەکگرتووەکان کەم بوایە کە بەهۆی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پاسەوانییەوە بوو کە سەرانی مێک بۆ بەدواداچوونی بەرنامەکانی خۆیان داوایان دەکرد.

لە ماوەی پێکدادانێکی سەربازیدا پێویستە ئەفسەرانی وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ فەرماندەکانی مەیداندا پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی لە پێناو لێدوان بۆ جەماوەر (لە ولاتە یەکگرتووەکان و لە مەیدانی شەڕ و لە دنیادا) لەسەر بابەتی لە ڕووی سیاسییەوە هەستیار پەرە بە پلانێک بدەن. لە حاڵەتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کاردانەوەی ڕامسفیلدی وەزیر بەناونانی مێک وەک کەسانی پارێزراو بەگشتی دەکرا ڕووی نەدایە، ئەگەر هۆکار و هەلومەرجەکانی ئەم کردەوەیە بەوردی خوێندنەوەیان بۆ بکرایە. سەرنەکەوتن لە بەڕێوەبردنی پێوەندییەکە ڕێی بەو بۆچوونە دا کە ولاتە یەکگرتووەکان پشتیوانی لە ڕێکخراوێک دەکات کە لەسەر لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکانی خۆیدایە. ئەوە هەروەها کردەوەگەلی گرتنی بەهۆی بڕواهێنان بە مێک لەوەی بالادەستە، ئالۆز کرد و بووە هۆی گرژبوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران و جەماوەری عێراقی و ڕاگەیاندندا. ڕێنوێنیی ڕوون لەبارەی ئەرکەوە نەک تەنیا لە شەڕ و دوای شەڕدا پێویستە، بگرە بۆ بواری بەرفرەوانی ڕاگەیاندنیشدا پێویستە نەک بۆ سانسۆرکردن بگرە بۆ دڵنیابوون لەوەی پەیامەکان تێکەڵ ناکرێن و لەلایەن ئەو خەڵکانەوە دەدرێن کە لە هەلومەرجە پێوندیدارەکانەوە تێ دەگەن و بەهەڵە بۆچوونێکی وا دروست ناکەن کە پەیامەکانیان لێدوانی فەرمیی گشتیی حکوومەتی ولاتە یەکگرتووەکان بێت.

فەرماندەکانی کردەوەگەلی گرتن دەبێت هاوکار بن ئەگەر هاتوو یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوونتری دابین کرد لەبارەی بەدەستبەسەرکردنی تیرۆریستانی دیاریکراو و خۆهەڵقورتێنەرانی نادەوڵەتی و میلیشیا نائاساییەکانەوە. لەبەرئەوەی ئیدارەی بوش بە پێناسەکردنی پۆلێنێکی نوێ، واتە شەڕوانانی دوژمنی "نایاسایی" و "ڕێگەپێ نەدراو"ەوە ڕیزپەڕێکی ناکۆکی بۆ پەیماننامەکانی جنێف داهێنابوو، بڕیاردان لەسەر پێگەی مێک دوا کەوت و ئەو بڕیارەی رامسفیلدی وەزیر لەدواییدا دای، ئەندامانی مێکی لە مافگەلی ڕواڵەتیی پەیماننامەی سێیەمی جنێف بێبەش کرد و ڕەنگە لە ڕووی یاساییەوە هەڵە بووبێت.

لە بری بەکارهێنانی بەرنامەیەکی جێگرەوە، فەرماندەکانی کردەوەگەلی گرتن پێویستە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کار بکەن بۆ مسۆگەرکردنی چارەسەرێکی یاسایی بۆ چۆنیەتیی لێکدانەوەی پەیماننامەکانی جنێف لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و یاساگەلی گشتیی نێودەوڵەتیی تایبەتەوە بە مرۆڤایەتی بە تایبەتیش لەوەی پێوەندیی بەمەرجەکانی گرتنەوە هەیە بەتایبەتیش بۆ تیرۆریستانی دیاریکراو و خۆهەڵقورتێنانی نادەوڵەتی و میلیشیا نائاساییەکان هەم لە شەڕە نێودەوڵەتی و هەم لە نانێودەوڵەتییەکاندا.

جگە لەوەش چونکە بەگشتی وا زانراوە سروشتی شەڕ لە کردەوەگەلی سەرەکییەوە بۆ هی بچووکتر، بۆ کردەوەکانی دژەیاخیگەری دەگۆڕێت، کاتی ئەوە هاتووە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دووبارە چاو بە پرۆتۆکۆلی زیدەکیی دووەم Additional Protocol II دا بگێڕێتەوە یان بیر لە دانوستاندن بۆ پەیماننامەیەکی تر یان پرۆتۆکۆلێکی زیدەکیی نوێ یان هەموارکراو بکاتەوە بۆ ئاماژەدان بە پاراستنی هاووڵاتیان لە کاتی شەڕێک "کە تایبەتمەندیی نێودەوڵەتیی نەبێت" و هەروەها بۆ ڕێکخستنی گرتنی تیرۆریستانی دیاریکراو و خۆهەڵقورتێنانی نادەوڵەتی و میلیشیا نائاساییەکانەوە لە ماوەی پێکدادانە نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتییەکاندا.

پاشکۆی ئەلف

# کورتە مێژوویێک لەبارەی مێکەوە پێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق

## دامەزراندنی لە ئێران: ١٩٦٥-١٩٨١

لە ئەیلوولی ١٩٦٥دا کۆمەڵێکی بچووکی قوتابیانی زانکۆی تاران دەستیان کرد بەکۆبوونەوە بۆ ڕاگۆڕینەوە لەسەر شۆڕشی چەکداری بەئامانجی لادانی حکوومەتی شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی کە ئەوان بە لێبووکی وڵاتە یەکگرتووەکانیان دادەنا[١٩]. جیاوازییان لەگەڵ کۆمەڵانی تری دژی شا لەوەدا بوو کە توندوتیژییان پێ قبوڵ بوو و ئایدیۆلۆجیایەکی نوێیان داهێنابوو بەئاوێتەکردنی ئیسلامییەتی شیعە و مارکسیزم و پێیان وابوو هەردووکیان بناخەی خەباتێکی شۆڕشگێرانەن. هەڵبژاردنی ناوی گرووپەکە ڕەنگدانەوەی ڕیشە مارکسی و ئیسلامییەکانیەتی- موجاهیدینی خەڵق "شەڕوانانی پیرۆزی خەڵق"[٢٠].

مێک ئەندامان و هەوادارانی (کە بەزۆری قوتابی و دەرچووانی زانستگە چینی ناوەڕاست بوون) لە ڕێگەی سیاسەتی مارکسیستی سۆشیالیستی خۆی و هەڵی ژیان و خوێندن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و کاریگەری لە دژایەتیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەپێچەوانەی گرووپە چەپڕۆکان، پاڵپشتیی بۆ حکوومەتێک کە دەربڕی بەها ئیسلامییەکان بێت، هێنایە ریز. ئەندامانی مێک هان دەدران لە کۆمەڵگەی کچاندا بژین کە لەوێدا پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزیان دروست کرد، لە سەرچاوەگەلی داراییەوە سوودمەند

بوون، ئابووریی مارکسی و تیۆری شۆڕشگێڕی و بنەما و تەکنیکەکانی شەڕی گەریلایی و شەهادەتی شیعایەتییان خوێند. هەندێک لە ئەندامان، لە کەمپەکانی ڕێکخراوی ئازادیی فەلەستینی لە ئوردن و لبنان ڕاهێنانیان وەرگرت.

پۆلیسی نهێنیی شا زوو دزەی کردە ناو ڕێکخراوەکە و یەکەم هێرشی تیرۆریستیی مێکی پووچەڵ کردەوە کە تۆڕی کارەبای تارانی کردبووە ئامانج و بۆ ئابی ١٩٧١ بەرنامەڕێژ کرابوو. نێزیکەی نیوەی ئەندامانی مێک گیران و سێ ئەندامە دامەزرێنەکەی پاشان لە دار دران[٢١].

سەرەڕای پاڵەپەستۆی حکوومەت، مێک بەردەوام بوو لە ئەندامگری و دامەزراندنی بناخەی بۆ پاڵپشتیی دارایی هەم لە ناوخۆ و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش بەکۆکردنەوەی ئەندام لەناو زانستگە و گرتیگەکان و بەکۆکردنەوەی پارە لە چینی ڕۆشنبیر و خەڵکی بازێر (چینی ناوەڕاست کە شیعەی کۆنباو بوون) و ئێرانییانی تاراوگەنشین. مێک لەگەڵ گرووپە بەرهەڵستکارانی تر و بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ بزووتنەوەی ئایەتوڵا خومەینی و ڕێکخراوی ئازادیی فەلەستینیدا یەکی گرت.

پاش شکانی یەکەم هەوڵ، مێک زنجیرەیەک هێرشی خوێناویی کردە سەر کۆمەڵە کاربەدەستێکی حکوومەتی ئێرانی و ئەوانی ڕۆئاوایی، ئەوانەی کە پێی وابوو پشتیوانی لە شا دەکەن. تیرۆرکردنی لیۆتێنەت کۆڵۆنێڵ لویس ئێڵ هاوکیسی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٣ و کوشتنی دوو ئەفسەری سوپای تر لە ١٩٧٥، کۆڵۆنێڵ پۆڵ شەفر و لیۆتێنەنت کۆڵۆنێڵ جەک تێرنر لە ڕیزی ئەم هێرشانەدا بوون. هێرشێکی تر لە ٢٨ی ئابی ١٩٧٦ بەڵێندەرانی سیڤیلی ئەمەریکایی، ڕۆبێرت ئار کرۆنگراد و ویلیەم سی کۆترلی کوڕ و دۆناڵد جێی سمیزی بەکوشت دا[٢٢].

تاکە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕەسەنی مێک کە لە گرتیگە رزگاری بوو، مەسعوود ڕەجەوی بوو، ڕێکخەرێکی کاریزمایی کە خێرا سەرکردایەتیی گرووپەکەی وەرگرت کاتێک لە پاڵ گرتووانی سیاسیی بەرهەڵستکارەوە لە

کانوونی دووەمی ١٩٧٩ لە گرتیگە دەرچوو. لە یەکەمین هاوپەیمانییەتییە تاکتیکییە زۆرەکانیدا ڕەجەوی خۆی لە خومەینی و بزووتنەوەی ئیسلامی نیزیک کردەوە.

بەڵام پاش شۆڕش خومەینی لە بەرزەفڕییەکانی ڕەجەوی و بنەوای مارکسیی مێک و جەماوەریبوونە فرەوانەکەی کەوتە گومانەوە. وەک بەشێک لە هەوڵەکان بۆ سەرکوتینەوەی ئۆپۆزسیۆنی ڕەجەوی، خومەینی خەیاڵی مێک و گرووپە چەپڕۆ و عیلمانییەکانی تری ناو هاوپەیمانییەتییەکەی دژی شای، بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتی نوێ شکاند. خومەینی ڕێگر بوو لەوەی ڕەجەوی لە ئەنجوومەنی دەستەبژێران لە ١٩٧٩دا کورسییەک وەربگرێ و ڕێگەی نەدایە ئەندامانی تری مێک خۆیان بۆ پەرلەمان-مەجلیس- بەربژێر بکەن یان کورسیی لێ ببنەوە. پاشانیش نەیهێشت ڕەجەوی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ١٩٨٠دا بەشداری بکات.

پاش ئەوەی مێک لە خومەینی جیا بووە، یەکەم گۆڕانکاری لەو گۆڕانکارییە زەقانەدا بەسەر هاوپەیمانیەتییەکەی و سیاسەتە گشتییە ڕاگەیەندراوەکەی داهێنا کە لە هەوڵدانی بۆ زیندوو مانەوەی بنەڕەتی بوون. لە ناوەڕاستی ١٩٨١دا لەگەڵ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران، ئەبولحەسەن بەنی سەدر لە دژی پارتی بەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی خومەینی، یەکی گرت و بانگەشەی بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی کرد.

پاش ئەوەی خومەینی نووسینگە و ڕۆژنامەکانی مێکی داخست و پاشان بەنی سەدری لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨١ لەسەر دەسەڵات لادا، مێک "خەباتێکی چەکداریی" لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند بەئامانجی ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی. وەرگیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران (یان هەروەک مێک بە هی "مەلاکان" ناوی دەبات) ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، ئامانجی بنەڕەتیی مێکە.

مێک هێرشی توندوتیژی لە دژی ئەندامانی پارتی کۆماری ئیسلامی دەست پێ کرد. هێرشی هەرە بەرفرەوان کە درابێتە پاڵ مێک تەقینەوەی

سـەرکردایـەتیی پارتی کـۆمـاری ئیسـلامی بوو لـە تاران لە ٢٨ی حـوزەیرانی ١٩٨١، ئەم هێـرشـە کوژرانی پتـر لە ٧١ ئەندامی سـەرکردایەتیی ئێـرانی لێ کـەوتەوە، لەوانەش ئایەتـوڵا بێـهێـشتیـی ئاخـوند کـە هـەم سکرتێـری گـشـتیـی پارتەکە و هـەم سەرۆکی دادوەریی سیستـەمی دادی ئێران بوو. ئەوەی بۆ ئەم سـەردەمـە گـرینگیـیـەکی تایبـەتیی هـەبێت تەقـینەوەیەکی تری مـێـک بوو لە حـوزەیرانی ١٩٨١دا کـە سـەرکـردە ڕابەری ئەمڕۆکـەی کـۆمـاری ئیـسـلامـیی ئێـران، ئـایەتوڵا عـەلی خـامـەنەییی بەسـەخـتی بریندار کـرد و بۆ هـەتاهـەتا باسکی راستی لە کار خست.

هـەرچـەندە ڕەجـەوی و سـەرکـردایەتیی مـێک بەردەوام خـۆپێـشـاندانی گەورەیان لـە تاران دەورووژاند، کە لە یەکێکیاندا گوایـە ٥٠٠,٠٠٠ کەس پاش ئاگـەدارکردنەوەیەکی کـورت ڕاکێش بـوون، بەڵام سوپای پاسدارانی شـۆڕشـە ئیـسلامییـە ئێرانییەکەی خومـەینی بێ بەزەییانە مێکیان سـەرکوت دەکرد و بەهـەزاران ئەندام و لایەنگریان دەگرت و لەداریان دان. شۆڕشـە چەکدارییـەکە پلانێکی ناتـەواوی بۆ دانرابوو و کـەمی خـایاند. لـە ٢٩ی تەمـووزی ١٩٨١دا ڕەجـەویی سـەرکردەی مێک و بـەنی سەر بـە ڕفاندنی بۆینگێکی ٧٠٧ی هێزی ئاسمانیی ئێرانی بۆ پاریس ڕایان کرد. ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی ئاساییی مـێک بـەرەو ئەوروپا بە شـوێن سـەرکـردایەتی کـەوتن، گـواسـتـیـانـەوە بۆ کـوردسـتـانـی ئێـران یان بۆ نـاو عـێـراق ئاودیوی سنوور بوون و لـەوێدا زنجیرەیەک کۆمەڵگەیان پێک هێنا.

لە کاتێکدا کە سـەرکردایەتیی مێک لە تاراوگەدا دەژیا، ئەو تۆڕە نهێنییەی لە ئێراندا مابوو بەردەوام پلانی دادەنا و هێرشی دەبرد بۆ شێواندنی ڕێژیمی خومـەینی وەک لە تەقینەوەکەی ئابی ١٩٨١دا کە سـەرۆک و سەرۆک وەزیرانی ئێرانی بەکوشت دا.

ژمـارەی قوربانییـانی هێرشـەکانی مێک جێی ناکۆکییە. مێک دەڵێت تەنیا هێـرشـی کـردووەتە سـەر کـاربـەدەسـتـانی حکوومـەتی و سـوپایی کـۆمـاری ئیـسـلامـیی ئێـران، کـەچی بـەگوتەی ئێـران و کۆمـەڵانـی دژەمـێک، گـرووپـەکە

ژمـــارەیەک باڵـەفـــڕەی ڕەواندووە و بە هـەزاران هاووڵاتـیی ڕاســـتـــەوخـــۆ و ناڕاستەوخۆ کوشتووە.

## ژیانی دوورەوڵات لە فرەنسا: ١٩٨١-١٩٨٦

کـاتێک رەجـەوی و بەنی سـەدر گـەیشـتـنە پاریس لەوێ ئەنجـوومـەنی نەتەوەییی بەرهـەڵسـتکاری ئێـرانیـیـان دامـەزراند، ڕێکخـراوێکی پشـتـیـوانیی گـرووپە بەرهـەڵسـتکارەکانی ئێران کە پێکەوە لە دژی خومـەینی و کۆماری ئیسلامـیی ئێـراندا بوون و ڕەجـەوی و بـەنی سـەدر سـەرۆکـەکـانی ئەنجـوومـەنەکـە بوون. ئەنجـوومـەنەکـە داوای پشـتـیـوانیی سـیـاسی و داراییی دەکرد لە حکوومـەتە ڕۆئاوایییـەکان و ئەو تاکانەی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون و لاسایی ڕێبـــازی ڕێکخـــراوی ئازادیی فـــەلەســـتـــینیی دەکـــردەوە. لە گـــۆڕانێکی ڕزگـارکـەرانەی تردا بۆ ڕەجـەوی، ئەنجـوومـەنەکـە فـەلسـەفـەی مـارکسی-ئیـسـلامـیی مـێکی لە دیدی ئەورووپا و ڕۆئاواوە شـاردەوە و لـەبری ئەوە پەرەی بەسیاسـەتێکی نوێ دا بەپشـتیـوانیکردنی لە بەهای سیاسیی وەک حکوومەتی عیلمانی و هەڵبژاردنی دیموکراسییانە و ئابوورییەکی بازاڕ-ئازاد، کە پێشتر مێک تـەنیا پشـتیوانیی لە ژمـارەیەکی کەمـیان دەکرد. هـەروەها ئەنجوومـەنەکە ئۆتۆنۆمـیی بۆ کوردسـتـانی ئێران و ناردنەوە وڵاتی بۆ دوورخـراوانی ئێرانی داوا دەکرد.

ئەنجوومەنەکە خۆی بە پەرلەمـانی دوورەوڵاتی هێزی بەرهـەڵستکاری ئێرانی و ڕەجەویشی بەسـەرکردەی هەڵبژێردراوی دایە ناسین و لەپێناو دامـەزراندنی کـۆمـارێکی ئیـســلامـیی دیموکـراتی لە ئێـرانـدا خـەباتی کـرد. هەڵمـەتێکی پێوەنـدییـە گشـتـیـیـەکانیـشی لە پێناو پڕوپاگەندە بۆ ڕسـواکردنی کـۆمـاری ئیـــســـلامـــیی ئێـــران دەست پـێ کـــرد و زانیـــاریی هـەواڵگری ســـەبارەت بەکردەوەگەلی کۆمـارەوە بۆ حکوومەتە ڕۆئاوایییەکان دابین دەکرد. گـرووپەکە پەیمانـەکـانی خـۆی لـە ڕێگەی دەرهـاوێشـتـە کـەناڵەکـانی مـیـدیـای خـۆیەوە، لەوانەش ڕۆژنامەکان و وێستگەیەکی ڕادیۆیییەوە دەوەشاند.

هەرچەندە بەشێکی گەورەی دارایی مێک لەلایەن سەدام حوسێن و بەشێکیشی لەلایەن عەرەبستانی سعوودییەوە دابین دەکرا، بەڵام ئەنجوومەنەکە هەروەها پارەی بە تەڵەکەبازیش کۆ کردەوە. بۆ نموونە، تا ئەم دواییە هەوادارانی مێک لە باڵەفڕگە و پارکە گشتییەکاندا داوای بەخششیان دەکرد، زۆربەی جاریش لە ڕێگەی پێشاندانی وێنەی جەرگبڕی ژنانی دارکاریکراو لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد پارە لە پێناو قوربانییانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران کۆ دەکەنەوە، کەچی لە جیاتیی پارەکەیان شۆڕ دەکردەوە بۆ مێک. ئێف بی ئای حەوت لایەنگری مێکی پاش کۆکردنەوەی یەک ملیۆن دۆلار لە ڕێگەی خێرخوازییەکی درۆیینەوە بەناوی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ئێران لە باڵەفڕگەی نێودەوڵەتیی لۆسانجلێسدا گرت. کۆمیسیۆنی بەریتانی بۆ بەخششەکان کۆتاییی بەهەرەوەزییەکی تری دەسکار بەناوی یارمەتیی ئێرانەوە هێنا پاش ئەوەی" هیچ پێوەندییەکی پێسەلمێنی نەدۆزییەوە لەنێوان پارەی دراو لەلایەن جەماوەری بەریتانی (کە ساڵانە نێزیکەی ٥ ملیۆن یۆرۆ بوو) و کاری خێرخوازانە لە ئێراندا".

دادگەی باڵای ئەڵمانیش کۆمەڵێک خانووی نهێنی و ماڵەکانی "پەروردەکاری" و کۆمەڵگەی مێکی داخست پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک دەری خست مێک بە ساختەکارییەوە لە نێوان ٥ تا ١٠ ملیۆن دۆلاری سوودی خێرخوازیی کۆمەڵایەتیی بۆ منداڵانی مێک کە لە دەستپێکی شەڕی کەنداودا بۆ ئەوروپا نێردرابوو، کردووەتە کیسەوە.

کاتێک ڕەجەوی بەشێوەیەکی ڕووەو زیادبوون ئەنجوومەنەکەی لە ڕێکخراوێکی کەپرییەوە بۆ دەرهاوێشتەیەکی مێک دەگۆڕی، هاوپەیمانانی پێشوو لە ئەنجوومەنەکە کشانەوە، لەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەنی سەدر خۆیشی لە ئاداری ١٩٨٣ لە ئەنجوومەنەکە کشایەوە و ڕەجەویش کچەکەی بەنی سەدری تەڵاق دا کە هەر ساڵی پێشتر هێنا بووی.

لە ١٩٨٥ ڕەجەوی مێرەم ئازۆدانلوی خێزانی یەکێک لە خزمە نێزیکەکانی

خۆی بەناوی مێهدی ئەبریشەمچی وەک سەرۆکی مێک ناساند. بڕیار بوو مێرەم زوو لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە و شوو بە ڕەجەوی بکات. ئەوانیش پێکەوە دەستیان دەدایە "شۆڕشێکی ئایدیۆلۆجیک"ی نوێ کە بەتێپەڕینی کات مێکی بۆ گرووپێکی تاقمییانە وەردەگێڕا.

## ڕاگواستن بۆ عێراق لە پێناوی شەڕ بۆ سەدام ١٩٨٦-١٩٨٨

پاش هێرشکردنە سەر ئێران، سەدام حوسێن دەستی کرد بە پارەدان بەمێک بۆ بەهێزخستنی توانای ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێران لە هەڵمەتی پروپاگەندەی لە ئەوروپا لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمەش لەبری هەر زانیارییەکی هەواڵگری کە مێک دەیتوانی لەبارەی ئێرانەوە پێشکێشی بکات. لە ١٩٨٦دا بۆ قەرەبووی یارمەتیی ئێران لە مسۆگەرکردنی ئازادیی بارمەتە فرەنسییەکانی ناو لبنان، فرەنسا هەوڵی دا سەرکردایەتیی مێک دەربکات و کۆتا بەبەکارهاتنی فرەنسا وەک بنکەی ڕۆئاواییی مێک بێنێت. ئەو ساڵە کادیری سەرکردایەتیی مێک داوەتنامەیەکی سەدامی بۆ ڕاگواستنی گرووپەکە بۆ ناو عێراق قبووڵ کرد، بەڕواڵەت بۆ ئەوەی گرووپەکە لە شەڕی ئەو کات کە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەگەڕدا بوو نیزیکتر بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆ یەکگرتن بوو لەگەڵ سوپای سەدامدا(٢٣).

سەدام پارێزگاریی لە مێک کرد، پارە و چەک و تەقەمەنی و بارەبەری گواستنەوە و تانک و ڕاهێنانی سەربازی و زەوی (ی بۆ بەکارهێنان نەک بەخاوەنبوونی) بۆ مێک دابین کرد. بەم سەرچاوانەوە سەرکردایەتیی مێک ژمارەیەک کۆمەڵگەی نوێی لە عێراقدا دامەزراند و لایەنگرانی مێکی لەناو ئێران و شوێنەکانی تردا هان دا بۆ ئەوەی بۆ عێراق بگوازنەوە(٢٤). نێزیکەی ٧٠٠٠ ئەندام کە ٨٠٪یان لە جەماوەری دوورەوڵاتی مێک بوون چوونە ناو کەمپەکانی عێراقەوە. ڕەجەوی کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراقی بە سوپای نەتەوەییی رزگارکەر NLA ناو نا بۆ وەسفکردنی مێک وەک گرووپێکی شۆڕشگێڕ.

لەبری پاڵپشـتـیی سـەدام، مـێک زانیـاریی هـەواڵگریی لەبارەی کـۆمـاری ئیسلامیی ئێران و خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و یارمەتیی سەربازیی ڕاستەوخۆوە بۆ دابین کرد. مێک هێرشێکی بێ ژماری کردە سەر هێزەکانی سوپای ئێران و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لەسەر سنوورەکانی ئێران و هەندێک جاریش سوپای عێراق یارمەتیی دەدا.

لە ٢٥ی حـــوزەیرانی ١٩٨٨ زوو پاش جـــاڕدانی ئاگـــربەست لەلایەن خومەینییەوە، مێک گەورەترین کردەوەی خۆی، ئۆپەراسیۆنی ڕووناکیی ئەبەدیی جێبەجێ کرد بەهیوای ئەوەی ئەمە گورزی ڕووخێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت. ڕەجەوی ئاواتەخواز بوو مێک بە نواندنی هێزی مرۆیی بتوانێت لە ناوخۆ شۆڕشێک لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوروژێنێت. فەرمانی بەتەواوی کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراق دا هێرش بکاتە سەر ئێران و هەر بەتالیۆنێکی سوپای نەتەوەیی ڕزگارکەری ئێرانی ڕاسپارد بە"ئازادکـــردن"ی پارێزگـایەک و چاوەڕوانی ئەوە بوو سـوپای ئێـران و جەماوەرەکەی پشت لە کۆمار و پاڵپشتی لە مێک بکەن. کەچی پشتیوانییە چاوەڕوانکراوەکەی سوپا و جەماوەر نەهاتە دی- لایەنی کەم بەشێوەیەکی بەشـەکی چونکە مـێک دەسـتی کـردبووە ناو دەسـتی هەڵاسێنی شـەڕ و سەربازانی ڕەشبگیرکراوی بە کوشت دابوو- و کردەوەکە لەلایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە سەرکوت کرایەوە. هێرشی ئۆپەراسیۆنی ڕووناکیی ئەبەدی بەنرخی ژیانی پتر لە ١٥٠٠ ئەندامی سوپای نەتەوەیی ڕزگاریکەری ئێران (نێزیکەی چارەکێکی کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراق) تەواو بوو و دنەی ڕژێمی ئێرانی دا زیاتر لە ٤٠٠٠ ئەندام و دڵسۆزی مێک کە لە ئێراندا دەژیان، لەناو ببات[٢٥]. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتییەکەی ڕەجەوی سوودی لە ئاکارە نیمچە سەربازییەکەی سوپای ڕزگاریکەر و نووچخواردنی لە ئەرکەکە وەرگرت بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی بەسەر مێک و دەست پێکردنی زنجیرە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتدا لە پێناو درێژەدان بەگۆڕینی ڕێکخراوە بەردەوام داخراوەتربووەکە بۆ تاقمێک.

سەرەڕای ئەوەی مێک بانگەشەی بۆ زۆر "سەرکەوتن"ی سەربازی کردووە، ئەم کردەوانە لە بنکۆڵکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەرەسیان هێنا و لە جیاتیی ئەوە، بۆچوونی نەرێنیی جەماوەری ئێرانییان بەرامبەر بە مێک بەهێزتر کرد، بەشێوەیەکی سەرەکیش لەبەر ئامادەییی مێک بۆ کوشتنی سەربازانی ڕەشبگیرکراودا. هەرچەندە لەوەتەی ١٩٨٨ەوە مێک دەستی نەبردووە بۆ کردەوەی سەربازیی بەرفرەوان، بەڵام بەردەوام کردەوەی توندوتیژانەی لە ئێران و دەرەوەدا ئەنجام داوە و کاربەدەستانی حکوومەتی و سوپاییی ئێرانی کردووەتە ئامانج و هەندێک جار خەڵکانی بینەری ڕووداوەکەی بریندار کردووە یان کوشتووە. هەندێک لەم هێرشانە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەورووپادا ڕوویان داوە. مێک زۆربەی جار دەڵێت هێرشەکانی ڕێکخراوە نالایەنگر یان دەرهاوێشتەکانی خۆی دراوەتە پاڵ. بەڵام مێک بۆ خۆی لە ڕێگەی سوپای ڕزگاریکەرەوە بەتەنیا بەرپرسیاریەتیی پتر لە ٣٥٠ هێرشی لە ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ دا گرتە ئەستۆ. مێک پاش شەڕی ئێران و عێراقیش بەردەوام خزمەتی بە سەدام دەکرد.

بۆ ماوەی چەندان ساڵ گرووپەکە ئاسایشی ناوچەی دەورووپشتی کەمپەکانی دەپاراست. بەگوێرەی ڕای گشتی پاش شەڕی یەکەمی کەنداویش مێک یارمەتیی سەدامی داوە لە سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی ڕاپەڕینەکانی شیعە و کورد لە ١٩٩١، کەچی کاربەدەستانی مێک سەرسەختانە نکووڵی لە هەر جۆرە تێوەگلانێک لەم دڵڕەقییانە لە دژی شیعە و کورد دەکەن و دەڵێن "ئەوان" لەلایەن هێزە هاوپەشەکانی کوردی و ئێرانییەوە هێرشیان کراوەتەوە سەر و مێک تەنانەت بەرگریشی لە خۆی نەکردووە. بەڵام ئەو ڕاپۆرتە هەواڵانەی کە لە مێرەم ڕەجەوییەوە لەکاتی هاندانی ئەندامانی مێکدا گواستیانەوە "بە تانکەکانتان کوردەکان بکەنە ژێر و فیشەکەکانتان بۆ پاسدارانی شۆڕشی ئێرانی ڕابگرن"، هەروەها پێدانی مەدالیای ڕافیدەین،

کە شەرەفێکی مەزنە لە سوپای عێراقدا، لەلایەن سەدامەوە بۆ مەسعوود ڕەجەوی، تۆمەتەکانی هاودەستیی مێک لەگەڵ سەدام پشتڕاست دەکەنەوە. حەقیقەتی بابەتەکە هەر شتێک بێت، جەماوەری عێراقی پێی وایە مێک وەک نوێنەری سەدام بەرامبەر بە شیعە و کورد توندوتیژیی نواندووە(٢٦).

ئەندامگریی بۆ مێک لەوەتەی هەڵاتنی لە ئێران لە ١٩٨١ەوە ململانێیەکی گەورە بووە. پاش ئەوەی مێک دەستی لەگەڵ سەدامدا تێکەڵ کرد و عێراقی کردە بنکەی خۆی، تەنانەت دابەزینێکی زەقتری خۆبەختکردووانی بەخۆوە دیت. تاکتیکێکی ئەندامگری لەلایەن مێکەوە بەپشتیوانیی حکوومەتی سەدام ڕێک خرابوو.

گیراوانی ئێرانیی شەڕی ئێران و عێراق پێشنیازیان پێ درا یان بچنە کەمپەکانی مێکەوە تا لە دواییدا بنێردرێنەوە ئێران یان لە کەمپی گرتووخانەکانی عێراقیدا بمێننەوە. لە ئەنجامدا سەدان کەس چوونەناو مێکیان هەڵبژارد، بەڵام نەنێردرانەوە وڵات. ئاساییانە مێک لە بەرهەڵستکارانی ئێرانی نێزیک دەبووە، بەڵام ئێرانییانی تریشی بەبیانووی درۆیینەوە هێنایە ڕیز. لەو جەماوەرانەی بوونە ئامانج پەنابەرانی ئێرانیی کەمدەرامەت، خەڵکانی تینووی خێرخوازی و خێزانی ئەندامانی مێک بوون. زۆر لە ئەندامانی هێنراو بە بەڵێنی درۆیینی دامەزراندن بەمووچە و زەوی و یارمەتی لە داواکارییان بۆ وەرگرتنی پەنابەریەتی و گەشتی بەخۆڕایی بۆ ئەندامانی ماڵەوەیان و هەلی کاری خۆبەختکردووانە لە تەندروستیی گشتی و تەنانەت هاوسەرکاریش هەڵخەڵەتابوون.

لەبەر ئەوە بە شێـمانەی زۆرەوە زۆر لەو ئەندامانەی لەوەتەی ١٩٨٦ەوە هاتوونەتە ریز، "خۆبەختکەر" نەبووبن. نێزیکەی هەموو ئەندامانی مێک ناچار کراون بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسێتییان بدەنە سەرکردایەتی بەمەبەستی "پاراستنیان". مێک ئێستا دەڵێت ئەم بەڵگەنامانە پارێزراو بوون تا ئەو کاتەی بە بۆمبەکانی هاوپەیمانانەوە لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لەناوچوون. ئێستاکەش بەبێ پاسپۆرت زۆربەی ئەندامانی مێک لە ڕاستیدا بێ دەوڵەتن.

سەرکردایەتیی مێک لە ڕێگەی زەوتکردنی بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسێتی و ڕەتکردنەوەی یاساییبوونی ئەندامانی مێک لە عێراقی سەدامدا، ئەندامانی خۆی ناچار کردووە لە کەمپەکانی گرووپەکە لە عێراقدا بمێننەوە، بەهەڕەشەکردن، بە ئازاردران و زیندانیکردن لە حاڵەتی دەرچوونی نایاساییانە کە ناردنەوە ئێران و لەوێدا مەترسیی چەوساندنەوە یان تەنانەت کوشتنیشی بەدوادا دەهات.

لە ١٩٩٧دا وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەگوێرەی یاسای ساڵی ١٩٩٦ی دژەتیرۆر و سزای مەرگی پێڕەوکراو، مێکی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بێگانە ناو برد[٢٧].

هەندێک حکوومەتی ڕۆژئاوایی تر لەوانە شانشنی یەکگرتوو و کەنەدا و یەکەتیی ئەورووپا لەو کاتەوە مێکیان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەم داوە یانیش ڕێکخراوێک کە بۆی نییە لە بەخشیشەکان سوودمەند بێت[٢٨]. ئەم ناولێنانە سەرجەم هەوڵەکانی هەرەوەزیی مایەکیی مێک ( و هەروەتر هەموو هەوڵەکانی ئەنجوومەنی نەتەوە بەرهەڵستکاری ئێران)ی تاوانبار کرد. لە ٢٠٠١دا لێکۆڵینەوەگەلی تاوانی پەردەیان لەسەر کۆمەڵێک چالاکیی بۆ پارەلووشدان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و شانشینی یەکگرتوو و ئەڵمانیا هەڵماڵی. لەو کاتەوە کۆمەڵێک ئەندامی مێک گیراون و بەبۆنەی دەسکاری لە خواستنی پارە بۆ هەتیوانی خەیاڵی یان کاری خێرخوازانە و پاشان بەکارهێنانی پارەکە بۆ کڕینی چەک و ئامێری پێوەندیکردن لە دوورەڕێیەوە لەدادگە دراون. ئێف بی ئای لە چەندان شاری وڵاتە یەکگرتووەکاندا گرووپی هەڵسووڕێنی مێکی دۆزییەوە. ئەم ڕێکخستنانە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئێرانی لەخۆ دەگرت کە بە هەزارانیان بەیارمەتیی مێکەوە بە قاچاخ گەیشتبوونە وڵاتە یەکگرتووەکان.

دەستگیرکردنی مێرەم ڕەجەوی لە ٢٠٠٣ لە پاریس و لێکۆڵینەوەی ئێف بی ئای بەڵگەی لەسەر بەردەوامبوونی پارە کۆکردنەوەی نایاسایی ئاشکرا کرد.

پۆلیس نۆ ملیۆن دۆلاری پارەی نەخت و هەروەتر بەڵگەی وای دۆزییەوە کە

مێک خاوەن حسێبی بانکیی نێودەوڵەتییە کە هەندێکیان دەیان ملیۆن دۆلاریان لەناو بوو. ئەندامانی پێشوو رایان گەیاندووە مێک هەروەها لە پشکەکاندا وەبەرهێنانی کردووە و خاوەن موڵکی وەک ئۆتێل و یانەی شەوانەیە لە دوبەی و شوێنی تردا.

لە رێگەی ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانییەوە مێک وەڵامی ناونرانی وەک رێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی و تۆمەتەکانی تری پێوەست بەهەڵمەتی پێوەندییە گشتییەکان داوە بۆ ئەوەی خۆی وەک گرووپێکی بەرهەڵستکاری یاسایی بەولاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا بناسێنێ(٢٩).

ئەم هەوڵە (لەگەڵ هەڵمەتەکانی بەخشیشکاری) تا رادەیەک سەرکەوتوو بوون، هەرچەندە ئەنجوومەنەکە زێدەرۆیی دەکات لە باسکردنی ئاستی پشتیوانییەکەی لەلایەن رۆئاواوە، ئەمەش بە لێدوانی هەڵخەڵەتێنی وەک "زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێسی ولاتە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی بەریتانیای مەزن و ئیتاڵیا و بەلجیکا و لوگزامبورگ و سوێد و نەرویج و پەرلەمانی ئەوروپا و پەرلەمانتارێکی بێ ژماری دانمارکی و فرەنسی و ئەڵمانی و هوڵەندی و سویسرایی پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانی و سەرکردەی هەڵبژێردراوی ئەو رادەگەین".

هەرچەندە زۆر پەرلەمانتار لە راستیدا نامەی پشتگیریکردن لە دیموکراسی لە ئێران، یان تەنانەت بەرگریکردن لە ئۆپۆزسیۆنی مێک لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ئیمزا کردووە- ئەو هەنگاوانەی هەندێک جار رۆژنامەوانان و لێکۆڵەوانانیش لەبارەی پێگەی سیاسییەوە بەهەڵەدا دەبات- ژمارەیەکی زۆر کەمی پەرلەمانتارانی رۆئاوایی بەراستی پشتیوانی لە مێک دەکەن یان تەنانەت زانیارییەکی باشیان لەبارەی گرووپەکەوە هەیە. لێکۆڵینەوەیەک لەسەر داوای سەرۆکەکانی ئەرکانی سوپاوە لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەری خست مێک لە کۆنگرێسدا پشتی ئەوەندە گەرم نییە. ئەو ئەندامە تاکانەی پێ دەچوو بۆچوونێکی ئەرێنییان بەرامبەر بە مێک هەبێت، دەرکەوت ناحەزانی چالاکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن یاخۆ

ژمارەیەکی زۆر ئێرانی- ئەمەریکایی لە ناوچەکەیاندا بژین. ئەوانی تریان تەنیا بە هەڵە تێ گەیەندرابوون(٣٠).

پاش کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانی لە ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣دا کە بەئاشکرا پرۆگرامی ناوکەیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی جاڕ دا، مێک بۆ پشتیوانیی سیاسی، گیانێکی تازەی هاتەوە بەر. بۆ نموونە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی ٢٠٠٥ دا سەرۆک جۆرج بوش گوتی پرۆگرامی ناوکەیی ئێران ئاشکرا بووە "چونکە گرووپێکی بەرهەڵستکار دنیای لەمە ئاگەدار کردەوە"(٣١).

بەڵام ئەم پشتیوانییە نیشتەوە و تێکەڵ بوو لەگەڵ رەوتی مەیلێک بۆ کردەوەیەکی رژێم بگۆڕ لە ئێراندا. بەگوێرەی ئامارە هەنووکەییەکانیش نەمانی پاڵپشتییەکە یەکجار گشتییە.

مێک دەڵێت لە ٢٠٠١ بەفەرمی بەکارهێنانی توندوتیژیی رەت کردووەتەوە. هەرچەندە بەڵگەنامەیەکی کەم لەبارەی ئەم بڕیارەوە هەم بە ئینگلیزی و هەم بە فارسی هەیە، کۆمیسیۆنی دادگەیی رێکخراوە نایاساییەکان باوەڕی بەگوتەی مێک کردووە ئەمەش لەسەر بنەوای نەبوونی هێرشی دان پێدانراو یان خراوە پاڵ گرووپەکە لە پاش ٢٠٠١ (جگە لە هێرشێک لە ٢٠٠٢ کە مێک خێرا دانی بەهەڵەی خۆی نا). ئەمەش گۆڕانێکی پڕ واتا بوو بە رەچاوکردنی ئەوەی، وەک پێشتر تێبینی کرا، مێک بەرپرسیاریەتیی پتر لە ٣٥٠ هێرشی لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٢دا لە ئەستۆ گرتبوو. بەم هۆیەشەوە لەپاڵ بابەتەکانی تری پێوەست بەپرۆسەی یاسایی، شانشینی یەکگرتوو لەو کاتەوە مێکی لە لیستی رێکخراوە نایاساییەکانی خۆی دەرهێناوە. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا یەکەتیی ئەورووپاش بەهۆی رواڵەتکارییەوە گرووپەکەی لە لیستی تیرۆریستیی خۆیدا سڕییەوە.

رەنگە گۆڕانێکش لەباری سەرکردایەتیی مێکدا رووی دابێت. لەوەتەی دەستپێکی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە مەسعوود رەجەوی بزرە. دیار نییە ئاخۆ خۆی شاردووەتەوە یان تەنانەت زیندووشە یان نا. لە نەبوونی ئەودا

مێرەم ڕەجەوی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران لەلایەن ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانییەوە تاکە سەرکردەی لەبەرچاوی مێکە. بەڵام وێنەکانی مەسعوود ڕەجەوی و مێرەم ڕەجەوی بەردەوام لە سەرجەم بینایەکانی کەمپی ئەشرەف هەڵواسراون.

## پاشکۆی بێ

# ئاکاره تاقمییەکانی[٣٢] مێک

مـێک زۆربەی جـار وەک گـرووپێکی "تـاقـمـیـیـانـە" وەسف دەکرێت، بەڵام تا ئەمـرۆکـەش هـیچ لێکۆڵینەوەیەک نـەکـراوە سـەبارەت بەوەی بـە چ شـێـوەیەک کردەوەکانـی و ئەو ئاکاره تاقـمـیـیانەی کە شـارەزایانی بوارەکە پێناسـەیان کردووە، پێوەندییان بەیەکەوە هـەیە. ئەم پاشکۆیە ڕاپۆرتی بڕواپێکراو لەبارەی هەڵسوکەوتی مێک دەخاتە چوارچێوەی تیۆریی تاقمییەوە.

### گۆڕانی مێک لە ڕێکخراوێکی جەماوەرییەوە بۆ تاقمێکی دوورخراوە

هـەرچەندە مێک بووبووە جەماوەریترین گرووپی بەرهەڵستکار لە ئێراندا، بەڵام شکانی لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دوابەدوایدا دوورخرانەوەی گەشبینی و کرانەوەی گرووپەکەی ڕەواندەوە. لە فرەنسا مەسـعوود ڕەجـەوی بەشـێـوەیەکی بەرچاو ناوەڕۆکی ڕێکخـراوەکـەی گۆڕی. لە ١٩٨٥دا ڕەجـەوی رای گـەیاند مـێـرەم ئازۆدانلوی خـێـزانـی خـزمـێکی نـێـزیکی، مـێـهـدی ئەبریشەمچی، کە هەروەها خوشکی ئەندامێکی باڵای مێک بوو وەک سەرۆکی مـێک دێتـە سـەر کـار. ڕەجـەوی خـێـزانـی دووەمی خـۆی تەڵاق دا کـە کـچی ئەبولحەسەن بەنی سەدری سەرۆکی پێشووی ئێران و هاوپەیمانی ڕەجەوی بوو و رای گەیاند مێرەم لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە و شوو بەو دەکات. ئەم کـردەوانە ئامـاژەیان بـە "شـۆڕشـێکی ئایدیۆلۆجی"ی نوێ دەدا. ڕەجـەوی و خێزانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد شۆڕشە نوێیەکەیان بۆ بەرجەستەکردنی

یەکسانیی ژنانە، بیرۆکەیەک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەمەترسیداری دەزانی[٣٣]. هەرچەندە مێک لە ڕاستیدا ژنانی گەیاندە پۆستەکانی سەرکردایەتی کە ئەمەش نەریتێکی کۆمەڵگەی ئێرانی پێچەوانە کردەوە، بەهاوسەرکاری و دوابەدوایدا فرەوانترکردنی رۆلی مەسعوود رەجەوی وەک سەرکردە نیشانەی دەستپێکی گۆڕانێکی پلانڕێژ بوو بۆ تاقمێکی ناسراو. گۆڕانە سەرەتاییەکان خوێندنی زۆرەکییانە و سەپاندنی ژیانی بەکۆمەڵ لە کۆمەڵگەکاندا و چاودێریی ئەندامانی دوورخراوەی گرووپەکەی لە ئەوروپادا لەخۆ دەگرت. ئامانجێکی لاوەکی پالاوتنی ئەندامانی کەمتر دڵسۆز بوو. مەبەست لەم کردەوەیە دابڕاندنی ڕێکخراوە ئێرانییە بەرهەڵستکارەکانی هاوپەیمان نەبوو، بەڵام لە ئەنجامیدا ئەوە ڕووی دا. پاش ئەوەی مێک لە ١٩٨٦دا بۆ عێراقی گواستەوە، رەجەوییەکان سوپای نەتەوەیی رزگاریکەرییان دامەزراند کە نێزیکەی سەرجەم کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراقی لەخۆ دەگرت و پێکهاتە چەکدارییەکەیان بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا. پاش نسکۆی ئۆپەراسیۆنی رووناکیی ئەبەدی، رەجەوییەکان زنجیرە گۆڕانکارییەکیان لە سیاسەتدا کرد کە درێژەی بەگۆڕینی ڕێکخراوە بەردەوام داخراوەتربووەکە بۆ تاقمێک دەدا. مەسعوود رەجەوی هەرچەندە بەدەگمەن دانی بە شکانێکی تەواو دەنا، لە گوتارەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە لەبەرئەوەی ئەندامانی ئاساییی مێک بەپێی پێویست خۆیان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەخت نەکردووە، کردەوەکە ئامانجەکانی نەپێکاوە، چونکە ئەندامان هۆشیان لەلای حەزە سێکسییەکانی سەرچاوەگرتوو لە ژیان بردنەسەر لەناو کۆمەڵگە تێکەڵەکانی قوتابیانەوە بووە. لە پێناو جێبەجێکردنی بنەمایەکی "سوپایی"ی نوێ، ئەندامانی ئاساییی مێک فەرمانیان پێ درا نەک تەنیا بۆ کۆمەڵگەی تایبەت بە یەک ڕەگەز بگوازنەوە، بگرە هاوسەرانیشیان تەڵاق بدەن و بەتەواوەتی سەڵت بمێننەوە و تەنانەت پێوەندییان لەگەڵ دۆست و خێزانیان بپچڕێنن هەم لەناو کۆمەڵگەکانی مێک و هەم لە دەرەوەیاندا. خۆشەویستی بۆ رەجەوییەکان دەبووایە شوێنی خۆشەویستی بۆ هاوسەر و

خێـزان بگرتایەوە. هـەروەتر رەجـەوییـەکان بە هـاوکـاریی دارایی سـەدامـەوە کـەمـپی خۆبـەڕێوبەریان دروست دەکرد کە قوتابخـانە و نۆڕینگەی پزیشکی و سـەنتـەری ڕاهێنان و گـرتـووان (کـە بـەزۆری بە "سـەنتـەرەکـانی دووبارە پەروەردەکـردنـەوە" ناو دەبردران) هـەبـوون، تاوەکـو جـەمـاوەرەکـە کـەمـتـر پێـویسـتـیـان بەپێـوەندیکردن بـە کۆمـەڵگـەی دەرەوەی دیوارەکـانی خـۆیانـەوە هـەبێت.

## پیادەکردنی تیۆری تاقمی بەسەر مێکدا

سەرکردە و لایەنگرانی مێک بەتوندی نکوڵی لەوە دەکەن گرووپەکە تاقم بێت. بەگـوتەی ئەوان ئەنـدامـانـی پێـشـووی مـێـک و ڕەخنـەگرانـی مێک یـان لەلایەن ئێـرانەوە ڕاسـپـێـردراون یان فـریو دراون. بەڵام دیمـانـەکانی کـاربەدەسـتـانی سوپایی و مـەدەنیی ئەمەریکا و ئەو زانیارییـەی ئەندامانی پێشـووی مێکی ناو کـەمـپی پەنابەرانـی ئەشـرەف بەویسـتـی خـۆیان داویانە و سـەردانی کـەمـپی ئەشرەف، ئەم نکوڵیکردنانە بەدرۆ دەخەنەوە.

تایبـەتمەندییە تاقـمییـەکانی وەسـفکراو لەم پاشکۆیەدا بەگشـتی لە ڕاپۆرتی ئەنـدامـانـی پـێـشـووی مـێک و ڕێکخـراوی چاودێریی مـافـەکـانی مـرۆڤـەوە وەرگیراون. ئـەم تایبەتمەندییانە لایەنـی کەم بەشـێـوەیەکی بەشـەکی لە ڕێگەی دیمانە لەگـەڵ کاربەدەسـتـانی هێـزی ئەشـرەف و ئەو زانیـارییـەی ئەنـدامـانی پێـشـووی مێکی ناو کـەمـپی پەنـابەرانی ئەشـرەف خۆبـەختـکەرانە دابینیـان کردووە، پشتڕاست کراونەتەوە.

## دەسەڵاتی ڕەها، سەرکردایەتیی کاریزمایی

مەسـعوود رەجـەوی خۆی و مێرەمی وەک سەرۆک و هـاوسـەرۆکی هـەمیشـەیی مێک (و بەگشتکردن هی ئێرانیش) دەسـتنیشـان کرد، هـەرچەندە ئەنجوومەنی نەتـەوەیی بـەرهـەڵسـتـکاری ئێـرانی بانـگەشـەی ئەوە دەکـات خـێـرا پاش وەرگرتنـی دەسـەڵاتی ئێـران هـەڵـبژاردن دەکات. ئـەم چمکەی سـەرکـردایەتیی

هەمیشەیی لە دروشمی "ئێران- رەجەوی و رەجەوی-ئێران"دا خۆی دەنوێنێ کە لەوەتەی مێک وەرگەڕاوەتە سەر تاقمێک بەکار دێت. دەسەڵاتی رەهای قۆرخکراو لەلایەن مەسعوود رەجەوی بەهەمان رادەوە لە ناونیشانە نافەرمییەکەی رەجەوی، ئیمامی حال (ئیمامی ئێستە) کە لەلایەن ئەندامانی مێکەوە بەکار دێت، رەنگی داوەتەوە(٣٤). تایبەتمەندیی خۆویستانەی سەرکردایەتیی مەسعوود رەجەوی هەروەها لە تامەزرۆبوونی بۆ بەراوردکردنی هاوسەرکارییەکەی لەگەڵ پەیامبەر محەمەددا روون دەبێتەوە. هەروەتر لە رێورەسمی بەئەندامانبوون لە مێکدا بۆ خۆبەختکردن بۆ رەجەوییەکان سوێند بە قورئان دەخورێت. وێنەکانی رەجەوی سەرجەم دیوارەکانی مێکیان رازاندووەتەوە، وێنەی رەجەوییەکان لەسەر لافیتە لە شەقامەکانی کەمپی ئەشرەفدا هەڵواسراون. رەخنەگرتن لە سەرکردایەتیی رەجەوی قەدەخەیە. بەگوێرەی رۆژنامەی مێک، موجاهید، ئەم خۆبەختکردنە مەزنە بۆ "تێگەیشتن و بەدەستهێنانی بەرچاوڕوونییەکی قووڵە لەبارەی گەورەیی سەرکردایەتیی نوێمان واتە مەسعوود و مێرەمەوە، بۆ ئەوەیە بڕوایان پێ بهێنین و هەروەها لە ڕاست ئەواندا ملکەچیی ئایدیۆلۆجیکی و شۆڕشگێڕانەمان بنوێنن".

بەڵام لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق مەسعوود رەجەوی بزر بوو. دیار نییە ئاخۆ زیندووە یان خۆی حەشار داوە. لافیتەکانی هاتنەوەی رەجەوی ناوەناوە لە کەمپی ئەشرەفدا دێنە دیتن، بەڵام مێرەم وەک سەرکردەی بینراوی مێک ماوەتەوە.

## داگیرکردن و دابڕاندنی ئایدیۆلۆجییانەی بەهێز

سەرکردایەتیی مێک داوا لە ئەندامانی دەکات ئایدیۆلۆجیای مێک بخوێننەوە و بەشدار بن لە دانیشتنەکانی چەسپاندنی بیروباوەڕدا کە بە تێکەڵکردنی پروپاگەندە و تاکتیکەکانی ترساندن دەناسرێنەوە. ئەندامانی گرووپەکە پێویستە هەروەها فیلمی گوتارەکانی رەجەوییەکان و گرتەی خۆپێشاندانە

جۆراوجۆرەکانی سەر شەقامی ئەوروپا تەماشا بکەن. مێک پرۆگرامەکانی لە وێستگە رادیۆیی و تەلەڤزیۆنییەکانی خۆیەوە دەوەشێنێ. سەرکردایەتیی مێک رێگەی بە ئەندامانی گرووپەکە داوە تەنیا گوێ لەم ئێستگانە بگرن و تەنیا راپۆرت و هەواڵنامەی ناوەخۆیی بخوێننەوە وەک (رۆژنامەی مۆجاهید) کە لەلایەن مێکەوە دەردەچێت و نووسراوە رێ پێدراوەکانی تر. سەرپێچیکاران سزا دەدرێن. بۆ کەمتر زەقبوونەوەی مێشک شۆرینەوەکە، سەرکردەکانی مێک ئەم چالاکییە سنووردانەرانە وەک دژایەتییەک بەرامبەر بەکۆماری ئیسلامیی ئێران یان وەک راهێنان لە روانگەی سوپاییدا وەسف دەکەن. میدیای سەر بە مێک باش سوودیان لەم دابرانە وەرگرتووە بۆ چەقاندنی هەستێکی ترس و گومان لەناو ئەندامانی مێکدا لەبارەی دنیای دەرەوە، بەتایبەتیش کۆماری ئیسلامیی ئێران و رژێمی ئێرانی. بڵاوکراوەکانی مێک زۆربەی جار رەخنە لەوانە دەگرن کە ناتوانن پشتیوانیی راستەقینەی خۆیان بۆ گرووپەکە دەرببڕن یان ئەوانەی واز لە گرووپەکە دێنن و بە دوژمن و ناپاک و بەکرێگیراوی ئێران ناویان دەبەن. ئەو ئەندامانەش کە حەزی خۆیان بۆ تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن و خوێندنی کتێبەکانی رێ پێ نەدراو دەربڕیوە، لەلایەن سەرکردایەتیی مێکەوە زۆربەی جار بە "پرکێشە" پۆلێن کراون. سەردانێکی کتێبخانەی کەمپی ئەشرەف ئەوە دەردەخا کتێبخانەکە بۆ کرانەوەی مێشک نییە. بەڵام لە رێگەی وێنە نووسەرە ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکانی ریزکراو لە رێڕەوە باخچەییەکەی بەرەو کتێبخانەکە درێژ دەبێتەوە، مێک هەوڵ دەدا باوەڕ بە بینەران بێنێ کە گرووپەکە هانی ئازادیی بیرکردنەوە دەدا.

## کۆنترۆڵی سێکسی

وەک بەشێکی "شۆڕشی ئایدیۆلۆجی" رەجەوییەکان تەڵاقدان و سەڵتییان سەپاند. بەگوێرەی تەڵاقدانی زۆرەکییانە پێویست بوو جووتەکان ئەنگوستیلەی زەماوەندییان لە جامێکدا دابنێن و دەستبەرداری

خۆشەویستیی یەکتری بن (یاساکان هاوسەرکاریی رەچەویی نەدەگرتەوە، بەڵام سەرکردەکانی مێکیش ناچار نەبوون سەڵت بن). مێک نکووڵی لەوە دەکات و دەڵێت ئەم کردەوانە لەخۆوە و ئارەزوومەندانە بوونە و "راستییەکە ئەوەیە موجاهیدین لە هەرێمی وڵاتێکدا دەژیت کە ... ژیانی خێزانی ئەستەم بووە" و هەر ئەندامێکی مێک بەجیا و بێ زۆرەملێ بڕیاری داوە "دەسبەرداری ژیانی خێزانی" بێت. ئەم نکووڵیکردنە باوەڕ پێ نەکراوە بەتایبەتیش بەرەچاوکردنی یەکجار سنووردارکردنی تێکەڵاوبوونی هەردوو رەگەز لەلایەن مێکەوە، وەک چۆن پاش ئەمە روون دەکرێتەوە. هەروەتر خێزانەکانی عێراقی پێ ناچێت هاورا بن لەگەڵ ئەم تێگەیشتنە سەبارەت بە شیمانەکانی ژیانی خێزانی تەنانەت لە ماوەی شەڕدا.

## دابڕانی هەستەکی

جگە لە دابڕاندنی جوگرافییانە و ئایدیۆلۆجیکییانە، ئەندامانی مێکی ناو عێراق بەسەختی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و هەستییەوە دابرابوون، تەنانەت لەناو کۆمەڵگە گشتییەکانیشدا. خزم و هاوسەرانی پێشوو لەناو کۆمەڵگەی جیاواز دادەنران و ڕێگەیان پێ نەدەدرا یەکتر ببینن. پێش هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر عێراق لە ١٩٩١ منداڵان دەنێردرانە ئەوروپا بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانە بەخێوکەرەکاندا بژین، ئەمەش بەڕواڵەت بۆ پاراستنیان لە هێرشی چاوەڕوانکراو بوو، هەرچەندە هەندێکیان ساڵانی دواتر گەڕانەوە عێراق. دۆستایەتیی نێزیک بە "پێوەندیی رەها" دەهاتە ژماردن، بۆیەش بەتوندی قەدەخە کرابوو. ئەندامان دەتوانن ئازادانە تەنیا لەگەڵ فەرماندەکانی یەکەی خۆیان بدوێن و بۆ هەر جۆرە پێوەندییەک بەفەرماندەکانی ترەوە پێویستییان بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە. هەواڵدەران چاودێریی گفتوگۆکانی نێوان ئەندامان دەکەن. لە زۆر باردا بەخێزانی ئەندامانی مێک لە ئێران گوترابوو خزمەکانیان یان مردوون یان کوژراون.

هەرچەندە مێک و ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانی ڕایان

گەیاندووە پشتگیری لە یەکسانیی ڕەگەزی و دانانی ژنان لە پۆستی سەرکردایەتی دەکەن، بەڵام لە کەمپەکانی مێکدا پیاو و ئافرەتان جیا کراونەتەوە. خانووەکان بەپێی ڕەگەز جیا کراونەتەوە و لەناو باڵەخانەکاندا هێڵێک بەناوەڕاستی ڕێڕەوەکاندا کێشراوە بۆ جیاکردنەوەی بەشی ژنان و پیاوان. پێوەندیکردنی ژنان و پیاوانی ژێر ئاستی سەرکردایەتی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی بەجیا قەدەخەیە. تەوقەکردن لە نێوان ڕەگەزەی پێچەوانەدا قەدەخەیە. تەنانەت بنکەی گازی کەمپی ئەشرەف ماوەی کاری ژنان و پیاوانی جیا کردووەتەوە.

## پاڵەپەستۆی سەخت و زویرکەری هاوتابوون لەگەڵ گرووپەکەدا

مێک "دانیشتنی" ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی هەیە کە تێیاندا بە زۆرەکی دان پێدانانی گشتی وەردەگررێت لە پێناو ڕەواندنەوەی هزری لادەرانە و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە گوایە هەرەس بە یەکەتیی گرووپەکە دێنێت. ئەندامانی مێک پێویستە ڕۆژانە تۆماری هزر و خەونی شەوانەیان بکەن، بەتایبەتیش مەیل و حەزە سێکسییەکانیان (کە هەڵبەتە قەدەخەن) و هەروەها تێبینییەکانیان لەسەر ئەندامانی هاوڕێیان. پێویستە دەفتەری ئەم تۆمارە بدەنە سەرپەرشتیارانیان. لە کۆبوونەوەکانی گشتیدا ئەندامان زۆربەی جار ناچار دەکرێن ڕاپۆرتەکانیان بەدەنگی بەرز بخوێننەوە و ڕەخنە لە خۆیان بگرن. ئەندامانی مێک زۆربەی جار ناچار دەکرێن دان بە هزرە سێکسییەکانیان بنێن. بارێکی یەکجار ئاڵۆزە، چونکە ئەگەر وا نەکەن، بەدرۆزن دەردەچن، چونکە ئەم هزرانە بە پێشگیرنەکراو لە قەڵەم دراون.

## ئەندامگری بەهەڵخەڵەتاندن

پێش ئەوەی مێک دوور بخرێتەوە گەورەترین گرووپی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ڕێکخراوەکە لەناو گەنج و چینی ناوەڕاستی خوێندەواردا پشتیوانییەکی بەرچاوی لێ دەکرا. لە ترۆپکی جەماوەریبوونیدا

پاش ئاگەداركردنەوەيەكی كورت توانی سەدان هەزار خۆپێشاندەر بۆ سەر شەقامەكانی شارەكانی سەرانسەری ئێران ڕابكێشێت. ئەندامانی داهاتوو پەلكێشی ئەركی مێك، ئایدیۆلۆجییە ماركسی ئیسلامییەكەی و هەلی نیشتەجێبوون لە نشینگەكانی خوێندنی تێكەڵاو و سوودمەندبوون لە گفتگۆیەكانی سۆشیال بوون. بەڵام توانستی مێك لە ئەندامگری بەهۆی مامەڵەی بێ بەزەییانەی كۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە ئەندامانی مێك و دەرچوونی گرووپەكە لە ئێران یەكەم جار بۆ فرەنسا و دواتر بۆ عێراق و هاوپەیمانیەتیی مێك لەگەڵ سەدامی هەڵاسێنی شەڕی كاولكاریی ئێران و عێراق، یەكجار دابەزی.

لە ١٩٨٧ نێزیكەی ٧٠٠٠ ئەندامی مێك لەناو عێراق بوون، كە ڕەنگە ٨٠٪ی ئەندامانی دوورەوڵاتی پێك هێنابا. سەركردایەتیی مێك بۆ زیاتركردنی ئەندامانی ژمارەیەك تەكنیكی هەڵخەڵەتێنانەی بۆ ئەندامگری بەرامبەر بەكۆمەڵێك گرووپی لاوەكیی ئێرانی بەكار هێنا. بەهاوكاریی حكوومەتی سەدام گیراوانی ئێرانیی شەڕی ئێران و عێراق پێشنیازیان پێ دەدرا لە نێوان چوون بۆ كەمپەكانی زیندانی عێراقی و چوونە ناو كەمپەكانی مێك كە لەوێدا شیمانەی ناردنەوەیان هەبوو، هەڵبژێرن. بۆ هێنانی ئەندامانی ڕێ تێچوو كە هێشتا لە ئێران دەژیان، مێك خێزانی ئەندامانی بە قاچاخ بۆ دەرەوەی وڵات گواستەوە بۆ چاوپێكەوتن لەگەڵ خزم و كەسیان لە كەمپەكانی ناو عێراق و پاشان ڕێگری لە گەڕانەوەیان. ئەوانی تر قوربانییانی ساختەكاری لە قاچاخی مرۆڤی بوون: مێك ئامادەكاریی كرد بۆ ئەوەی ئەو ئێرانییانە پارەیان بۆ ئاودیوبوونیان بۆ دەرەوەی ئێران دەدا، لە جیاتیی شوێنەكانی ئامانج بگوازرێنەوە بۆ كەمپەكانی ناو عێراق. مێك هەروەها ئێرانییانی دەرەوەی وڵاتیشی دەكردە ئامانج، بۆ نموونە، پەنابەرانی كەم دەرامەت و كەسانی تێنووی خێرخوازی و خێزانی ئەندامانی مێك لە دەرەوە. زۆریان نەك بە بەڵێنی پێدانی هەلی شەڕكردن لەگەڵ ئێران، بگرە بە بەڵێنی دامەزراندنی بە مووچە وەك وەرگێڕ و یارمەتی بۆ ڕاییكردنی داواكاریی

پەنابەریەتی، گەشتی بەخۆڕایی بۆ ئەندامانی خێزانیان و هەلی کاری خۆبەخشانە لە تەندروستیی گشتی و تەنانەت هاوسەرکاریش هەڵخەڵەتێنرابوون[٣٥]. گشت "ئەندامانی تازە" بە نایاسایی هێنرابوونە عێراق و پاشان داوایان لێ کرابوو بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسێنیی خۆیان بدەنە دەست بەمەبەستی "پاراستنیان" و لە ڕاستیدا لەناو کۆمەڵگەکانی مێکدا ئاسێ بووبوون.

ئەم بەرەنجامانە ئاماژە بەوە دەدەن زۆربەی ئەو ئەندامەی مێک کە لەوەتەی ١٩٦٠ەوە هێنراونەتە ریز، خۆبەختکەری ڕاستەقینە نەبوونە و بەناچاری لە کەمپەکانی مێک لەناو عێراقدا ڕاگیراون. لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا هێزی کەمپی ئەشرەف خەمڵاندی لەناو جەماوەری مێک لە کەمپی ئەشرەفدا تەنیا ٥٪ پێش شۆڕشی ئێرانی پێوەندیی بە مێک کردبوو و ٢٥٪ یش لە کاتی شۆڕشدا. چارەکێکی تەواویان (نێزیکەی ١٥٠٠ تا ١٨٠٠ ئەندام دیلی شەڕ بوون و ٤٥٪یان پاش گواستنەوە بۆ عێراق لە ١٩٨٨دا هاتبوونە کەمپی ئەشرەف. بەم شێوەیە ڕەنگە نێزیکەی ٧٠٪ی جەماوەری مێک بەخاپاندن هێنرابێتە ریز و بەپێچەوانەی ویستیان لە کەمپی ئەشرەفدا ڕاگیرابن).

## کاری سەختی سەپێندراو و بێبەشکردن لە خەو

زۆربەی تاقمەکان سوود لە ماوەکاری دوور و درێژ و بێبەشکردن لە خەو وەردەگرن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەندامان و ڕێگری لەوەی جگە لە گرووپەکە بە هیچ شتێکی تر خۆیان پێناسە نەکەن. ئەندامانی مێک زۆربەی کات ڕۆژانە لە ١٦ تا ١٥ سەعات کار دەکەن و شەوانە چەند سەعاتێکی کەمیان بۆ خەو بۆ دیار کراوە لەگەڵ یەک سەعات بۆ سەرخەو شکاندن. بۆ درێژەدان بەم هەنگاوە سەرکردایەتیی مێک "سەرقاڵکردنی"ی بەردەوامی لە ڕێگەی بیناسازی و پرۆژەکانی جوانکارییەوە سەپاندووە و تا پرۆسەی ئازادکردنی عێراقیش ڕاهێنانی سەربازیی بەردەوامی هەبوو. ئەنجامەکان لە کەمپی ئەشرەفدا لە بەرچاون. کەمپەکە کە لەسەر بیاوان دامەزراوە شەقامی گەورە و

ڕیزه دار و درەخـــتی هەیە و بە ژمـــارەیەکی زۆر پارک و تاڤگە و هۆڵی کـۆبوونەوە و مـۆنۆمـێنت کـە زۆربەیان بۆ ڕێزلێنـان لە شـەهیـدانی مـێکن، ڕازاوەتەوە.

## ئازاردانی جەستەیی، لەگرتیگەنان و نەبوونی هەلی دەرچوون

بەگوتەی ئەندامانی پێشووی مێک زۆربەی کات ئەم تاوانانە سزایان بەدواوە بوو:

دەربڕین یان ورووژاندنی نارەزایی بەرامبەر بە ستراتیجییەتی سیاسی و سوپاییی مێک

* گوێگرتن لە وێستگەی رادیۆییی بیانی
* باسکردنی بیر و بۆچوونی سیاسیی تایبەت بەخۆ لەگەڵ ئەندامانی تردا .
* ئامادەنەبوون و کۆبوونەوە زۆرەکییەکان.
* پێوەندیی تەلەفۆنیی تایبەت.
* بەشدارنەبوون لە ڕاهێنانی سەربازی.
* ئامادەنەبوون بۆ جێبەجێکردنی "تەلاقی ئایدیۆلۆجیکی"ی زۆرەکییانە.
* هەبوونی هزری سێکسی.
* جگەرەکێشان.
* پێوەندیکردن بە دۆست و خێزان.
* داواکردنی جیابوونەوە لە مێک.

ڕاپۆرتەکـــانی نوێ ئامـــاژە بەوە دەدەن ســـزادان بەبۆنەی نارەزایی لە سیاسەتەکانی مێک لە دان پێدانانی فەرمی و زۆرەکییانە بەناپاکیی دەگرتەوە تا زیندانیکردن لە بینایەکانی تایبەت لە کەمپی ئەشرەف. ئەندامانی پێشوو باس لە دارکاری و ماوەی درێژی لەگرتیگەنانی تاکەکەسی دەکەن وەک سزای ناپاکی.

بۆ ڕێگەگرتن لە دەرچوونی ئەندامانی مێک لە کەمپەکان نێزیکەی سەرجەم

ئەندامانی هێنراوەی مێک ناچار کران بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتیی خۆیان بەدەن بە مێک بۆ "پاراستنیان". ئێستا مێک دەڵێت ئەم بەڵگەنامانە پارێزرابوون تا ئەو کاتەی بەهۆی بۆمبەکانی هاوپەیمانانەوە لەناو چوون. هەرچەندە گرووپەکە لەلایەن سەدامەوە بانگهێشتنی عێراق کرابوو و ڕێگەی بەکارهێنانی زەویی پێ درابوو، مێک هەرگیز داوای نیشتەجێبوونی یاسایی لە عێراقدا نەکرد. کاتێک ئەندامانی تازە هێنرانە ناو عێراق، یاساکانی عێراقی تایبەت بە سەردانیکردن یان کۆچکردن بە ئەنقەست ڕەچاو نەدەکران. بە هاودەستیی سەدامەوە سەرکردایەتیی مێک ئەو کاتە توانی بەبۆنەی نیشتەجێبوونی نایاساییان لە عێراقدا هەڕەشە لە ئەندامانی سەرکێش بکات، کە ئەمەش بەمانای گرتن لە گرتیگەکانی عێراق بوو بۆ ماوەی چەندان ساڵ، دوابەدواشی ناردنەوەی بۆ ئێران بوو و لەوێدا وەک ئەوەی پێیان گوترابوو، ئەندامان بەدڵنیاییەوە دەهاتنە چەوساندنەوە. بەهێنانی نایاساییانەی ئەندامانی بۆ عێراق و دواتر زەوتکردنی بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتییان، مێک توانیی ئەندامانی تازە بەتەڵەوە بکات(٣٦).

## شێوازەکانی خۆکوژی

مێک خۆکوژی بەرز دەنرخێنێ، بەڵام بەپێچەوانەی گرووپەکانی جیهادی، خۆکوژیی بۆ هێرشبردن لەوەتەی ١٩٨١ەوە بەکار نەهێناوە. بەر لە دەستبەسەربوونیان لە ٢٠٠٣دا گشت ئەندامانی مێک دەنکە (حەب)ی سیانایدیان لەو چەنتە چەرمییانەی لە دەوری گەردەنیان بەسترابووە، هەڵدەگرت. پیاوکوژانی مێک فەرمانیان پێ درابوو ئەگەر لە کاتی ئەرکێکدا گیران، سیانایدەکە قووت بدەن. گوایە مەسعوود ڕەجەوی هەموو ئەندامانی مێکی بە "شەهیدانی زیندوو" ناو بردووە. خۆسووتاندن جۆرێکی باوی خۆکوژییە لەناو مێکدا. بۆ نموونە لە ٢٠٠٣دا نزیکەی ١٠ حاڵەتی خۆسووتاندن وەک نارەزایی بەرامبەر گرتنی مێرەم ڕەجەوی لە پاریس هەبوو (کە دوو کەسیانی کوشت). مێک هەروەها شێمانەی خۆسووتاندنی وەک

چەکێک لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ هێزی ئەشرەف و لێکۆڵەوانی بەریتانی و فرەنسادا بەکار هێناوە. ئەندامانی پێشووی ئاماژە بەوە دەدەن ژمارەیەکی بچووکی ئەندامانی مێک بەهۆی ئەوەی رێگەی جیابوونەوە لە رێکخراوەکەیان پێ نەدراوە، خۆیان کوشتووە و هەروەها خۆکوژی وەک رێگەیەکی رزگاربوون بۆ ئەو ئەندامە و یاخییانەی تا مردن دارکاری کراون، بەکار هاتووە.

## نکوولیکردن لە مەیلە تاقمییەکان

مێک و لایەنگرانی نکوولی لەوە دەکەن گرووپەکە تاقمێک بووبێت و لە جیاتیی ئەوە دەڵێن مێک "رێکخراوێکی یەکجار دیموکراتە کە راپرسی و راگۆرینەوە بنەوای رێنیشاندەرین بۆ هەموو بابەتێک، تا ئەو کاتەی هاوراییەک دروست دەبێت". مێک دان بە کۆمەڵێک نەریتدا دەنێت- وەک تەلاقدان و سەڵتی- بەڵام پاساویان بۆ دێنێتەوە بەوەی بۆ کردەوەگەلی سەربازیی کاریگەر پێویستن و دەڵێت ئەندامان بەویستی خۆیان ئەم نەریتانە دەگرنە بەر.

بەڵام مێک نکوولی لە زۆر نەریتی تر دەکات کە لەلایەن ئەندامانی پێشووەوە دراوەنەتە پاڵی، وەک تەکنیکەلی بەچرو پر لە مێشک ئاخنینی بیروباوەر بۆ نموونە تەکنیکی "چاکسازیی هزری" (کە بە گشتی بەمێشک شۆرینەوە ناو دەبرێت)[٣٧] و هەروەها تەسککردنەوەی هەلی دەرچوون.

وەک ئەو هەموو رەخنەیەی ئاراستەی گرووپەکە کراوە، مێک سەرکۆنەی پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەکات بەبۆنەی وەسفکردنی گرووپەکە وەک تاقمێک. بەدڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران خوازیاری ناوزراندنی مێکە و ئەمەش پروپاگەندەی بۆ تایبەتمەندییە تاقمییەکانی مێکی بەدواوەیە. شتێکی بەجێیە ئەگەر وا دابنرێت بەشێکی تۆمەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەواوە. بەڵام ئەو راستییەی ئێران بەنیازە ناوبانگی مێک بشێوێنێ، بەو واتەیە نییە هەر هەموو رەخنەکانی لە بنەرەتدا نابەجێن. بانگەشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووەتە هۆی کەمبوونەوەی پشتیوانیی مێک لە ئێراندا. هەرچەندە ئێستا ناتوانرێت راپرسییەکی زانستی لە

ئێرانییەکان وەربگیرێ بۆ مەزەندەکردنی بۆچوونیان سەبارەت بە مێک و بەهۆی نەبوونی پێوەندییە دیپلۆماسی و کولتوورییەکانەوە، زانیاریی پێوەست بەبۆچوونی ئێرانییان یەکجار سنووردارە. بەڵگەی زارەکی ئاماژە بەوە دەدات ئاکارە تاقمییەکانی مێک بوونەتە هۆی کزبوونەوەی جەماوەریەتیی گرووپەکە لەوەتەی ١٩٨١ەوە.

بە گوتەی رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکایی ئەو ئێرانییانەی ئەو دیمانەیەی لەگەڵدا کردوون مێکیان بە تاقمی خومرە سوورەکان و لقی داوودییەکان لە واکۆ و تێگزاس چواندووە، هەمان ئەم بەراوردانەی کاربەدەستانی ئێستا و پێشووی کەمپی ئەشرەف کردوویانە. هەڵبەتە وەک پێشتر تێبینی کرا بڕیاری مێک بۆ یەکگرتنی لەگەڵ سەدام لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بۆ کوشتنی سەربازانی ڕەشبگیرکراو لە شەڕی بێ بەزەییانەی ئێراندا و عێراق پاڵپشتیی مێکی لەناو ئێراندا یەکجار سست کرد. هەرچەندە مێک بەبەردەوامی دەڵێت هەرە کاریگەرترین گرووپی بەرهەڵستکاری ئێرانە، بەڵام لەڕاستیدا پێ دەچێت ئەم مێکەی سەردەمێک گرووپێکی بەرهەڵستکاری دیار بووە، ئێستا بەڕاستی دەتوانێ تەنیا بڵێت یەکجار دامەزراوەتر بووە و پارەیەکی باشی بۆ دابین کراوە (هەڵبەتە بەنایاسایی). ئەوەی راستی بێت، زۆربەی ئێرانییان لەو باوەڕەدان لەوەتەی مێک گواستوویەتییەوە بۆ ناو عێراق، گرووپەکە تاکە قەوارەیەکە کە زیاتر لەوەی لەناو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناپەسند بێت، لەناو جەماوەردا ناپەسندە.

## پەراوێزەکان

بەشی یەکەم

١- ئەم دەستەواژەیە لە ڕێککەوتنی چوارەمی جنێڤ بەکار هاتووە. گرتن بە دوو شێوازە: دەستبەسەرکردن، و نیشینگە دیارکردن. هاوپەیمانان زۆربەی گرتییەکانیان جگە لە مێک دەستبەسەر دەکرد.

٢- Foreign Terrorist Organization (FTO).

٣- ڕێککەوتنەکە لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ەوە کاری پێ کرا.

٤- ئەم کورتە مێژووەی لێرەدا هاتووە لە کتێبی "موجاهیدینی ئێران"ی ١٩٩٢ی ئێرڤەند ئابراهامیان وەرگیراوە کە لێکۆڵینەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەبارەی مێک لە دامەزراندنیەوە تا پێش بەکۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق .

٥- ئەم گرووپە هەم بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و هەم بە موجاهیدینی خەڵقیش ناسراوە.

٦- کەمپی ئەشرەف هەروەها بە شاری ئەشرەفیش ناسراوە.

٧- بە تێپەڕینی کات کەمپەکە پێشکەوتووتر بوو. زۆر ناویشی لێ نراوە بەڵام دوا ناوی فۆب گریزلییە.

٨- ئەم ئەندامانەی پێشووی مێک بەپێی مادەی ٤٢ی ڕێککەوتننامەی چوارەمی جنێڤ کە تایبەتە بەپاراستنی کەسانی سڤیل لە ماوەی شەڕدا، وەک گرتیی خۆویست Voluntary internees مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. بینایەی گرتیگە و پارێزگە کاتەکییەکە لە ٢٠٠٦ بە بینایەکی درێژخایەنتر گۆڕایەوە کە بەکەمپی پەنابەرانی ئەشرەف لە ٢٠٠٧ ناونرا و لە ٢٠٠٨دا داخرا و نیشتەجێکانی گوازرانەوە بۆ کوردستان.

١- شایەنی باسە زۆربەی کارمەندان و کاربەدەستانی هێزەکانی هاوپەیمان کە لە عێراق و لە وڵاتە یەکگرتووەکان دیمانەمان لەگەڵدا کردن، لەو باوەڕەدا بوون مێک لە شەڕدا بەرەوڕووی هێزەکانی هاوپەیمان نەبووەتەوە. بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوە (٢٠٠٦، لاپەڕە ٢١٣) نووسیویەتی "سەرکردایەتیی مێک فەرمانی بە ئەندامانی دا لەگەڵ دەست پێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە دژی هێزەکانی هاوپەیمان نەوەستن". ئەگەر مێژووەگەلی فەرمیی سوپا ڕاست بن، سەرچاوەی ئەم بۆچوونە زاڵە، ڕەنگە زیاتر پەیامەکانی سەرکردەگەلی مێک بووبێت.

٢- هەرچەندە زاراوە نێودەوڵەتییەکە جیاوازی ناکا لە نێوان بە دیلەکانی شەڕدا، بەڵام لەلای ئەمەریکاییەکانەوە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو ئەمەریکاییی، یان هاوپەیمانانەی کە لە شەڕدا بە دیل گیراون لەگەڵ دوژمنانی بەدیلگیراو لە شەڕدا.

٣- لە مێژووی فەرمیی سوپادا بە هەڵە نووسراوە کۆکردنەوەکە لە کەمپی ئەشرەف پاش ئەوە هات کە مێک خۆی ڕادەستی سەربازانی کردەوەگەلی تایبەت کرد. مێک هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەدا و چڕکردنەوەی لە کەمپی ئەشرەف بەهۆی ئەم دووەم ڕێککەوتنەوە بوو.

٤- بەگوێرەی نەریتی ناونانی بنکەکان بەو یەکە جیاوازانەی لە کاتێکی دیاریکراودا کۆنترۆڵی بنکەکەیان بە دەستەوە بووە، شوێنەکە بە FOB (بنکەی کردەوەی ڕاستەوخۆی)، FOB Barbarian, FOB Red Lion, Spartan, ناو نراوە. ئەم توێژینەوەیە بەدوا ناوی واتە FOB Grizzly ئاماژە بە بنکەکە دەدا. هەندێک چاودێر بە هەڵە کەمپی ئەشرەف بە گرتیگەیەکی ئاسایی هاوپەیمانان وەک کەمپی Bucca و کەمپی کرۆپەر پێناسە دەکەن، بەڵام کەمپی ئەشرەف یەکێک لە بینایەکانی مێکە.

٥- پێویستە تێبینی بکرێ بڕیاردان لەبارەی پێگەی یاساییەوە، پێوەندیی بەبڕیاردان لەسەر شیمانەی گرتنی یاسایی تاکێکەوە نییە. بەپێی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ دەکرێت دیلی شەڕ دەستبەسەر بکرێ (مادەی ٢١) بەڵام

ڕێککەوتننامــەی چوارەم تەنیــا لـە هەلومــەرجی تایبــەتدا ڕێگە بـە گــرتنی هاووڵاتییـان دەدا ("ئەگەر لە پێناو ئاسایشی هێزی گرتوو یەکجار پێویست بوو" یان "لـە پێناو هـۆگـەلی ئـەمنیی ناچارەکـیــەوە") و داوا دەکـا بەردەوام چاو بە بڕیاری گرتندا (مادەی ٤٢ و ٧٨).

٦- Combined joint Task Force 7 ئـەم هـێـــزە لە ١٤ی حــــوزەیرانـی ٢٠٠٣ وەک فـەرمـاندەیی کردەوەگـەلی پرۆسـەی ئازادکـردنی عـێراق، جـێی فـەرمـاندەیی زەوینیـی هێـزەکـانی هـاوپەیمانی گـرتـەوە و لە ١٤ی ئایاری ٢٠٠٤دا شـوێنی بۆ هێزەکانی فرە نەتەوە و سوپای فرە نەتەوە لە عێراقدا چۆڵ کرد.

٧- مافـەکانی پەیماننامـەی سێیەمی جنێڤ بۆ نموونە بریتین لە پاراسـتنی جەسـتە و ســـەرفـــرازی و دابینکردنی حـــەوانـگە و خـــواردن و جلوبەرگ و چاودێریی تەندروستی. لە ڕاستیدا چونکە مێک نشینگەی دیاریکراوی لە بینایەی خۆیدا بۆ بڕابووەوە نەک لـە کـەمـپـێکی گـرتیگەدا، هەلومـەرجی ئەندامـانی باشـتـر بوو لە هەلومـەرجی دیاریکراو لـە پەیماننـامـەکـەدا. بۆ نمـوونـە بە گـوێرەی مـادەی ٢٥ دەبێت دیلی شـەڕ " لە هـەمـان ئەو هەلومـەرجە سـازگارانەدا نیشـتـەجێ بێت کە هێـزەکـانی دەسـەڵاتی گـرتنکار لە هەمـان ناوچەدا بـۆیان ڕەخسـاوە". مـێک لە بینـایەی بە ئێـرکـۆندیشن دەژیان لـە کـاتێکدا هێـزەکـانی هـاوپەیمان تا کـاتی دروستکردنی بنکەی کردەوەی ڕاستەوخۆ، لەناو خێوەتگەدا نیشتەجێ بوون.

٨- مـەبەسـت لە پلەی مـەیدانی مـەیجـەر، لیوتێنەنت کۆلۆنێل، یان کۆلۆنێلـی سـوپا، هێزی ئاسـمـانی و سـوپای زەریاییـیـە لەگەڵ لیـوتێنەنت کۆمـەندر و کـۆمـەندر و کاپتنی هێزی زەریایی و پاسـەوانانی سنوور کە لەو شـوێنانەدا بە پلەی ناوەندی ناو دەبردرێن.

٩- تەنیا وەزارەتی بەرگری یان ڕاسـپێردراوێک نـەک دەسـتەکە دەیتوانی بڕیارێکی ڕاستەقینە لەبارەی ئازادکردن و گواستنەوەوە بدا.

١٠- ئامـاژەیەک بە ئـامـانجـەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی مێک لە یاداشـتێکی دیپلۆمـاسـیی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە لەندەندا هاتووە کـە لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣ ئاراسـتـەی فەرمانگەی دەرەوە و کۆمنوێڵسی شانشـینی یەکگرتوو کـراوە. لە یاداشـتـەکـەدا هـاتووە "سـیـاسـەتی حکوومـەتی وڵاتە یـەکگرتووەکـان

بنبڕکردنی توانست و ئامانجی مێکە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و پێشگریکردنە لە ڕێکخستنەوەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی"، یاداشتەکە کە نێزێکەی دوو حەوتوو پاش ڕێککەوتننامەی چرکردنەوەکە داڕێژرا، بەهەڵە تێیدا نووسرابوو هاوپەیمانان هێشتا گیرۆدەی "پرۆسەی خۆبەدەستەوەدان"ی مێک بوون.

١١- هێزی ئەشرەف کە وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕیسواییەکەی ئەبو غرێب لە بەهاری ٢٠٠٤ هاتە دامەزراندن، ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی دەدا بە فەرماندەیی کردەوەگەلی گرتن (هێزی جێبەجێکار- ١٣٤).

١٢- پاش گەورەترین کردەوەکە ژمارەکەی لە کورتیی دا. لە درەنگانی ٢٠٠٧دا کارمەندانی هێزی ئەشرەف لەناو FOB Grizziyدا تەنیا سێ کارمەندی سەربازی و وەرگێڕەکان هەبوون.

١٣- مێک و هەودارانی ئەو بڕیارەیان خستە بەردەم وەزارەتی داد و ئێف. بی. ئای، کە چیی تر تاکەکانی مێک لەدادگە نەدرێن، چونکە وڵاتە یەککگرتووەکان گەیشتبووە ئەوەی مێک کردەوەگەلی تیرۆریستیی ئەنجام نەداوە. ئەمەش ڕاست نەبوو. وەزارەتی داد تەنیا هاووڵاتییانی ئەمەریکاییی لەدادگە دەدا.

ئاژانسەکان بڕیاریان لەسەر بنەمای ڕێوشوێنە کردەنی و یاساییەکان دا، وەک ئەوەی ئاخۆ دادگەکان دەتوانن هەموو تاکەکان لەدادگە بدەن یان بەڵگەی تەواو لە دژی هەر تاکێک هەیە یاخۆ تەرخانکردنی گرتیگەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان بۆ ڕاگرتنی ئەندامانی مێک سیاسەتێکی بەجێیە. ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی مێک گەڕێندرانەوە بۆ وڵاتە یەککگرتووەکان بۆ ئەوەی لەدادگە بدرێن یان لە لەدادگەدانی ئەندامانی مێک لەو وڵاتەدا شایەتی بدەن.

هێزی ئەشرەف لە شێمانەی لەدادگەدانی مێک بەپێی یاسای عێراقیی نەکۆڵییەوە.

١٤- سی. ئای. ئەی هەوڵێکی سەرنەکەوتووی دا لە هاندانی سەرکردەکانی مێک بۆ ئەوەی لەبارەی ئێرانەوە زانیاریی هەواڵگری بدرکێنن. هەوڵەکە هەم بێ سوود و هەم پێویست نەبوو، لەوەتەی ١٩٨١ەوە سەرکردەکانی مێک زانیاریی ناکۆکیان پێشکێش بە حکوومەتە ڕۆئاواییەکان کردبوو. هەرچەندە هێشتنەوەی مێک وەک

هێزێکی جێگرەوە لە ماوەی گۆڕانی ڕێژیمدا ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ هەندێک لە سیاسەتڕێژان و شرۆڤەکارانی ولاتە یەکگرتووەکان شتێکی بەجێ هاتبێتە بەرچاو، تێگەیشتنی پەرەسەندووی هێزەکانی فرە نەتەوەی ناو عێراق لە مێک و کردەوە و نەریتەکانی ئەم تاقمە دەری خست گرووپەکە توانستی کرداریی سنوردارە و گرینگییە هەواڵگرییەکەی جێی گومانە.

١٥- ئەندامانی پێشووی مێک بەپێی یاسای گرتنی خۆویستانەی پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ (و نەک وەک هەڕەشەی ئەمنی) لە بینایەی گرتیگە و نشینگەی کاتەکیدا نیشتەجێ کران.

١٦- بڕیارەکە هێزی یاسایی نەبوو چونکە بریمەری بەڕێوەبەری دەسەلاتی کاتەکیی هاوپەیمانان ئیمزای نەکردبوو.

١٧- پاش هەوڵێکی زۆر، هێزی ئەشرەف توانی ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی پێشووی مێک کە لەناو بینایەی گرتیگەکەدا بوون، بنێرێتەوە بۆ ئەو ولاتانەی (جگە لە عێراق یان ئێران) کە لێیان مافگەلی نیشتەجێبوونیان هەبوو.

١٨- پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ، ئەو هاوولاتییانەی بە پەیماننامەکەوە پارێزراون بە کەسانی پارێزراو ناسراون. ئەم دەستەواژەیە زۆربەی جار سەرلێشێوێنە. زۆربەی هاوولاتییان لە سەکۆی کردەوەگەلی سەربازی یان هەرێمێکی داگیرکراودا کەسانی پارێزراون، بەلام ئەو هاوولاتییانەی هاوولاتییانی دەسەلاتێکی داگیرکەرن بەم شێوەیە نین، هەرچەندە کۆمەڵێک پارێزگاریی بنەڕەتییان هەیە. بەهەمان شێوە هەموو هاوولاتییانی عێراقی کە هاوولاتییانی ولاتانی هاوپەیمان نین لەخۆوە کەسانی پارێزراون.

١٩- ڕێککەوتننامەی سێیەمی جنێڤ مادەی ٤ (أ) (٢). تەنانەت ئەمڕۆش زۆر لە کاربەدەستانی سەربازی و مەدەنیی ولاتە یەکگرتووەکان ئەو بۆچوونەیان بەسەردا زاڵە کە مێک هەرگیز لە شەڕدا بەرەو ڕووی هێزەکانی هاوپەیمان نەبووەتەوە. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت، نووسراوە فەرمییەکان ڕاست نین، بەو واتایەی نەدەبوو هیچ کام لە ئەندامانی مێک بە شەڕوان پۆلێن بکرێن.

٢٠- کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی، ٢٠٠٤ توێژەران کۆک نین لەسەر ئەوەی ئاخۆ ڕاگەیاندنێکی یاسایی وەک بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە

یەکگرتووەکان دەتوانێ کۆتا بە داگیرکاری بهێنێ یاخۆ داگیرکارییەکان تەنیا ئەو دەمە دەبڕێتەوە کە دەسەلآتی تەواو دەیداتەوە حکوومەتی ناوەخۆیی. سەرەڕای بۆچوونی سنووردانەری ئەنجوومەنی یاسایی وەزارەتی داد، لە ڕوانگەی وەزارەتی بەرگرییەوە کردەوەگەلی دژبەرانە هێشتا کۆتاییان پێ نەهاتبوو و داگیرکاری تەنانەت دەستیشی پێ نەکردبوو.

٢١- بڕیاری ١٥٤٦ی کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی ٢٠٠٤ لەگەڵ یاداشتی دەسەلآتی کاتەکیی هاوپەیمانان ژمارە ٣ی (هەموارکراو)، بەشی ١(١) (د) لە ٢٠٠٤ کە وەک یاسای عێراق پاش هەڵوەشانەوەی دەسەلآتی کاتەکیی هاوپەیمانان (بەپێی فەرمانی ژمارە ١٠٠ دەسەلآتەکە لە ٢٠٠٤) دەبوو کاری پێ بکرێ.

٢٢- پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ مادەی ٧٨. بە بەراورد، لە پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ مادەی ٢١دا هاتووە "هێزی دەستگیرکەر ڕەنگە دیلەکانی شەڕ بخاتە گرتیگەوە ".

٢٣- کەمتەرخەمی لە دابینکردنی ئەم پێداچوونەوە نەپساوە، پێشێلکارییەکی گەورەیە لە دژی پەیماننامەکە و بەگوێرەی مادەی ١٤٧ پێویستە بدرێتە دادگە، بەلآم لێرەدا نشینگەی دیاریکراو بەویستی سەرکردایەتیی گرووپەکە قبووڵ کرابوو. دیار نییە ئاخۆ هێزەکانی فرە نەتەوەی ناو عێراق ئەو دەسەلآتەیان داوە بە سەرکردایەتیی مێک کە مافگەلی بە سەربەستیی جووڵانەوەی ئەندامەکانی گرووپەکە (کە بەپێی پەیماننامەکانەوە فەراهەم کراون) لێیان بسێننەوە.

٢٤- بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە وەک هاوولآتی ناوبرابوون هەر ئەندامێکی مێک کە لە دژی هاوپەیمانان شەڕی کردبێت، لەدادگەیی دەدرا. دیلەکانی شەڕ لە لەدادگەدان بەهۆی کردەوەگەلی شەڕ (نەک تاوانی شەڕ) پارێزراون. هەڵبەتە هیچ لەدادگەدانێکی لەم جۆرە هێشتا بەڕێوە نەچووە.

٢٥- هەندێک کاربەدەستی ولآتە یەکگرتووەکان هەوڵیان دا ئەو بۆچوونانەی کە گوایە پێگەی کەسانی پارێزراو وەک لێبووردنێکە بۆ مێک ڕەت بدەنەوە، بەلآم هەوڵەکەیان ئەوەندە کاریگەر نەبوو. بۆ نموونە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕای گەیاند پۆلێنکردنی مێک "وەک کەسانی پارێزراو.... بەهیچ شێوەیەک

هەنگاوەکـانی ئێـمـە سـست ناکـاتەوە... و ئەم کـەسـانە بە بەرپرسـیـار لە کردەوەگەلێک دەزانین کە لە سروشتدا تیرۆریستین و ئەوان وەک ئەندامانی مێک ئەنجامیان داون".

بەشی سێیەم

١- بڕگەکانی تایبەتی ئەم بنەمایە لە پەیماننامەکاندا جیاوازییان هەیە و هەندێکیان جەخت لە ئەگەری چەوساندنەوە دەکەنەوە (بۆ نموونە پەیماننامەکانی جنێڤ و پەیماننامەی دژە دارکاری) و ئەوانی تر جەخت لە ترسی چەوساندنەوە دەکەنەوە (وەک پەیماننامەی پەنابەران هی ساڵی ١٩٥١). پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ لەوانی تر بەرتەسکترە، چونکە بنەمای چەوساندنەوە لە بیر و بۆچوونی سیاسی یان ئاینییدا کورت دەکاتەوە، بەڵام لەوەدا بەرفراوانە کە نەک تەنیا ڕێگە بە ناردنەوەی ئەو کەسانە نادا کە ترسێکی راستەقینەی چەوساندنەوەیان هەیە یان ئەوانەی پاساوی تەواویان هەیە بۆ ئەوەی بڕوایان پێ بکرێت ڕەنگە ئازار بدرێن، بگرە ڕێگە بە گواستنەوەی کەسی پارێزراویش نادا ئەگەر "بە هۆیەکەوە بترسێ لەوەی ئازار بدرێ"، (بەندی ٤٥). شرۆڤەکاران پێیان وایە پێویستە مەترسییەکە گەورە بێ. حکوومەتی ئەمەریکایی نەک وەک مەرجێکی یاسایی، بگرە وەک بابەتێکی تایبەت بە سیاسەت لە بنەمای نەزڤڕاندن ڕادەمێنێت- بنەمایەکە کە تەنیا بۆ تاکەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکان بەکار دێ.

٢- لەوەتەی گیرسانەوەی لە کەمپی ئەشرەفدا، مێک هەندێک جار گوتوویەتی لەناو عێراقییەکاندا جەماوەرێکی زۆری هەیە. بۆ نموونە مێک بانگەشەی بۆ یاداشتێک کرد گوایە واژووی ٥,٢ ملیۆن عێراقیی تێدایە کە پاڵپشتیی خۆیان بۆ مێک دەربڕیوە. هەروەک دەرکەوت، یاداشتەکە دەسکار بوو و واژووەکان درۆیین بوون.

٣- گـەرەنتیـی دیپلۆمـاسی وەک ئامرازێک بۆ مسۆگەرکردنی پارێزگارییەکانی نەزڤڕاندن جێی ناکۆکییە. بەگشتی گرووپەکانی مافی مرۆڤ پێیان وایە ئەم گـەرەنتیـیـانە بۆ پاراستن لە دژی چەوساندنەوە ناتەواون. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش بەگشتی پێی باشترە گەرەنتیی دیپلۆماسی و بەتایبەتی هی زارەکی نەدات.

٤- بەشێوەیکی زۆر گشتی، یاسای پەنابەریەتیی نێودەوڵەتی گرێدراوی یاسای

خۆماڵیی پەنابەریەتییە بۆ دابینکردنی ئامرازێک بۆ مسۆگەرکردنی مافگەلی نیشتەجێبوون بۆ ئەو تاکانەی لە چنگ چەوساندنەوە ڕادەکەن لەپێناو ئەوەی لە ئازاردران بپارێزرێن نەک بۆ هەلی ئابووری و پێوەندییی خزمایەتی کە هۆی باوترن بۆ کۆچکردن. کۆمیساریای باڵای پەنابەران لە داواکارانی پێگەی پەنابەریەتی دەکۆڵێتەوە تاوەکو بڕیار بدا ئاخۆ ئەوان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا دەگونجێن و ئەگەر گونجان ئاسانکارییان بۆ دەکات (بەپێچەوانەی چەوساندنەوە، بڕگەی جیاوازی یاسای پەنابەریەتی بەسەر ئەو خەڵکانەدا جێبەجێ دەبێت کە بەهۆی شەڕ و برسیەتی یان کارەساتی سروشتییەوە لە وڵاتی خۆیانا هەڵکەندراون. زۆربەی ئەم جەماوەرەش نیشتەجێ ناکرێنەوە و لە جیاتی ئەوە چاوەڕێ دەبن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان).

٥- کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٠٨ پەنابەرانی بێ دەوڵەت کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان یان دابمەزرێندرێنەوە هەندێک جار وەک "پەنابەرانی بەردەوام" دادەنرێن.

٦- هەرچەندە پەنابەران و گرتییانی خۆویست مافی ئەوەیان هەیە بە سەربەستی هاتوچۆ بکەن هێزی جێبەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف ئەم مافەی بە ئەندامانی پێشووی مێک نەدا، چونکە پێی وابوو گرووپەکە لە عێراق لە مەترسیدایە. لە بەرامبەردا کۆمەڵێک لە ئەندامان مانی دانیشتن و خواردنیان گرت و واژۆی ناڕەزاییان بەڕێ کرد. بەهەرحاڵ، هێزەکە نەیدەتوانی ڕێگە بە تاکەکان بدات بە ئارەزووی خۆیان هاتوچۆ بکەن تەنانەت ئەگەر مەترسییەکانیان قبووڵ بکردایە.

٧- ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی ئێستە و پێشووی مێک هاووڵاتینامە و مافی یاسایی نیشتەجێبوونیان هەیە لە وڵاتانی جگە لە ئێران کە تێیاندا تووشی چەوساندنەوە نابنەوە، هەرچەندە زۆربەیان بەڵگەنامەی پێویستیان بۆ دووبارە چوونەوە ناو ئەو وڵاتانە نییە. هێزی جێبەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کاری دەکرد بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئەندامانەی پێشووی مێک کە داوای ناردنەوەیان کردبوو.

٨- بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی چەوساندنەوەی مێک لەلایەن ئێرانەوە، ئەم نیگەرانییانە بێ بنەوا نەبوون، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام

کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە سپۆنسەرێکی پێشڕەوی دارکاریکردن پێناسە کردووە.

٩- لە ٢٠٠٣دا گوتەبێژێکی ئێرانی جەختی کردەوە لێبووردنەکە "سەرکردەکانی مێک" ناگرێتەوە "کە ڕاستەوخۆ بەشدار بوونە لە کردەوەگەلی تیرۆریستی و تاوان لە دژی خەڵکی ئێران". بەگوێرەی هێزی جێبەجێکاری هاوبەش - ئەشرەف لە ٢٠٠٧دا تەنیا پێنج لە سەرکردەکانی ناوبراو لە کەمپی ئەشرەف نیشتەجێ بوون.

بەشی چوارەم

١- بەرەچاوکردنی ئەوەی مێک بەبۆنەی خزمەتی بە سەدام کە هاوکاریکردنیشی بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکانی شیعە و کوردی لە ١٩٩١ دەگرتەوە، بە هێزێکی دوژمن هەژمار دەکرا، ئاشکرایە کینەی عێراقییەکان بەرامبەر بە مێک ئازادکردن یاخۆ ڕادانەوەی گرووپەکەی بۆ دەسەڵاتی عێراقی ئاڵۆز دەکرد. دەکرا ئەم ئاڵۆزییە بە ناردنەوەی مێک بۆ ئێران چارەسەر بێت، بەڵام وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەم هەڵبژاردنەی قەدەخە کردبوو. لەبەر ئەوەش پلاندانەرانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەبوایە مەزندەی ئەوەیان بکردایە کە مێک بۆ ماوەیەک دەبێتە بارگرانایی بەسەر هێزەکانی فرەنەتەوەوە.

٢- لە ساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ کۆمەڵێک سیاسەت پێشنیاز کران، بەڵام هیچیان کاریان پێ نەکرا. پێشنیازەکان بریتی بوون لە هەڵوەشاندنەوەی مێک و ناردنەوەی بۆ ئێران، پێدانی مافی نیشتەجێبوون لە عێراق و گونجاندانی مێک لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا، مسۆگەرکردنی پێگەی پەنابەری بۆ ئەندامانی مێک و دامەزراندنەوەیان لە وڵاتێکی سێیەم و بەچالاکی هاندانیان بۆ وازهێنان لە وڵاتیان (دیمانەکانی هێزی ئەشرەف و کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ و شوباتی ٢٠٠٨).

٣- عەرەبی و فارسی دوو زمانی جیان کە ئەمەش گیروگرفتی ئاشکرای بەدواوە بوو. هەرچەندەش فارسی و دەری هەردووکیان سەر بەفارسین، بەڵام مێک لە بنەڕەتدا بە فارسی دەئاخافتن. دەری لە ئەفغانستان قسەی پێ دەکرێ، بەڵام زۆربەی وەرگێڕەکان لە شێوەزاری دەریدا پاراو بوون بۆیەش وەرگێڕانەکانیان بۆ

فارسی بە شیمانەی زۆرەوە ناتەواو بوونە. وەرگێڕێک نموونەیەکی یەکجار پێکەنیناویی لەبارەی کێشەی زمان گێڕایەوە. کاتێک داوای لێ کرا بۆ کۆمەڵێک عەرەب کە سەردانی هێزی ئەشرەفیان کردبوو، وەرگێڕی بکات، ئەو بە سەربازەکانی گوتبوو فارسی دەزانێت نەک عەرەبی. لە بەرامبەردا سەربازەکان داوایان لێ کردبوو "تەرکیز" بکات (چاوپێکەوتن لەگەڵ وەرگێڕی پێشووی فارسی لە کەمپی ئەشرەف، کانوونی دووەمی ٢٠٠٨).

٤- ئاکارە تاقمییەکانی مێک بە تێروتەسەلی لە پاشکۆی "ب"ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە. بڕێک لەو زانیارییە لەم بەشەدا دووبارە بووەتەوە بەتایبەتیش لە باسی نەریتەگەلی هەڵخەڵەتێنانەی مێک لە ڕەشبگیری و ئەو ڕێگەیانەی بۆ پووچەڵکردنەوەی جیابوونەوە (هێزی ئەشرەف بە "هەڵاتن"ی ناو دەبردن) بەکاری دەهێنا ئەو دەمەی گرووپەکە لە کەمپی ئەشرەفدا دەسبەسەر بوو.

٥- دیمانە چڕوپڕەکانمان لەگەڵ کاربەدەستانی سوپا و سەربازان و هاووڵاتییانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەدەن بۆچوونی زاڵ لەبارەی کادیرە ئاساییەکانی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا ئەوەیە زۆربەیان نە تیرۆریستن و نە شەڕوان لەپێناو ئازادی، بگرە تەنیا خەڵکانێکی ئاسێ و مێشک شۆراوەن کە حەز دەکەن ئەگەر لە سەرکردایەتی جیا بکرێنەوە بگەڕێنەوە ئێران.

٦- ستافی پێشووی هێزی ئەشرەف تێبینییان کردبوو پەرژینەکانی دەوری یەکەکانی نیشتەجێبوونی مێک لە پێناو پاراستنی ئەندامان بووە لە ناوەوە نەک لە دەرەوە.

٧- گرووپەکە جێی تیمە پشکێنەرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی گرتەوە کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەرکی گەڕان بەدوای چەکی قەدەخەکراویان لە عێراق لە پێش پرۆسەی ئازادکردنی وڵاتدا پێ سپێردرابوو.

٨- زانیارییەکە لە دیمانەگەلی ئەنجامدراو لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی ئەشرەف لە ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٨ و لێکۆڵەوەیەکی راند کە لە کۆبوونەوەیەکی پێوەندیدا لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا بەشدار بووە، وەرگێراوە.

٩- ئەو فەرماندەیەی هێزی ئەشرەف لە شوباتی ٢٠٠٨دا رووداوەکەی بۆ لێکۆڵەوەیەکی راند گێڕابوویەوە. نەبوونی ڕێبازێکی روون و ئاشکرای هێزەکانی

هاوپەیمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێک هەندێک جار ناکۆکیی لەناو سەرکردایەتیی هێزی ئەشرەف و بەتالیۆنی پۆلیسی نێودەوڵەتیی ناو بنکەی گریزلیی لێ دەکەوتەوە و دەبووە هۆی ئەوەی بەئاراستەی پێچەوانە کار بکەن.

١٠- مێک ئاوەکەی بە لوولە لە رووبارێکەوە راکێشاوە و کارەبا لە کارگەی خۆیەوە بەرهەم دێنێ. فرۆشتنی ئەم خزمەتگوزارییانە- و هەروەتر کرێدانی راستەوخۆ (بە قسەی کاربەدەستانی پێشووی هێزی ئەشرەف)- بناخەی پێوەندییە هێمنەکانی مێکە لەگەڵ زۆر لە عێراقییەکانی ناوچەکەدا.

١١- هەرچەندە ئەرکەکانی پاسەوانی لە نێوان کەمپی ئەشرەف و بەغدادا زۆربەی جار دەبوونە ئامانجی یاخییان، بنکەی گریزلی و کەمپی ئەشرەف و بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی هیچ دەسرێژێکی راستەوخۆیان نەکرایە سەر. بە رەچاوکردنی ئەوەش کە ئەمانە لە پارێزگەی مەترسیداری دیالەوە هەڵکەوتوون و هەرچەندە لە ناوچەیەکی دوورن، کاربەدەستانی هێزی ئەشرەف و حکوومەتی عێراقی یەکجار گومانیان لەوەیە مێک پارە بدات بە یاخییان بۆ ئەوەی داوودەزگەکە لە هێرشەوە بپارێزن و بەم شێوەیە پاڵپشتیی مایەکی لە یاخیکاری بکەن (دیمانە لەگەڵ کاربەدەستانی پێشووی هێزی ئەشرەف، شوباتی ٢٠٠٧ هەروەها بڕوانە Khodabandeh لە ٢٠٠٨).

١٢- پێشتر تاقە کەمکردنەوەیەکی ئاشکرا لە دەستەی پاسەوانیدا رووی دا ئەو کاتەی هێزی ئەشرەف لە پرۆسەی رێگەپێدانەکەدا رۆڵێکی وەرگرت. لە یەکەمین دووساڵی چرکردنەوەکەدا، بەتالیۆنی پۆلیسی نێودەوڵەتی کە ئەرکەکەی بەجێ دەهێنا، سەروکاری لەگەڵ داواکارییەکانی مێکدا دەکرد و حەوتووانە کۆمەڵێکیانی جێبەجێ دەکرد. پاش ئەوەی زانرا هەندێک لە گەشتەکان بۆ شتی بێ کەڵک ئەنجام دەدرێن (گوایە یەکێکیان بۆ کڕینی قاتێکی دەسکردی بەدەست دووراوەوە بووە)، هێزی ئەشرەف مکوڕ بوو لەوەی بە داواکارییەکاندا بچێتەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی گەشتەکان کەم بکاتەوە.

هێزی ئەشرەف و بەتالیۆنی پۆلیسی نێودەوڵەتی راپۆرت دەدەنە قەوارەی جۆراوجۆر و نووسینگەکانیان زۆربەی کات لە بۆچوونیان بەرامبەر بە مێکدا ناڵێک بوون. تا ئەو دەمەی توانییان لەبارەی مێکەوە بگەنە هێڵێکی روونی

بەرپرسـیـارەتی، گرووپەکـەش توانی سـوود لە درزەکـانی دەسـەڵات و کۆنـترۆڵی بنکەی کـردەوەی ڕاسـتـەوخـۆ وەربگرێت. بـۆ نموونە هێـزی ئەشـرەف نەیدەزانی پاسـەوانانی پۆلیـسـی نێـودەوڵەتی ئەندامـانی مـێکی لـە دەروازەی شـاری بەغـدا دادەنا و لە مـاوەی گەشتـە شەش سـەعاتەکانیان لەناو شـارەکەدا پاسـەوانیی لێ نەدەکـردن. ئەمـە سـەرپێـچی لە فـەرمـانێک بوو کـە زیانی گـەیاندە ئامـانجی سیاسـەتی بچووککردنەوەی ئابڕوومەندانە بۆ کاڵکردنەوەی ئاماژەی مێک لەسەر ڕاداری حکومـەتی عێراقی و هـەروەتر سـتافی باڵوێزخـانەی تووشی شـەرمـەزاری کرد کاتێک ئەندامانی حکوومـەتی عێراقی هەسـتیان بە ئەندامـانی بێ پاسەوانی مـێک لە بەغـدا کرد کـە هەندێک جار سـەردانی کـاربەدەسـتـانی حکوومـەتیـان دەکرد.

١٣- پاش ئەوە هێـزی ئەشـرەف ناچار بوو تـوندوتیـژیی هـەڵقـووڵاو لە هەندێک لەم جـیـابـوونەوە سـەرەتاییـیـانـە دامـرکـێنێـتـەوە، هیـزەکـە گومـانی لەوە پـەیدا بوو سـەرکـردایەتیی مـێک هـەلەکـەی قـۆسـتـووەتەوە بۆ قـوتاربوون لـە ئەندامـانی سـەرسـەخت یان ئەوانـەی زیندانی کـرابوون. لـەبەر ئەوەش هەندێک لە یـەکـەم ئەندامـەکـانی چوونە ناو بینایەی گـرتیگە و پارێزگـەی کـاتەکی پـێ دەچوو، بە زاراوەی تاقمەکە، " دەرکراو" بن نەک "کەسانی جیابووەوە بەویستی خۆ".

بینایەی گـرتیگە و پارێزگـە کاتەکیـیـە نوێیـەکە کـە دواتر بە کـەمـپی پەنابەرانی ئەشرەف ناونرا، خێوەتی بە ئێرکۆندیشن ، بینایەی کتێبخانە و یاری و وەرزش و سـەرتاشـخـانە و خـێـوەتێکی قـاوەخـانەی هـەبوو. پەنابەران هـەم دەیانتـوانی لە کەمپەکە و هـەم لە بنکەکەی کردەوەی ڕاسـتەوخۆدا کار بکەن و بۆ کـڕین ئامێری ئاسـوودەبیی وەک تەلەڤـزیۆن و سـێـڵی سـەتەلایت و ئامـێـری یاریی ڤـیـدیۆیی بەدەست بێـنن ( لە تشرینی یەکـەمی ٢٠٠٧دا سـێـڵـەکـانی سـەتەلایت نێـزیکەی هـەمـوو خـێـوەتەکـانی نەخـشـاندبوو). دانیـشـتـوانی دەسـتـرەنگینیش تـەنانەت پاشـماوەی کـەلوپـەلی بیناسازییـان بۆ دروسـتکردنی تـەخت و مێـز و مۆبیلیـای تر بەکـار هێنابوو لە پێناو ئاوەدانتـرکردنی چادرەکانیـان. ئەوان هـەروەها هـەمـان خـواردنی سـەربازانیـان دەخوارد کـە ئێسـتـا لە خواردنگەیەکـەوە دێت نەک ئەوەی خواردنی ئامادەکراو بێت.

١٥- بەڵگەیەک بۆئەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراق لە هاندانی جیابوونەوەکان کەمتەرخەم بوون ئەوەیە پاش ئەوەی دانیشتوانی بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی پێگەی پەنابەرییان لەلایەن کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانەوە وەرگرت و نەیانتوانی لە وڵاتی سێیەمدا بگیرسێنەوە، هیچ رێگەیەک نەما بۆ پەلکێشکردنی خەڵک بۆ ناو بینایەکە. ئەم تێڕژانەی جیابووەوەکانی مێک هەرچەندە سنوورداریش بوو‌بێت، پاساوی هێزەکانی فرەنەتەوەی نەسەلمێن دەکرد. هەروەتر، هێزی ئەشرەف ناچار نەبوو پەنابەران لە گرتیگە بنێ. لەوەش زیاتر، مێک لەوە تێ گەیشتبوو مەیلێکی بەردەوام بۆ جیابوونەوە هەیە، لەبەر ئەوەش بەردەوام داوای وایەری کۆنسێرتینای دەکرد تاوەکو بەربەستی جەستەیی دروست بکات و پاسەوانیی شەوانەی لە دژی هەڵاتووان چڕتر بکاتەوە.

١٦- مێک و هەوادارانی دەڵێن گەشتی پاسەوانی و پەرژین و باریکەڕێ و وایەری کۆنسێرتینا ڕەنگدانەوەی سروشتی سەربازییانەی کەمپی ئەشرەفن و لە پێناو پاراستنی مێکن لە دژی هێرشی هێزەکانی عێراقی یان ئێرانی و بۆ ڕێگەگرتن لە جیابووەوەکان نییە. ئەم گوتەیە ناکۆکە لەگەڵ ئەو زانیارییەی جیابووەوە هەرە تازەکانی ناو کەمپی پەنابەرانی ئەشرەف داویانە و هەروەها لەگەڵ شوێنی ئەو بەربەستە جەستەیییانەی مێک لە پاش ئایاری ٢٠٠٣ەوە لەناو کەمپی ئەشرەفدا قووتی کردوونەتەوە.

١٧- هێزە شکاوەکان، بەلەخۆگرتنی میلیشیای وەک مێک، زۆربەی کات پێویستیان بەجۆرە دەستبەسەربوون یان سنووردارکردنی ئازادیی هاتوچۆ بۆ ماوەیەک لە کاتی پێکدادانی راستەقینەدا هەیە. هەندێک میلیشیا رەنگە بۆ نەزڤراندن کێشەگەلێکی ئاڵۆزیان هەبێت کە هەلەکانی ئازادکردن بەرتەسک دەکاتەوە، وەک ئەم حاڵەتەی ئێرە.

١٨- ئەوەی لەگەڵ ئەم کێشانەدا ئاوێتە بووبوو نەبوونی وەرگێڕی لێهاتووی فارسی بوو کە جگە لە جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی وەرگێڕان، بێ شک دەیتوانی تێبینیی بەنرخ سەبارەت بەجیاوازییە کولتوورییەکان دابین بکات کە لەو کاتانەدا زۆر بەکێشە بوون.

١٩- ئەم پاشکۆیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کتێبی (Abrahamian) 1992 وەرگیراوە،

کە لێکۆڵینەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەبارەی مێک لە دامەزراندنیەوە تا ڕێک پێش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق.

٢٠- دوو جۆرە ناوی جێگرەوەش زۆر بەکار دێن: موجاهیدینی خەڵق MKO و موجاهیدینی خەڵقی ئێران PMOI. هەروەها کۆمەڵێک ڕێنووسی بەئینگلیزیکراوەی وشەی موجاهیدین و ناوی موجاهیدینی خەڵق هەن.

٢١- لەڕاستیدا زۆربەی سەرانی مێک لە دواییدا لەدار دران.

٢٢- بە گوتەی مێک ئەم ئەمەریکاییانە لەلایەن گرووپێکی دەرهاوێشتەی مێکەوە کوژراون، گرووپێک کە ئیسلامیان رەت کردووەتەوە و لە سەرەتای ١٩٧٥ەوە لە مێک دابڕاون. مێک هەروەها دەڵێت هێزەکانی ئاسایشی شا کەسانی تاوانباریان گرتووە و لەداریان داون (Slavin، ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٦٨ و Abrahamian ١٩٩٢ لاپەڕە ١٦٣).

٢٣- مێک دەڵێت کاتێک لە فەرەنسا دەرکرا، جگە لە گواستنەوە بۆ عێراق چارەیەکی تری نەبوو. بەڵام فەرەنسا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە سەرکردەکانی مێکی لە ١٩٨٦ دەرکرد و ١٤ی تریشی لە ١٩٨٧ بۆ گۆبان ناردەوە (Ibrahim، ١٩٨٧). ئەوانەش نێزیکەی هەموویان ڕێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە بۆ فەرەنسا یان ئیسپانیا پاش ئەوەی مێک دەستی بەکۆمەڵێک مانگرتنی گەورە کرد بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە بەردەم باڵوێزخانەکانی فەرەنسا لە سەرانسەری ئەورووپا و بە خۆسووتاندن هەڕەشەی کرد. پاساوی سەرکردایەتیی مێک بۆ گواستنەوەی بۆ عێراق ئەوەیە کە گرووپەکە ئەو کاتە سەرکەوتووانە "زیانەکان"ی ڕێژیمی تارانی بۆ ڕۆئاوا روون کردبووەوە.

٢٤- گەورەترینی ئەو کەمپانە کەمپی ئەشرەف بوو لەناو پارێزگای دیالە کە نێزیکەی ٢٠ میل لە سنووری ئێرانەوە دوورە. کەمپەکە بەناوی یەکەم خێزانی مەسعوود، ئەشرەف رەبیع کراوەتەوە کە لە ١٩٨١دا لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە تاران کوژرا (Waldman، ١٩٩٤).

٢٥- Waldman, 1994 و Taheri, 2008. بەگوتەی مێک لەماوەی ئۆپەراسیۆنی رووناکیی ئەبەدیدا سوپای رزگاریکەر " ٥٥٠٠٠ کەسیان لە "هێزەکانی خومەینی" کردە قوربانی و نێزیکەی ١٢٠٠ "شەهید"ی خۆشیان یان بزر بوون

یانیش کوژران (Salavi، ۲۰۰۱، Shahri، ۱۹۹۷).

٢٦- ئەمەش هەڵبەتە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ویستی حکومەتی عێراقی بۆ دەرکردنی مێک.

٢٧- بەگوتەی مێک ناولێنانی گرووپەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانی تەنیا هەوڵێک بووە بۆ گەیشتن بەسەرۆکی ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، محەمەد خاتەمی. راستە مێک لەسەر هیچ کام لە لیستەکانی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک لیستی تیرۆریستە جیهانییە بەتایبەتی ناونراوەکانی وەزارەتی گەنجینە، کە لە پێش لیستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی بیانیدا هەبوون، وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نەنووسرابوو. بەڵام گرووپەکە لەناو یەکەمین ڕێکخراوەکاندا بوو کە وەک ڕێکخراوی تیرۆریستیی بیانی پێناسە کران کاتێک لیستەکە داهێنرا و ناوی مێک خرایە سەر ناوی تەواوی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکانی تری سەر لیستی وەزارەتی گەنجینە لە ۲۰۰۱.

٢٨- مێک لەسەر لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە چونکە ئەو لیستە تەنیا تایبەتە بە گرووپەکانی دەستوپێوەندی ئەلقاعیدە یان تاڵیبان.

٢٩- پاش ئەوەی وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ۲۰۰۳دا لقی ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانیی وەک پێکهاتەیەکی مێک بە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان زیاد کرد، مێک لە هەوڵەکانی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەردەوام بوو، ئەمەش بەدامەزراندنی گرووپی لۆبیکاریی لەڕووی تەکنیکییەوە بێ لایەن، وەک کۆمیتەی سیاسەتی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکان و دۆستانی ئێران لە ئەوروپا و هەروەها بە ناڕاستەوخۆیی دابینکردنی پارە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی گوایە "سەربەخۆ"ن و لەلایەن دامەزراوەی وەک دی ئێڵ پی پیپەر و هەڵبژاردنە ئەمنییە جیهانییەکان و هەروەها بە بانگەشەکردن بۆ چالاکییە بنەڕەتییەکانی (بانگەوازی ساختە بۆ چالاکییەکان).

٣٠- لە تشرینی دووەمی ۲۰۰۲دا ۱۵۰ ئەندام پەرلەمانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نامەیەکدا داوایان کرد ناوی مێک لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان بسڕێتەوە. بەڵام بۆب نێیی پەرلەمانتاری پێشوو، کە پێشتر پشتگریی لە مێک دەکرد و ئەوانی تر کە بە ڕژدی کاریان دەکرد بۆ وەڵامدانەوەی پەیامەکانی لە

ڕێگەی ئەو نامەیەی کە زۆریان ئیمزایان کردووە، داوایان کردووە ناویان لە نامەکە بسڕێتەوە.

٣١- مێک دەڵێت زانیارییەکە لەسەر بنەوای هەواڵگریی خۆیەوە بووە، بەڵام ئەمە جێی گومانە. پێشنیازەکان لەبارەی سەرچاوەی ڕاستەقینەوە ئەو دەگەیەنن وڵاتە یەکگرتووەکان زانیارییەکەی لە ئیسرائیل وەرگرتووە و بۆ مێکی ڕێک خستووە بەناوی خۆیەوە پێشکێشی بکات. تیۆرێکی تر ئەوەیە ئیسرائیل زانیارییەکەی داوە بە مێک پاش ئەوەی کوڕی شا ڕەتی کردووەتەوە زانیارییەکە بڵاو بکاتەوە. بڕیاری شانشینی یەکگرتوو لەسەر زانیاریی واقیعیی ناتەواوەوە درابوو. گوایە نە کۆمیسیۆنی دادگەی ڕێکخراوە نایاساییەکان و نە دادگەش کە بڕیارەکەیان پەسند کرد لە داواکارییەکانی بەردەوامی مێک لە هێزی ئەشرەف بۆ گەڕاندنەوەی چەکی گرووپەکە ئاگەدار نەبوون.

٣٢- وشەی بەرامبەر لە زمانی ئینگلیزی cultic ە کە بەمانای ڕێبازێکی هزری یان ئاینێک دێت (وەرگێڕ).

٣٣- شتێکی مەجازییە کە مێرەم ناوی خێزانیی هاوسەری نوێی لە خۆی نا چونکە ئەمە نەریتێکی ڕۆئاواییە نەک ئێرانی.

٣٤- نازناوی ئیمامی حال نێزیکە لە ئیمامی زمان کە بەمانای ئیمامی سەردەمە و ناوێکە شیعەکان بۆ ئاماژەدان بە ڕزگارکەری پیرۆزی نادیاری بەکار دێنن (Abrahamian، ١٩٩١، لاپەڕە ٢٦٠). کاتێک مەسعوود ڕەجەوی هاوسەریەتیی خۆی و مێرەم ئازۆدانلوی ڕاگەیاند، گوتی پەیامبەر محەمەد بەمەبەستەوە دژایەتییەکی هاوشێوەی ورووژاندبوو کاتێک خێزانی تازە تەڵاقداوەکەی کوڕێکی بەخێوکردووی خۆی هێنا (Abrahamian، ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٥٢). هەڵبەتە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی داوە دزە بکاتە ناو مێک و هەندێک لە ئەندامانی پێشووی مێک ڕەنگە بۆ ئێران کار بکەن.

٣٥- بۆ نموونە هەڵسووڕاوانی مێک لە ئێرانییانی داواکاری پەنابەریەتی لە کاتی دەرچوونیان لە باڵوێزخانەکان لە وڵاتانی وەک تورکیا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دەچوونە پێش، بێ ئەوەی لایەنگرییان بۆ مێک ئاشکرا بکەن، هەڵسووڕاوان پێشنیازیان دەکرد لە داواکاری بۆ وەرگرتنی پەنابەریەتی لە

وڵاتانی ئەوروپایی یارمەتییان بدەن. لەم بارانەدا، تاکەکان بۆ پێوەندیکردن ژمارە تەلەفۆنێکیان پێ دەدرا کە زیاتر ژمارەی یەکێک لە نوێنەرانی مێک بوو کە دەبووایە باوەڕ بە "ئەندامی تازە" بهێنت لە چەند مانگێکدا پەنابەریەتی وەردەگرێت و لەو ماوەیەدا لە عێراق بەخۆڕایی ژوور و خواردنی لەگەڵ خەڵکانی دۆستانە و هەندێک جاریش کارێک و هەروەتر هاوسەرێکی بۆ دەستەبەر دەکرێت.

٣٦- رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ لە ٢٠٠٥ ئەم نەریتانە بەوردەکارییەوە وەسف دەکات. مێک نکوولّی لەم نەریتانە دەکات لە راپۆرتێکی رەتدانەوەییدا کە لەلایەن گرووپێکی لایەنگریەوە بەناوی دۆستانی ئێرانێکی ئازادەوە دەرچووە. بەڵام ئەندامانی پێشووی مێکی ناو کەمپی پەنابەرانی ئەشرەف دۆزینەوەکانی رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ پشتراست دەکەنەوە. وەک لە بەشی چوارەمدا باس کرا مێک کەمێک سیاسەتی دەرچوونی خۆی لەوەتەی چڕبوونەوەی لە کەمپی ئەشرەفدا گۆڕیوە.

٣٧- دەستەواژەی چاکسازیی هزری و مێشک شۆرینەوە برێتین لە پرۆسەیەکی دەروونی بۆ وەرگەڕاندنی شێوازی بیرکردنەوەی کەسێک بەرامبەر بە ورووژێنەرێکی تایبەتەوە. نەبوونی پێوەندیی کراوە بووەتە هۆی تێگەیشتنێکی ناتەواو لەبارەی ئێران نەک تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکان بگرە لە زۆربەی وڵاتانی رۆئاواییی تریش. لە پێناو کارئاسانی بۆ ئاراستەکردنی ئەم کێشە لە ٢٠٠٩دا راند Understanding Iran (تێگەیشتن لە ئێران) (Green, Wehrey and Wolf، لە ٢٠٠٩)ی بڵاو کردەوە کە کتێبێکی ورد و بەردەستە لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەشێوەیەکی سەرەکێش بۆ سیاستڕێژانی وڵاتە یەکگرتووەکان. وەک یارمەتییەک بۆ تێگەیشتن لە ئێرانی ئەمڕۆکە، کتێبەکە شرۆڤەکانی بەردەستی لەبارەی کۆمارەوە گەڵاڵە کردووە و لە هەمووی گرینگتر، بۆچوونی ئەو شارەزایە نائەمەریکاییانەی وەرگرتووە کە دەتوانن لێنزی جیاوازی لێکدانەوەیی بۆ دیتنی سیستەمی بەرواڵەت لێڵی ئێرانی پێشکێش بکەن.

## پێڕست


بەشی یەکەم: موجاهیدینی خەڵق: گرێکوێرەی سیاسەتی ئەمەریکا ........................ 5
مێک لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا ........................................................ 8
باری ئاڵۆزیی کەمپی ئەشرەف ........................................................................... 10
بەشی دووەم: مێک لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا ........................................ 12
ئاگربەستی مێک نەک خۆبەدەستەوەدانی ............................................................ 13
چڕکردنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا ............................................................... 15
یەکەمین ئەرکەکانی ناو کەمپی ئەشرەف ............................................................. 16
دیاریکردنی پێگەی یاسایی مێک .......................................................................... 16
بڕیاری ئەنجومەنی دەسەڵاتی عێراقی بۆ دەرکردنی مێک لە عێراق ............... 21
مێک وەک کەسانی پارێزراو .................................................................................. 21
بەشی سێیەم: ڕێگەچارەکانی نیشتەجێکردنەوەی مێک ............................................ 27
یەکەم ڕێگەچارە: دامەزراندنەوەی مێک لە عێراقدا ................................................ 28
دووەم ڕێگەچارە: نیشتەجێکردنەوەی مێک لە وڵاتێکی سێیەمدا ........................ 29
دامەزراندنەوەی ئەندامانی ئێستای مێک ................................................................ 29
نیشتەجێکردنەوەی ئەندامانی پێشووی مێک ........................................................... 31
ڕێگەچارەی سێیەم: ناردنەوەی مێک بۆ ئێران ...................................................... 32
بەشی چوارەم: ململانێی چاوەڕوان نەکراو و بەرەنجامی نەویستراو و... .................. 36
پلان دانەرانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق پێناسەیەکی وردیان ........................ 37
هێزەکانی هاوپەیمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوورێکی ... ................................ 38
مێک وەک تاقم ...................................................................................................... 39
مێک وێنەی باڵادەستێک لە بەکارهێنانی رای گشتیدا ......................................... 41
مێک وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە ........................... 42
هێزەکانی هاوپەیمان ڕۆڵێکی زاڵیان لەناو کەمپی ئەشرەفدا نەگێڕا .................. 44

مێک ئازادییەکی بەرچاوی بۆ هاتوچۆکردن پێ درابوو ........................................ 44
کەمیی هێزی مرۆیی کێشەیەکی بەردەوامی هاوپەیمانان بوو ............................. 45
مێک ڕێگەی پێ درا فەرمانگەی پێوەندییەکانی دابمەزرێنێ و... ........................... 46
هاوپەیمانان بەشێوەیەکی کاریگەر ئەندامانی مێکیان بۆ جیابوونەوە... ............ 47
لە کۆتاییدا تاکە سیاسەتی هاوپەیمانان بەرامبەر بە مێک پێوەرێکی... ......... 48
پەندەیلی وەرگیراو لە ئەزموونی مێک چین؟ ............................................................ 51
ئەنجام و ڕاسپاردەکان ........................................................................................... 52
پاشکۆی ئەلف: کورتە مێژوویێک لەبارەی مێکەوە پێش پرۆسەی... ............................. 58
ژیانی دوورەوڵات لە فرەنسا: ١٩٨١–١٩٨٦ ............................................................. 62
ڕاگواستن بۆ عێراق لە پێناوی شەڕ بۆ سەدام ١٩٨٦–١٩٨٨ ............................. 64
ژیانی دوورەوڵات لە عێراق: ١٩٨٨– ٢٠٠٣ ............................................................. 66
پاشکۆی بێ: ئاکارە تاقمییەکانی(٣٢) مێک ................................................................ 72
گۆڕانی مێک لە ڕێکخراوێکی جەماوەرییەوە بۆ تاقمێکی دوورخراوە ............... 72
پیادەکردنی تیۆری تاقمی بەسەر مێکدا ................................................................... 74
دەسەڵاتی رەها، سەرکردایەتیی کاریزمایی ............................................................ 74
داگیرکردن و دابڕاندنی ئایدیۆلۆجییانەی بەهێز .................................................... 75
کۆنترۆڵی سێکسی ................................................................................................ 76
دابڕانی هەستەکی .................................................................................................. 77
پاڵەپەستۆی سەخت و زویرکەری هاوتابوون لەگەڵ گرووپەکەدا ........................... 78
ئەندامگری بەهەڵخەڵەتاندن .................................................................................. 78
کاری سەختی سەپێندراو و بێبەشکردن لە خەو .................................................... 80
ئازاردانی جەستەیی، لەگرتیگەنان و نەبوونی هەلی دەرچوون ........................... 81
شێوازەکانی خۆکوژی ............................................................................................. 82
نکووڵیکردن لە مەیلە تاقمییەکان .......................................................................... 83
پەراوێزەکان ........................................................................................................... 85